میدیاکان بە ئادیەک زیادی کردووە کە خۆ لە دوور خستنەوەیان نزیکە لە مەحاڵەوە؛ تەنانەت ئەوانەی پشتر لە کولتوری باو دوور بوون چ دانیشتوانی گوندنشین لەلایەک و ئەوانەی ڕۆشنبیریەکی ئاست بەرزیان هەبوو (وەک یەک) کاریگەرییان لەسەر.(Adorno 1991: 160) ئادرنۆ ووتی دەکاتەوە کە بۆچی میدیا کاریگەری سیحری ئاکۆشانی بە هەموو کەسێکەوە یەکە و دەڵێت کە لەناو بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا بە نموونە: هەندێک چوارچێوەی ئاماژەدان هەن، هەر ئەم چوارچێوەی ئاماژەپێدانانەن کە چێشنە پێوەندیدارە تایبەتییەکان بە بینەر بەرهەم دەهێنن، ئەو ئەمانە بە (کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە-دەروونییەکان) ناودەبات(Adorno 1991: 158) کە ئەم جۆرە کاریگەرییانە دەتوانن کاریگەری زیانبەخشیان لەسەر کۆمەڵگا هەبێت چونکە ڕەنگە مرۆڤەکان نەک تەنها تێوانینەکی ئاستەقینە بە واقیع لەدەست بدەن، بەڵکو لە کۆتاییدا ڕەنگە هەر توانایان بە ئەزموونی ژیان بەهەی لەچاوکردنی بەردەوامی چاویلکەی شین و پەمەییەوە مات بێت.(Adorno 1991: 171) بە ونکردنی ئەوەی کە چی ئاستەقینەیە و چ ساختەیە. سەرەڕای ئەوەش، ئادرنۆ پێی وایە کە تەلەفزیۆن فەرمی هونەری خۆی لەدەستداوە و ئێستا گرنگی بە ژمارەی بینەران دەدات بە پێچەوانەی کوالیتی بەرنامەکان. ئەمەش بە بۆچوونی ئەو بووەتە هۆی سەردەمێک کە میدیا زانیاری بشکۆی (تەتەلەژیی/ هەمان بڕی) بەرهەم دەهێنێت(Adorno 1991: 169)، بۆیە بینەران هەست دەکەن کە پشتر ئەو بەرهەمیان بینیوە، یان لانیکەم پشتر هەمان فەرمیان ئەزموون کردووە.

پیشەسازی کولتووری

بەدیدی ئادرنۆ سیستەمی سەرمایەداری لە ڕۆگەی (پیشەسازی کولتووریەوە) پەیکەربەندی مرۆڤ دادەڕێژێتەوە بە تایپێک لە مرۆڤی نامۆ و پاسیف. بەدەربڕینکی دیکە؛ پیشەسازی کولتووری سوبێکت لە جۆهەری خۆی دادەماڵێت و دەیگۆڕێت بە تایپێک، کە نموونەی جێستە و ڕەحیان بگۆڕی پڕۆگرام و ئامازە تەکنیکییەکان بێت. دەتوانرێت بڵێین ئەمە نوێنەرایەتی ئەوە دەکات کە چۆن میدیا بووەتە بەرهەمی کۆمەڵگای سەرمایەداری.

بۆچوونەکانی ئادرنۆ لە بۆچوونەکانی ئاڵتسەرەوە نزیکە (ئاڵتسەر ئەمە بە ئامڕی دەوڵەتی ئایدیۆلۆژی ناودەبات) کە وایکردووە کە پەیامە ئایدیۆلۆژییەکان ئاسانتر کاریگەریان هەبێت لەسەر جەماوەر. بەڵام ئادرنۆ پێی وایە ئەمانە (پەیامی شاراوەن) لە ژێر کەنتڕۆڵی هۆشیاری دەرباز دەبن و لە مشکی بینەردا نوقم دەبن بەبێ ئەوەی ئاگاداری ووەدانی بێت؛ (پەیامی شاراوە لە کەنتڕۆڵی هۆشیاری

دڕباز دەبێت، سەیری ناکرێ). ئادۆرنۆ بە تێگەشتن لەم نامۆبوونە مرۆییە، بەهای پەیامە شاراوەکانەوە، نموونەی کاتێکانی پشووی چینی کرێکاران دەهێنێتەوە و بە تێڕوانین لە ژیانی ڕۆژانەی کرێکاران لە شارگۆڕکاندا، چەمکیکی نوێی دادەهێنێت، ئەویش (ژەهراویکردنی کاتی پشوو/ Les loisirs deviennent toxiques) ئادۆرنۆ بە قووڵی تیشک دەخاتە سەر کاتێکانی وچان و پشوو وەرگرتنی کرێکاران، بەتایبەتی کاتایی ئەواران و ڕۆژانی پشوو. بەدیدی ئادۆرنۆ سەرمایەداری مۆدێرن لە ڕێگەی پیشەسازی کولتووریی وە کاتێکانی پشوو بەو شێوەیە پڕۆگرام دەکات، کە خەی دەیەوێت. کاتێکانی پشوو لە بنەمادا بۆ پشوو وەرگرتن و پاڵدانەوە نیە، بەڵکو هەلومەرجێکە بۆ خەپڕوەدەکردن و فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوەمان، لە ڕێگەی میدیەوە بەردەستکانەوە. بۆ نموونە تەماشاکردنی پڕۆگرامێکی تەلەفیزیۆنی لەبارەی نامۆبوونی کرێکاران، فیلمێک لەبارەی ئازادییەوە، خوێندنەوەی کتێبێک لەبارەی سیاستەوە. وەلێ ئادۆرنۆ پێی وایە، کاتێکانی پشوومان لەژێر بازڕیی دوونیایی مۆدێرن و پیشەسازیدایە، کە لەناو کات و شوێندا ناتوانین خەمانی لە قوتار بکەین. بەدەربڕینێکی دیکە، پیشەسازی کولتووری بەشێکە لە کەڕەگەی سەرمایەداری مۆدێرن و ناتوانین لە کەڕەگەیی دابڕین،(سینەما، فیلمکان، ڕادیۆ، تەلەفیزیۆن، میدیا) بە ئەوە بەرهەمهاتوون هزری مرۆڤ بەو شێوازە پڕۆگرامبکرێن، کە تووشی بیربڕاوی بێت، تا کەبیریان لەسەر ئیرادەی گۆڕینی واقیعی سیاسی نەمێنێت.
لەساڵی 1954 لە وتارێکیدا، بە ناونیشانی (How to Look at Television)لەکەڵینەوەی لەبارەی لەکەوتەکانی تەلەڤیزیۆنەوە کرد و لە فۆرمە هونەرییە نوێیەکەی تەلەڤیزیۆنی کۆمیدیەوە. ئادۆرنۆ پێی وابوو، لە بنەمادا تەلەڤیزیۆن بە مەبەستی ئازادییە. هەروەها ئارگۆمێنتی لەبارەی ئەوەوە کرد، کە تەلەڤیزیۆن پێغەمبەرێکی ساختەچییە لە سەردەمی مۆدێرندا وەک خەواندنی موگناتیسی وایە بە مرۆڤایەتی. بە نموونە پڕۆگرامی هەواڵکان بریتییە لە کۆمۆکی چیرۆکی دراماتیکی و ورژێنەری سیاسی، کە هەموو گریمانەیەک لەناو دەبن بە ئەوەی بزانین لەنەو زیندانێک، ئازاد دەژین. دوونیای شاشە هەرشی ئەهریمەنی هەساریەکی دیکە نیشان دەدات. وەلێ هیچ گرنگیەک بە ژیانی واقیع نادات.
(تیۆدۆر ئادۆرنۆ و ماکس هۆرکهایمەر) لە کتێبی (دیالێکتیکی ڕۆشنگەریدا/ Dialectic of Enlightenment) پێیان وابوو، ڕۆشنگەری بزووتنەوەیەکی کولتووری بوو بە ئازادکردنی عەقڵ لە ئەفسانە و خورافیات، کەچی تەلەفیزیۆن وەک ئەهریمەنێک، هەژموونی خەی سەپاندووە، بە شێوەیەکی بونیادیی لەگەڵ ئەو باوەڕانەدا دەرگیرمان

دەکات، کە جیاوازن لە باوەڕەکانی خەمان.
لە چەمکی پیشەسازی کولتووریدا، ڕەخنە لە میدیای جەماوەری و کولتووری جەماوەری دەگرێت. بەدیدی ئادۆنۆ، میدیای جەماوەری، بەتایبەتی پێغەمبەرێکی درۆزن دەگەڵێت لە فریودانی جەماوەردا، بە ناوەڕۆکێکی خالی لە ئەندێشەی ڕەخنەیی سەرنجی جەماوەر ڕادەکێشرێت. بەڵام تابلۆ کۆشراوە بەهەشکەرەکە کە لە ڕووگەی ناوەڕۆکێکی دیزاینکراوەوە دەرخواردمان دەدرێت زەرجار بە دژە چیرۆک و ڕوانگە ڕەخنەییەکانی چاومان دەبەستێت و کۆرمان دەکات، بەوەی کە بەو شێوەیە وابەستەی خەیمان دەکات و لەگەڵیدا ئاوێتە دەبین. ئادۆنۆ دەڵێت: (سەرمایەداری هەرگیز ئەوەمان پێنافرۆشێت کە دەمانەوێت.)
بەرخۆریزم لە سەرمایەداری مەدەرندا پانتاییەکی فراوان لە پیشەسازی کەلتووریدا، داگیردەکات. پیشەسازی کولتووری پێمان دەڵێت؛ گەر پارەمان هەبێت، ئەوەی دەیخوازین، دەتوانین بەدەستی بهێنین. پێپێچەوانەوە ئادۆرنۆ پێ وایە، هیچ کات ناتوانین دەستمان بە ویستە ئاستەقینەکانمان بگات. بنەما تەلەفیزیۆن کاتێک یەکلام بە کالایەک دەکات، سەرتا بەدیمەنی پێیوەندییەکی تووندووتۆی کەمایەتی دەستپێدەکات لە یەکێک لە بەنە خزانییەکاندا، لەناکاو جەرگ کاڵا دێتە نەو دیمەنکەوە. ویستەکانی تۆ، ڕزگاربوونە لە تەنهاییەکی بەهودە، کەینی ئەوکاڵایە نە مەتیقە دەروونییەکانی تۆ خالی دەکاتەوە، نە کەمووکورتییەکانت پێ دەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر بیبیتە خاوەنی تەواوی ئەو کاڵایانە، وەلێ تۆ پێویستت بە پێیوەندییەکی کەمایەتی پتەوە، کە هیچ کات سەرمایەداری ئەوە بۆ فەراهەم ناکات.

Works Cited

Adorno, T (1991.) Culture Industry. London: Routledge
Althusser, L (1971.) Lenin and philosophy, and other essays. London: Vintage
[Online resource] http://plato.stanford.edu/entries/adorno/#3 Accessed 02/02/2015

کۆتایی مێژوو، دواهەمین مرۆڤ.. ئاراس سەعید

لە ساڵی 1989دا، بیرمەند و مێژوونووسی ئەمریکی (فرانسیس فوکویاما) وتارێکی بەناونیشانی (کۆتایی مێژوو) لە گۆڤاری (The National Interest) بڵاوکردەوە و تێدا مژدەی کۆتایی مێژووی دا. هەر ئەوکات وتارەکە مشتومڕێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا و زۆری نەخایاند گرێبەستی لەگەڵ کرا بۆ فراوانکردنی وتارەکەی کە 18 لاپەڕە بوو بۆ کتێبێک. دواتر لە ساڵی 1992 تێزەکەی لە کتێبی (کۆتایی مێژوو و دواهەمین مرۆڤ)دا بڵاوکردەوە، بەدیدی فوکویاما(کۆتایی مێژوو) مەرگی ئایدۆلۆژیاکان و کۆتایی هاتنی جەنگ و شۆڕش خوێناویەکانە. لەپێناجاکانی سەدەی بیستەمدا زۆرێک لە تیۆریستانی دەوڵەت جاری مەرگی کۆمۆنیزمی ئایدۆلۆژیەکانیان دەدا. بەومانایەی ئایدۆلۆژیاکان لەسەرەمەرگدان، بەتایبەتی پاش هەرەسهێنانی نازیزم و فاشیزم.
لەساڵی 1989 ژمارە کۆمۆنیستیەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات هەرەسیان هێنابوو، لەوکاتەدا (فوکویاما) بەنووسینی وتارێک جاری (کۆتایی مێژوو) دەدات. کۆتایی مێژوو وەک دوا قۆناغی سکاوی مێژوو، دیمۆکراسی لیبڕاڵ دەبێتە (میتا_ئایدۆلۆژی) دواهەمین مۆدێلی ڕێکخستنی سیاسی لەبەردەم ئایندەی مرۆڤایەتی بە بەدیهێنانی ئاشتی و خۆشگوزەرانی و ئازادی.
بەدەربڕینێکی دیکە؛ دیمۆکراسیی سیاسی و سیستەمی ئابووری لیبڕاڵیزم کۆتا سیستەمی دونیای ئەمڕۆ و کۆتایی مێژووە و بەندترین ئاستی ڕێکخستنی جڤاکی و کەمایەتییە، کە ناکرێت بەدیلێکی دیکەی بۆ بدۆزرێتەوە.
فوکویاما دەڵێت: پێویستە مێژوو وەک پرۆسەیەی پڕسەساندن تێشابکەین. کۆتایی مێژوو، بەو مانایەیە کە لیبڕاڵ دیموکراسی فۆرمی کۆتایی حکوومەتە بە هەموو گەلان. بەگوێرەی فوکویاما، لە دوای شۆڕشی فەرەنسییەوە، دیموکراسی لیبڕاڵ چەندین جار سەلماندوویەتی کە لە بنەڕەتدا سیستەمێکی باشترە (لە ڕووی ئەخلاقی و سیاسی و ئابووری…هتد) لە هەریەکێک لە ئەلتەرناتیفەکان و بەیەکەوە ناتوانرێت هیچ پێشکەوتنێک لەوانەوە بۆ سیستەمێکە ببێتە ئەلتەرناتیف.[Francis Fukuyama (1992). The End of History and the Last Man].

کۆتایی مێژوو، قەرز لە هیگڵ و مارکس

تێزی کۆتایی مێژوو بیرکەوەیەکی نوێی نییە و فۆکۆیاما تێزەکەی لە (هیگڵ و مارکس) قەرزکردووە. بەدیدی هەریەک لە هیگڵ و مارکس گۆشکردنی مێژووی کۆمەڵگاکان لە قۆناغێکدا کۆتایی دێت، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ کۆتایی هاتنی ململانێی نێوان دژەکان. ململانێی دژەکان ئەو بزوێنەرن هەلومەرجی مێژووی ژیانی جڤاتی و کۆمەڵگەکان دەستنیشان دەکەن. هیگڵ مێژووی وەک پرۆسەیەکی عەقڵانیی شرۆڤەکردووە کە بەهۆی دەرکەوتنی ڕۆحی جیهان (Geist) لە قۆناغەکانی دیالێکتیکیدا و بەرەوپێش دەچێت. بە هەگڵ، مێژوو بەرەوپێشچوونی هۆشیاری مرۆڤ بەرەو ئازادی. کۆتایی مێژوو قۆناغێکە کاتێک ووەدات کە کۆمەڵگاکانی مرۆڤ دەگەن بە دۆخێک کە ئازادی بە تەواوی تێدا بەدی دێت و بە شێوەیەکی ئاسایی لە دۆخی عەقڵانیدا بەرجەستە دەبێت. هیگڵ پێی وابوو کە ئەم لە سەردەمی خۆیدا بەدەست هاتووە، بەتایبەتی لە ڕۆگەی دەوڵەتی دەستووری مەدەرن. بەگوێرەی هیگڵ، تاک دەبێت لەناو نەتەوەدا بتوێتەوە وەروەستبوونی دەوڵەت نەتەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی پرووس کۆتایی مێژووە.

بیرکەی مارکس بە کۆتایی مێژوو لەسەر بیرکەی دیالێکتیکی هەگڵ بنیاتنراوە، بەڵام جۆخت لەسەر هەلومەرجی ماددی و ململانێی چینایەتی دەکات. مارکس ئەنالیزکردنی ململانێی چینایەتی بەگۆشەی مێژوو دەزانێت و لە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست دەنووسێت: مێژووی هەموو کۆمەڵگاکان تاهەنووکە مێژووی کۆمەڵگەی چینایەتییە… لەچەرخەکانی سەرەتای مێژوودا، کەم تازەر لە هەموو شوێنێک دابەشبوونی بەکۆمەڵە بەدەستەو تاقمی جەراوجەر و پلەی جەراوجەری ڕیزی کۆمەڵایەتی دەبینین، لە ڕۆمای کۆندا، پاتریسیەن هەبوون، سوارچاک هەبوون، پلەبیەن و کۆیلەش هەبوون. لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، خاوەنی مولکی فیودال، وەستاکار، شاگرد و ڕەعیەت هەبوون. کۆمەڵگەی مەدەرنیش بەرژوازی، کە لەجەرگەی فەوتانی کۆمەڵگەی فیودالییەوە سەری هەڵداوە، ناکۆکی چینایەتی لەناو نەبردووە، بەڵکو چینی تازەی کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی نوێی چەوساندنەوە و زەخت و زەر و شێوەی نوێی خەباتی هێناوەتە ناو ئەوان.[Marx and Engels: Manifesto of the Communist Part مارکس مێژووی بە ململانێی نێوان چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەزانی کە ئامانجی کۆتایی بە مارکس، کۆتایی مێژوو بە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی بە چین دیاری دەکرێت، کە چیتر چەوساندنەوە کۆتایی دێت و دەوڵەت لەناودەچێت. ئەم کۆمەڵگایە نوێنەرایەتی کۆتایی گۆشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری مرۆڤایەتی دەکات، چونکە هەموو

ناکۆکییە ماددی و ململانێ چینایەتییەکان کۆتایی دێت. بەدیدی مارکس، مرۆجی لەناوچوونی خاوەندارێتی تایبەت لەناوبردنی دووەتە. دووەت ئامرازێکە خاوەندارێتی تایبەتی دەپارێزێت. مارکس پێی وایە سەرمایەداری لە دوا قۆناغی کامڵ بوونیدا، دەبێتە سیستەمێکی ئابووری جیهانی و دووچاری هەڕەشاندنەوە دەبێتەوە، چونکە لەم سیستەمدا ناکۆکی چینایەتی دوونیاپێش هەیە، ئەنجامی ئەم دیدێش دەبێتە هەی شەشکی جیهانی. (کرێکارانی جیهان یەکبگرن.)

جاک دریدا و کۆتایی مێژوو

ناوناوبانگی هەشنبیری فۆکۆیاما و بەهەی جەماوەریی کتێبەکەی (کۆتایی مێژوو و دواهەمین مرۆڤ)ەوە بوو، کە نیشانەکانی دەڕاوکێی ئاستەوەکان بوون سەبارەت بە دۆنیابوون لە (مردنی مارکس). لە ڕوخنەی فۆکۆیامادا (جاک دریدا) دەنووسێت: لە سەردەمێکدا کە هەندێک بوێری ئەوێان هەیە بەناوی ئایدیالی دیموکراسی لیبراڵەوە کە دواجار خۆی وەک کۆتا ئایدیالی مێژووی مرۆڤایەتی بەدیهێناوە: هەرگیز تووندوتیژی، نایەکسانی، خۆفەکردن، چەوساندنەوە، برسێتیی بوونی نییە! لە کاتێکدا بەمجۆرە ستەمی ئابووری کاریگەری لەسەر زۆرێک لە مرۆڤەکان لە مێژووی زۆری و کەمەگەی مرۆڤایەتیدا هەبوو. لەبری ئەوەی لە کۆتایی مێژوودا گۆرانی هاتنی ئایدیالی لیبراڵ دیموکراسی و بازاڕی سەرمایەداری بەبینێ، لەبری ئەوەی ئاهەنگ بگێڕین بە "کۆتایی ئایدەلەژیاکان" و کۆتایی گوتارە ڕزگاریخوازە گۆڕەکان، با هەرگیز ئەم پشتگوێ نەخەین، ڕاستییەکی گەورە، کە لە شوێنە بەشومارەکانی جیهانەکەماندا کە لە ئازار پێکهاتووە: هیچ پلەیەکی پێشکەوتن ڕەگی بە مرۆڤ نادات ئەوە پشتگوێ بخات کە بە ژمارەیەکی ئیجگار زۆرها، ئەوانەش ژن و پیاو و منداڵ لەسەر زۆریی ژێردەستەکان، برسی یان قۆنکراون[...] . بەدیدی دریدا (کۆتایی مێژوو) لە بنەڕەتدا ئیسکاتەلەژیای مەسیحییە، هاوتەریبە لەگەڵ گوتاری ئێستای پاپا سەبارەت بە کەمەگەی ئەوروپا، کە فۆکۆیاما "فەڕەکی" فیکری پراکتیزە کردووە، بە بەکارهێنانی داتا ئەزموونییەکان هەرکاتێک لەگەڵ پێیامەکێدا گونجاو بێت و دەست بە بانگەوازکردن بە ئایدیاڵەکی ئەبستراکت دەکات. هەرکاتێکیش داتا ئەزموونییەکان دژایەتی تەزی کۆتایی مێژووەکەی دەکەن؛ فوکۆیاما ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا وەک یەکێیکی سیاسی ناتەواو دەبینێت، کاتێک بەراورد دەکرێت بە ئایدیاڵە جیاوازەکانی دیموکراسی لیبراڵ و بازاڕی ئازاد، بەڵام تەدەگات کە ئەم جۆرە ئەبستراکتانە (ئایدیاڵانە) بە بەڵگەی ئەزموونی نیشان نەدراون، هەرگیز ناتوانرێت دەربکەون، چونکە ئەوە ئایدیایەکی ئەبستراکتی فەلسەفی و

ئایینین کە لە ئینجیلەکانی فەلسەفەی هیگڵەوە سەرچاوەیان گرتووە و لەگڵ ئەوشدا، فۆکۆیاما هەشتا تێبینییە ئەزموونییەکان بەکاردەهێنێت بۆ سەلماندنی تێزەکەی، کە خۆی هاوڕایە کە ناتەواو و ناکامڵ، بە چەسپاندنی تێزی کۆتایی مێژووەکەی، کە تەنها وەک تێزەکەی ئەبسترەکت دەمێنێتەوە و لە پشتاستکردنەوەی شکستخواردووە[Jacques Derrida (1994). Specters of Marx: State of the Debt, the Work of Mourning and the New International].

مێژوو لە پشوو دەگێڕێتەوە

لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە سەرمایەداری لە شێوەی ئیمپریالیستانەدا باڵیکێشا بەسەر هەموو سووچێکی جیهاندا، شێوە خوێناوییەکانی ڕەژئاوا تا شێوەی ئۆکرانیا و ڕووسیا و شێوەی ئیسرائیل لەناوچەکەدا بەردەوامە. بناژەخوازی ناسیۆنالیست و ئایینی وەک دژە هێزێک بە بەاوبوونەوەی دیموکراسی لیبراڵ لە دایکبوو، لە نموونەی تایبەتی ئیسلامی تووندڕەو جیهادی و تاقمی میلیشایی.

ساموێل هەنتینگتۆن، ئەو سالی 1996 لە کتێبەکەدا بە ناوی (پێکدادانی شارستانیەتەکان) دووبارە دروستکردنەوەی نەزمی جیهانی نووسی، هەنتینگتۆن لە کتێبەکەدا ئاماژەی بەوە کردووە کە ململانێی کاتی نەوان ئایدۆلۆژیاکان بە ململانێی کۆنی نەوان شارستانیەتەکان جێگەی دەگرێتەوە.، ئەوە ئایدۆلۆژیایی شارستانییەتی زاڵە، حکومی مرۆڤەکان دەکات.

دوای هێرشەکانی ١١ی سیپتەمبەر، جارێکی دیکە کۆتایی مێژوو لەلایەن هەندێک لە بیرمەندانەوە وەک هەمای بەهێزبوونەوەی ڕۆژئاوا ئاماژەی بۆ دەکرا، بەو پێیەی کە کۆتایی هاتنی ئیمپریالیزم نوێنەرایەتی کۆتایی ململانێی گەورەی جیهانیش دەکات.

تێحەڵدانێکی دیکەی تێزی "کۆتایی مێژوو" گەشەسەندنی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی دوو وڵاتی ڕووسیا و چینە. چین حکومەتی تاک پارتی دەوڵەتی هەیە، لە کاتێکدا ڕووسیا، هەرچەندە بە فەرمی دیموکراسییە، بەڵام زۆرجار وەک خەسڵەتن و ئانۆکراسی ناودەبرێت. لە مانگی ئازاری 2022وە جیهانێک کە چین پشتگیری لە داگیرکردنی ئۆکرانیا لەلایەن ڕووسیا دەکات و ڕووسیاش پشتیوانی لە داگیرکردنی چینی بە تایوان دەکات. هەروەها داگیرکارییەکانی ئیسرائیل بە هاوکاری ئەمریکا بەردەوامە. لە جیهانێکدا کە ململانێی ئەم زلهێزانە تێدا بەردەوامە. ئایا ئەمە کۆتایی مێژووە، یان مێژووی لە پشوو گەڕاوەتەوە؟

وەک ژیژێک دەڵێت، بیرکەی فوکۆیاما کە دەڵێت ئەمە گەیشتوینە

کۆتایی مێژوو، نادروستە. ژیژەک ئاماژە بەوە دەکات کە لیبرال دیموکراسی پێویستە بە سەرمایەداریەوە؛ ئەو کێشانەی کە بەهۆی سەرکەوتنی سەرمایەداری و سیاسەتە نیولیبرالەکانەوە دروست بوون ، وەک نایەکسانی زیاتری سامان و دەستاوکێکی جەنگ مەترسیدەکانی ژینگە، لە زۆرێک لە وڵاتاندا دژکەوتن کە ئاژاوەی بەرامبەر بە حکوومەتە دیمەکراسیەکان لە کەوتوونەتەوە.

مامۆستا و فڕۆکەوان.. ئاراس سەعید

"مامۆستا دەبێت دژ بەخۆی، مەشق و ڕاهێنان بەقوتابیەکانی بکات."
فڕیدریک نیتشە

بەبۆچوونی من بەشێکی سەرەکی ئەو قەیرانانەی لە کۆی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فیکری و هۆشیاری هەر کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوودا هەن، ڕیشەکەی لە هەناوی سیستەمی پەروەردە و فێرکارییەکەیدایە. بۆتایبەتی بە کۆمەڵگەیەکی وەکوو کۆمەڵگەی کوردی کە سایکۆلۆجایەکی بندەستەی هەیە، ئەوکێشە گەورەیەی لە سیستەمی پەروەردە و فێرکارییەکەیدا هەیە، پێویندیەکی ئۆرگانی بە دنیا بینیی و سیستەمی فیکری و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کولتووری کۆمەڵگەی ئەمەوە هەیە. سیستەمی پەروەردەی کوردی سەر بە تەرزینی کولتووری ئایینی و پارتریایکییە و لەهەناوی ئەو سیستەمەشدا پێکەربەندی و پایەکانی خێی داشتووەتەوە. کولتوورەکە پێی وایە، حەقیقەتی ئەها و موقەدەسی پێیە و دژی تەفسیر و ڕەخنە و کرانەوە و نوگەریە، هەر وەکوو چۆن تابۆی ئایین هەموو تەفسیر و ڕەخنەگرتن و ڕەتکردنەوەیەکی ئەحکام و توراسی ئایینەکەیە، ئا بەوجۆرەش سیستەمی پەروەردە دژی هەموو ڕوانین و تەفسیر و ڕەخنەیەکە لە تەکست و پڕۆگرامەکانی.
لە کولتووری ئایینیدا ڕاقەکردن و تەفیسرکردن تەنها مافێکە بە مەلا و مامۆستایانی ئایینی ڕۆگەپەدراوە و هەموو بۆچوون و تەفسیرێکی دیکە، بە ئەحکامەکانی ئایینەکە لەلایەن باوەڕدارانەوە گوناه و تاوانێکی موقەدەسە. بەوجۆرەش لە سیستەمی پەروەردەدا مامۆستا و

وانەبژێکانی خاوەنی شەرعییەتی ئەکادیمین و حەقیقەتی تەهایان پێیە و مافی هاڤکردن و تەفسیرکردنی تەکست تەنها مافێکە بە ئەوان تەگەپەدراوە و تەخنەگرتن و تەفسیر و هاڤکردن و هوانین لە گەشنیگای دیکەوە بە تەکست و پەرتووک و مالزمەکان تاوانێکی موقەدەسە. لەرەوە ئیشی هەر گەورەی سیستەمی پەروەردە و فەرکاری ئەمە پوچەکردنەوەی هەر ئایدیایەک، لە دەرەوەی مەعریفەی خۆی بنواتە کەی ئەو کەشە گەورانەی لە سیستەمی سیاسی و ئابووری و کەمەایەتی و ئەخلاقی و دینی ئەمدا هەن. سیستەمی پەروەردە و خوەندنی باڵا وەکوو ماشنێکی ترسناک کاردەکات تا کەبیر و گەشنیگای هوانینی فەرخواز لە درزێکی بچوکدا قەتیس بکات، بۆئەوەی درز و شەبەق گەورەکانی سیستەم پەردەپەش بکات.
لەناو سیستەمی فەرکاری ئەمدا، پەیوەندی مامەستا و قوتابی لەچوارچەوەی پەیوەندییەکی قووەی دەسەات دایە، هاوشەوەی پەیوەندی (ئاغا و کەیلە) وەکوو ئەوەی هیگڵ ئاماژەی بە کردووە؛ "بوونی ئاغا بەندە دانپەدانانی ئەویدیکەی کەیلەوە." لە سیستەمی پەروەدەی ئیمەشدا مەرجی بوونی ئاغایەتی مامەستا بەندە بە دانپەدانانی ئەویدیکەوە وەکوو سمیبول و باوکی مەعریفە. ئەمەش پەیوەندی بەو سیستەمە باوکسالاریەوە هەیە، کە سیستەمی پەروەردە پایەکانی خۆی تەدا داەشتووەتەوە. (بەختیار عەلی) لە کتەبی (خوەنەری کوشندە)دا خوودی ئەو کەشکە دەگەەنتەوە بە ئەوەی "کە قوودسییەتی مامەستا یەکسان کراوەتەوە بە قوودسییەتی مەعریفەوە." مامەستا باوکی ئایدیا و باوکی زانین و باوکی مەعریفەیە و ئەویدیکەی گەورەیە کە دەبەت کوەنووش و سوژدەی بە بەرین. ئیشەی ئەم پەیوەندییەش لە هەناوی ئەو کولتوورە ئاینییە باوکسالارە ترسناکەوە دەت کەدەەت: گەشتی بە من و ئەسیکی بەتە. یان (من علمنی حرفا صرت لە عبدا) کە ئیشەیەکی ئایینی هەیە و فەنتازییایەکی ئەدیبییە بە کوورتکردنەوەی وەنەی جیهان بە وەنەی باوکی باش و باوکی خراپ، باوکی خەسنەر و باوکی داەدەر، مامەستای باش و مامەستای خراپ، مامەستایی خەسنەر و مامەستای میهرەبان.
دامەزراوەی پەروەدەکارانە ئاماژەیە بە ئەو شوەنە ماددیی و هەمزیانەی کە تەدا دەسەات نواندن و مومارەسەدکرەت بە ملکەچکردن و هامکردن و دەستەمکردنی سوبەکت. سیستەمی هەمزی سیستەمی ئەویدیکەی گەورەیە، کە جەگڕەوەی شتە هاستەقینەکانە بە ئەلتەرناتیفەکان. یان وەکوو ئەوەی (ژیل دەەز و فلەکس گوتاری) لە کتەبی (ئەنتی ئەدیب) کایەی زانیاریەکان بە بەشەک لە "پەکهاتی فالووسی کولتووری باەدەست پەناسەدەکەن." هەروەها فەیلەسووفی فەەنسی (ژاک هانسیەر) سیستەمی پەروەردەکارانە وەکوو نەزمەک

پێناسەدەکات، کەتەدا دەسەڵاتی ئەوانەی دەزانن بەسەر ئەوانەدا کەنازانن مومارەسە دەکات. ڕانسیێر لە کتێبی (مامۆستای نەزان Le maître ingnorant) دا ئوستووڕەی سیستەمی پەداگۆجی بەوە تەعریف کردووە، کە سیستەمێکە لەسەر بنەمایی دابەشکاری بە دوانیەک درژێ بەبوونی خەی دەدات، دوانەی زانا و دانا، تەوەزەل و زیرەک. بەدیدی ڕانسیێر هیچ مرۆڤێک لە بنەمادا تەوەزل نییە. ئەو بە گەڕانەوە بە چیرۆکی (مسیە ژاکەتە) تەزرەکەی خەی دادەڕێژێت و دەنووسێت:(لە ئەنجامی گشت فێربوونە هزرییە جۆراوجۆرەکاندا، ئەوەی گشت مندااێکی مرۆڤ بەیەکسانی باشتر لە هەر شتێک فێری دەبێت، ئەو فێربوونەیە کە هیچ مامۆستایەک ناتوانێت بەی ووونبکاتەوە، ئەویش فێربوونی زمانی دایکییە.) لەرەوە ڕانسیێر وتە بەناوبانگەکەی ژاکەتە دەڕێتەوە: "هیچ زانینێک لە کەللە سەرەکەوە ناگوازرێتەوە بە کەللەسەرەکی دیکە." بەو مانایەی مامۆستای نەزان لە ڕاستیدا هیچ شتێکی نیە بیبەخشێت بەویدیکە. بەدەربڕینە فەکەییەکە کایەی پەروەدەکارانە و مەعریفە لە بنەمادا، کایەی دەسەڵات و پەیوەندییەکانییەتی.

مامۆستا سەر بەکایەی زانین و مەعریفە نیە، بەڵکو سەر بەکایەی دەسەڵات و حکوومەت و ئایدەلۆژیا و حیزبە. لە بنەمادا مامۆستا ناوەک نیە بە ئەو کائینەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەدە سپاندوویەتی و سەرقاڵی خەساندنی تواناکانی ئەقڵمانە، بەڵکو ئەو کائینەیە لەگەڵ تاریکەکاندا وەڵی بینین و دەزینەوەین. وەکوو ئەوەی (جەن هەنری نیومان) لە کتێبە گرنگەکەیدا (ئایدیای زانکۆ) دا دەڵێت: "پەروەردە بوار ڕەخساندنە بە عەقڵ ڕیسککردن، هەوڵەکە بە دەزینەوەی مامۆستا لە ڕەگەی کتێبە مەزنەکانەوە." بە دەستنیشانکردن و ناسینی شوناسی ڕاستەقینەی (فێرخواز و مامۆستا) پەیوستە بگەڕێنەوە بە گوتارەکەی (بەختیار عەلی) سەبارەت بە (ئارەزووی فێربوون لەنێوان دەڕەز و لاکان) دا، بەدیدی (بەختیار عەلی) "خوێندکاربوون دەخێکی وجوودییە، هەر بوونەوەرێک بیەوێت لە خەیی و ئەوانیدیکە تێبگات خوێندکارە."

ئەو لەو گەشێنیگایەوە ناوانێتە خوێندکار کە تەنها لە ڕوانگەی پەیوەندیەکانی دەسەڵاتەوە لە قوتابی دەڕوانێت، ئەو ڕوانیەی تەنیا بوونە کەمەڵایەتیی و کارەکتەرە بچوک و شوناسە کەمەڵایەتییە تەسک و ڕاستەکەی لەبەرچاو دەگرێت و مانایی قوتابی کورتدەکاتەوە بە مانا مەکتەبی و زانکییەکەی و تەنیا لە بازنەی هاوکێشەی دەسەڵاتدا قوتابی دەبینێتەوە و لە چوارچێوەیەکدا تەدا قوتابی لایەنە لاواز و گوگرەکەیە و مامۆستاش لایەنە بەهێز و قسەکەرەکەیە. ئەو بڕوونە سونەتییەی بە دەخی قوتابی کە لەمندااییەوە لە ڕووحی خەماندا هەڵماگرتووە:"قوتابی باش ئەو قوتابییە کە بەدەنگ و

گوڵایەکی مامۆستایە.”
بەدیدی بەختیار عەلی: ” قوتابی بوون، ئەو هەستە وجوودییەیە کە دەتوانین پرسیار لە تاریکی بکەین، تارکییەکی ناکۆتا.” دەکرێت پرسیارکردن لە تاریکی بەوە مانا بکەین پرسیارکردنە لەوەی کە نایزانین. ئەو تاریکییەی پێ دەڵێن:” کایەی نادیار.” وەکوو نیستی (ئەرنست بلۆخ) (ئەوەی هێشتا پێی هۆشیار نین.) بلۆخ نێست بەسەر زەمینی ئەو بابەتانە دەزانێت کە پێی هۆشیار نین.
جیاوازی مامۆستا و فەرخوازیش لەوەدا دەردەکەوێت، کە قوتابی ئەو کەسایە کە دەزانێت سنووری بچوکی زانینی زۆر بچوکترە لە سنووری گەورە و بەکۆتای زانین. بەپێچەوانەوە مامۆستا هەمیشە پێی وایە دەزانێت، نەزانی خەی لە ژێر ناسناو و کەشەی سادەی مەعریفیدا دەشارێتەوە و لەیەک گۆشەنیگای هاوبەشدا چەقی بەستووە و مردووە. مردن بەو مانایەی نیگارکێشی بەناوبانگ (ئادگار دیگاس) لە شوێنێکدا دەربڕیبێت:(زۆر بەختەوەرم ستایلی خۆم نەدزیوەتەوە، گەر ستایلی خۆم بدزیبایەتەوە لە وێزیدا دەمردم.)
دەکرێت جیاوازی نێوان مامۆستا و قوتابی ئەوەبێت، کە مامۆستا لەیەک ستایل و مەدلی مەعریفەدا گیری خواردووە، بەڵام خوێندکار ئەو کەسایە کە تەنها یەک ڕەگەز و یەک هاوبەشی نیە، بەڵکو هەرجارە و ڕەگەزێک تاقی دەکاتەوە. یان وەکوو ئەوەی بەختیار عەلی دەڵێت: (دەزانێت هێشتا تێنەگەشتووە، ئەم هێشتایە ئەبەدییە و شتێک نیە لای مامۆستایەک و حەکیمێک و فەیلەسووفێک بگیرسێتەوە بەڵکو لە مەرگدا ئامادەستێت بە ئەوەی گەیشتبێتە وەستگەیەکی کۆتایی. قوتابی ئەو کەسایە کە قوتابخانەی نیە، قوتابی لە قوتابخانەدا ناگاتە مەقامی قوتابی بوون بەڵکو ئەو کاتە پێی دەگات لەناو کتێبخانەیەکدا بمرێت، بمرێت و هێشتا ئەو کتێبەی نەدزیبێتەوە کە بەی دەگەڕێت. مەقامی قوتابی لە مەقامی مامۆستا گەورەتر، مامۆستا لە جێگایەکی بچووکی مەعریفەدا گیر دەخوات، زانیارییەک دەگەیەنێت، بەڵام هەمیشە قوتابی شتێکی زۆرتری دەوێت لەوەی مامۆستا دەتوانێت بی بەخشێت، مامۆستابوون هەمیشە ڕەگەزێکی کاتییە، قوتابی دەتوانێت بە هەتا هەتایە و لە هەموو جێگایەکدا قوتابی بێت، بەڵام مامۆستا ناتوانێت هەمیشە قوتابی بێت.) کەم تازۆر (بەختیار عەلی) ئەم بۆچوونەی لە هزری نیتشە وەرگرتووە کاتێک دەڵێت: “مامۆستا دەبێت دژ بەخۆی، مشق و ڕاهێنان بەقوتابییەکانی بکات.”
بەدیدی نیتشە پێویستە مرۆڤەکان خاوەنی مەدڵ و تەوانینی خۆیان بن بە ژیان، نەک لە پنتەکی هاوینەدا چەق ببەستن. (زەرادەشت شاگردەکانی بەجێدەهێڵێت، خێت لەمن دوورببڕنەوە، دووربە لەم. من ڕەگەی خەم هەیە و تەش ڕەگەی خێت هەیە، باشترین و تەواوترین ڕەگا

بوونی نییە، تەنها ڕوانگایەک بوونی نیە. هەموو ڕوانگایەک بەشێکە لە ڕوانگایەکی ناکۆتا) بەمانایەکی دیکە، هەموو ئایدیایەک بەشێکە لە زنجیرەیەکی ناکۆتایی لە ئایدیا، یان وەکوو ئەوەی لاکان بە (زنجیری دالەکان) گوازرشتی لە دەکات، (بە ئەوەی لەیەک تێبگەین، پێویستیمان بە دوو هەیە).
من ناوی (فەرخواز) بە (قوتابی) بەکاردەهێنم، فەرخواز کەسێکە کە خوازیار و (ئارەزوو)ی فەربوونە. چەمکی ئارەزوو لای لاکان جەرگەکە لە نوقستانی ئارەزووی ئەوشتەیە کە نیمانە. تێنوێتییە بە پەکردنەوەی نوقستانییەک، لەزەت ساتی چێژ بینینیە لەو نوقستانییە. بەختیار عەلی بەکەمکی لاکان چەمکی (سوبەکتی نوقستان) وەکو ناوەک بە سوبەکتی قوتابی بەکاردەهێنت. سوبەکتی قوتابی ناوەکی دیکەیە بە سوبەکتی کەرت و چاڵ چاڵ و نوقستانی خەمان، قوتابی ناوی سوبەکتێکە هەمیشە نوقستانەکەمانە کە لەکایەی فەربووندا بە ئارەزووە مەحاڵەکەی خەی دەگەڕێت، ئارەزووی هەمیشەیی و تێرنەبووی فەربوون. فەرخواز ناوەکە بە ئەو کائینەی نوقستانەی هەرگیز لەکایەی زانیدا تێرنابێت. وەکوو قەڵەشەکەی (ئیدگار ئالان پۆ) کە پەمان دەڵێت(نا نا هەرگیز) هەرگیز تاریکی و ناخمان تەواو نابێت. هەرگیز منەکی ساف و بێگرێ و بێپرسیار و بەدوودەی بوونی نیە، خوود یان نیە یان بوونەکی هەڵا هەڵایە.

پرسی حەقیقەت لە فەزای ڤەرچواڵدا.. ئاراس سەعید

فەزایی ڤەرچواڵ، لە کورترین پێناسەدا، بریتییە لە دنیای شاشە یان ئەو جیهانەی لەودیوی شاشەکانەوە ئاوێتە و دەرگیری دەبین. بەشێوەیەکی گشتی فەزایی ڤەرچواڵ ئاماژەیە بە نوێنرایەتی دیجیتاڵی مرۆڤ، لەناو ژینگەی ئەلیکترۆنیدا.
بەدەربڕێنەکی دیکە، فەزای ڤەرچواڵ دەکرێت، جیهانی لاساییکردنەوە و لەکچواندن و کۆپیکردن بگرێتەوە. وەکوو ئەوەی "ژان بەدریار" بە (سیمۆلاکرا و سیمولەیشن / Simulacra and Simulation) ناودێریکردووە. هەردوو چەمکەکە گوزارشتە لە پیشسازی لەبەرگرتنەوە و ئاماژەکردن بە جیهانێک کە مەخی جۆهەری

خالیکراوەتەوە. بەدیدی بەدریار، کۆمەڵگای مەدەرن بە ئەزموونی لاسایکردنەوەو پیشەسازی لەبەرگرتنەوە دەناسرێتەوە، کە جیاوازی نێوان واقیع و ڤێرچوال پەردەپۆشدەکات یان دەسڕێتەوە. بەدریار دەڵێت:لە جیهانی ڤێرچوالدا. نوێنەرایەتییەکان/ لەبەرگیراوەکان لە خودی واقیع زیاتر زیندووتر و سەرنجڕاکێشتر دەردەکەون، بەیە فەزای ڤێرچوال دەبێتە جیهانێکی کپیکردنەوەو لەبەرگرتنەوە، جیهانێک لە هەموو ڕەسەنایەتییەک دامااڵێندراوە.
بۆپەی تەواوینەکانی بەدریار ئەو جیهانەی ساختەیەی لە کۆمەڵگای دیجتاڵیدا دەگیری دەبین، بریتییە لە کپیکردنەوە و لاسایکردنەوەی واقیع، بەجۆرێک ساختەکارییەکان لە حەقیقەتی شتەکان سەرنجڕاکێشتر دەردەکەوێت، بەیە فەزای ڤێرتوەل ئاماژەیە بە جیهانێک کە مەخی جۆهەری خالیکراوەتەوە. وەکوو ئەوەی فەیلەسووفی فەڕەنسی (پاڵ ڤیریۆ) دەڵێت: لە فەزای ڤێرچوالدا فەڕم جێگای ناوەرۆک و مانا و ئیستاتیکا دەگرێتەوە[Paul Verlow :The Art Of The Engine].
بەمانایەکی دیکە، لەفەزای ڤێرچوالدا فەڕم نوێنەرایەتی حەقیقەت دەکات. فەڕمێک کە ماهییەتی جۆهەری خالیکراوەتەوە.
فەزای ڤێرتوەل نوێنەرایەتی واقیعێک دەکات، کە دوورە لە هەلووەرجی کۆمەڵایەتی و ماتیاڵی ئەو واقیعەی کە سوبەکتی تێدا دەژیت. بە نموونە: شوناسی سوبەکت لەنێو فەزای ڤێرچوالدا، هەمان ئەو شوناسە کۆمەڵایەتییە نیە نوێنەرایەتی واقیعی ماتیاڵی سوبەکت دەکات. بەڵکو سوبەکت دووچاری جۆرێک لە نامۆبوون دەبێتەوە، کە هەڵگری شوناسێکە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی خێیدا ناگونجێت.
نامۆبوونی سوبەکت دەخێکە وەکوو ئەوەی فەیلەسووفی ئەڵمانی "فرەدریک هیگڵ" لەبارەیەوە دەنوسێت: پەسەیەکە کە سوبەکت خۆ بەخۆ تێدا دەبێتە بێگانە. ئەمەش ساتێک هاوەدەت کە ناتوانێت خودی خۆی ببینیت، لە وجیهانە کۆمەڵایەتییەی تێدا دەژیت[Phenomenology of Spirt. Hegls Phenomenology des Giestes…1807]. بەپێی هیگڵ نامۆبوون پەسەی درپێککردنی بەوەی سوبەکت خۆی لەو جیهانەدا نابینێتەوە کەتێدا دەژیت.
بەدەربڕینێکی دی، پەسەیەکە مرۆڤ نامە دەبێت لەو شوناسە کۆمەڵایەتیەی پێدراوە، چوون ئەو شوناسە هیچ گوزارشتێک لەناوەوەی مرۆڤ ناکات، بەڵکو تێگەشتنی ئەویترە لە هاووی دەرەوەیدا سنووراربووە. یان بەدەربڕینە "لاکان"یەکە: نامۆبوون دەخێکە سوبەکت دەبێتە ئەبەکت بە دەرەوەی خۆی. سوبەکت ماهیەت بە کۆمەڵێک ئارەزووی ڕەمزی و دالەوە دەکات، کەهی ئەویدیکەیە(من ئەویدیکەیە) یان (ئارەزووی من ئارەزووی ئەودیکەیە).
ژاک لاکان لە قۆناغی ئاوێنەدا(The mirror stage) ئاماژە بە

سەرتاکانی کۆمەڵگای سوبەکت دەکات. ئەو بارودۆخەی ئێگۆ لە بڕئەنجامی کۆمەڵگەبوونی کۆمەڵگەک وێنە و ئارزووی ساختە دەرسکەت. بگۆڕەی لاکان کە دەڵێت:(من ئەویدیکەم یان ئارزووکانی سوبەکت ئارزووکانی ئەویدکەیە) بەوانینە شوناسی سوبەکت لە فەزای ڤرتوئەلدا، شوناسی دیجتاڵی یان ئارزووکانی سوبەکتی دیجتاڵی هەمان ئارزووکانی ئەویدیکەیە. بەو مانایەی شوناسی سوبەکتی دیجتاڵی لە ئەنجامی کۆمەڵگەبوونی کۆمەڵگەک وێنا و ئایدیای ساختەو دەسکەت، کە لەگەڵ واقیعی سوبەکتی کۆمەڵایەتی ئەودا یەک ناگرێتەوە.

دەکرێت تێزکانی "ئەفڵاتوون" وەکوو ئەو ڕەخنەیەی دەکەوێتە سەر فەزای ڤرچوال و پیشەسازی لەبەرگرتنەوە وەربگرین، کە پێش لە دایکبوونی پێشکەوتووترین و بەربڵاوترین فەرمکانی تەکنەلۆژیا خراوەتەوو، بەدوان لەسەر سیستەمی دووانەیی بەهاکان و بەبەهاکردنی جیهانی زەمینی و توخمە دیارکانی. هەزاران ساڵ بەر لە پەیدابوونی دنیای شاشە و فەزای ڤرچوال، ئەفلاتوون، ئەو ڕەخنەیەی ئاستەی شاعیر و نیگارکێشکان کرد، کە زەر بە لەهاتوویی لاسایی حەقیقەتیان دەکردەوە و سەرلێشێواویان لە نێوان واقیع و خەیاڵدا دروست دەکرد.

تەواوی فەلسەفەی پلاتۆ وەکوو ڕەخنەی (میمەسیس) دەردەکەوێت. (هەموو تەکنیکەکانی پیشەسازی لەبەرگرتنەوە، لەسەر بنەمای بنەمای دووبارەبوونەوە یان لاسایی کردنەوەی خەی مانیفێست دەکاتەوە) لەم چوارچێوەیدا ڕەخنەی (ئیماگ) جێگەیەکی پلە یەک داگیر دەکات. خەیاڵ یەکەکە لە ئامانجکانی، وەکوو هەر وێنەیەک، کە وەکوو کۆپی واقیعێکی جۆهەریتر تەدگات و بۆ هەیوە دەبێتە بەرهەمهێنەری وەهم. کتێبی کۆمار / La République دەوڵەمەندە بە وێناکردن بەتایبەتی میتافۆری ئشکەوت لەگەڵ لێکچوونە بەناوبانگەکەی کە هەمای دابشبوونی جیهانە بە چوار بشی بەهای نایەکسان، ئەوانیش بریتیە لە جیهانی decrescendo ئایدیاکان، ئایدیاکان، ئەبستراکتەکان(ماتماتێک)،ماتیاڵەکان، نوێنەرایەتییەکان[1993، VI، 509c-511e، VII، 514-522]

بگۆڕەی ئەفڵاتوون ئەگەر بمانەوێت، لە جۆهەری شتێک تێبگەین، کە پێناسەکەی بەهەی پەوانە و فیگەرە ئەندازییەکانەوە دەردەکەوێت، هەرچەندە هەمیشە دەکەوێتە چوارچێوەی کایەی تێگەیشتنەوە، بەڵام کۆمەک تەواو و بە کەموکوڕییە بۆ پەیەی کۆپییەکی سادەی واقیع پێکدەهێنێت. ئەمە بە فەزای ڤرچوالیش بوجرێیە، شتەکان کۆپییەکی واقیعن، لە ماددییەتی فرەیی و دەخی جوداوا گیریان خواردووە. بەمجۆرەش، نوێنەرایەتییە وێنەییەکان ڕەنگدانەوەی واقیعی شتەکانن،

کە ھەستیاریتیان لەدەست داوە و تەنیا پەیوەندییەکی دوورییان لەگەڵ ئایدیاڵە سەرکییەکەدا ھەیە.
دەکرێت فەزای ئەکچوال بە فەزای ئەشکەوتی ئەفلاتوون وەنا بکەین، لە کتێبی کۆماردا گریمانەی ئەشکەوتێک دەکات و دەنووسێت: وای دابنێ کەمێک لەنێو ئەشکەوتێکدا دەژین. دەرگای ئەشکەوتە لەسەرەوەیە و لەوانەوە دوور. دەرگاکەش ھێندەی پانیی ئەشکەوتەکەیە و ھەموو ئەوەی لە نێو ئەشکەوتەکە دەگات. ئەو کەسانە لە منداڵییەوە لەوە دانراون، مل و پێیان بە زنجیر بەستراوەتەوە و ناتوانن ئاوڕ بدەنەوە. ھەناکیش بە نێو ئەشکەوتەکە لە ئاگرەکەوە دێت کە لە پشتیانەوە ھەڵکراوە. لەنێوان ئەوان و ئاگرەکەدا ڕێگەیەکی درێژ ھەیە. وای دابنێ لەبەردەم ئەوە ڕێگەدا، دیوارێکی نزم ھەڵچنراوە. وای دابنێ ھەندێک کەس لەو دیو دیوارەکەوە پەیکەری مرۆڤ یان ئاژەڵیان بەکاردێنن و لە بەرد و تەختەو شتی دیکە دایتاشراون و ھاتووچۆ دەکەن. ھەندێکیان دەدوێن و ھەندێکی دیکەیان بە دەنگن. ئەوەی باسی دەکەیت سێبەر، کەسانی نێو ئەشکەوتەکەش سێبەرن. ئەوان لە ئەمە دەچن. ئایا بەجگە لە سێبەری خۆیان و ئەوانی دیکە، کە لە ھەوناکی ئاگرەکە لەسەر دیوارەکەی بەردەمیان دەریدەخات، ھیچی دیکە دەبینن؟ ئەگەر نەتوانن ئاوڕبدەنەوە چۆن دەبینن؟ئەی لەبارەی ئەو باباتەوە، کە تەنھا سێبەرەکانیان دەردەکەون؟ ئەگەر لەگەڵ یەکدا دوان، لەم باوەڕەدا نیت تەنیا ناوی ئەو شتانە بزانن، کە لەسەر دیوار، سێبەرەکەی دەبینن؟ ئەگەر ئەشکەوتەکە دەنگ بداتەوە، لەو باوەڕەدانیت کە لەگەڵ دەنگدانەوەکەدا سێبەرێک ببینن، وا ھەست دەکەن دەنگەکە لە سێبەرەکەوە دەرچووە؟ کەوابوو بە کەسانی نێو ئەشکەوتەکە ڕاستی بەجگە لەسێبەرەکانی سەردیوارەکەی بەردەمیان ھیچی دیکە نیە[ئەفلاتوون، کۆمار، بەشی حەوتەم، و/محەمەد کەمال، ل 229].
دەکرێت فەزای ئەکچوال بە میتافەری ئەشکەوت بچوێنین، دەرگیربوون بە فەزای ئەکچوال پشتکردنە لەحەقیقەت و ھەوکردنە شاشە، ھەوکردنە لە دیوارەکانی ناوەوەی ئەشکەوت. دنیای شاشە وەکوو دەگمەکانی ئەشکەوت فریودەرە و ھەمان تەکنیکی ھەیە، سەرەتا واھەستدەکەین ئەوەی دەیبینین ڕاستەقینەیە، ئەو دەنگانەی لە شتەکانەوە دەردەچن ھەمان دەنگی وێنەکانە، بەڵام لەبنەمادا ئەوەی دەیبینین سێبەری شتەکانە لە دنیای شاشەدا. پیشەسازی لەبەرگرتنەوە بەوشەوەیە واقیع لەقاڵبەدات کە خەی دەیەوێت، ئەوەی بەریدەکەوین فەرمکی بە ناوەڕۆکە، کە لەبنەمادا جەوھەر و واقیعی شتەکی دیکە. بەدیدی

ئەفلاتوون لە بەرگرتنەوە حەقیقەت نیە و نابێتە حەقیقەتیش. لە گۆڕەپانی سێبەری درەختەوە، ناتوانین درەخت بناسین، ئەوانەی لە ئەشکەوتەکدا نیشتەجێن، تەنها لە گۆڕەپانی سێبەری درەختەوە، درەخت دەناسن، بەڵام درەخت شتێکی دیکەیە. چەمکێک کە داهێنانکەی مانا وەردەگرێت بە پێچەوانەی جەوهەرێکەوە کە پێشتر بوونی هەیە. فەزای ڤێرتوئەل هاومانایە لەگەڵ هەرێک لەو دەستەواژەی (درەزنەکان، نمایشکارە بوکەڵەیەکان، سۆفیستەکان و وەهمگرەکان) هەموو ئەوانەی لە کتێبی پێنجەمی (کەمار) دا ئیدانەکراون. کە بەهەمان شێوەی شاعیران و دروستکەرانی دیکەی وێنە کە واقیع ساختە دەکات و بەو هەیوە پەردە لەسەر ڕاستییەکان دادەپۆشێت. وەکوو ئەوەی "سڵین برایەن" دەیڵێت: ئەگەر فەزای ڤێرچوئەل لەسەردەمی پلاتۆ دا هەبووایە، بەگومان لە شاری ئایدیایی (فەیلەسوف_شا) قەدەغەی دەکرا. چاپەمەنی و تەلەفزیۆن و سایتەکانی ئینتەرنێت چی دەکەن، جگە لە دووبارەکردنەوە و لەبەرگرتنەوەی هەوداوەکان و نوێنەرایەتیکردنیان لە فەزای ڤێرتوئەلدا.

میدیا، ئەهریمەنی کۆمەڵگەی مەدەرن.. نوسینی: سڵین برایەن.. لە فەڕەنسییەوە: ئاراس سەعید

زۆرێک لە بیریار و فیلەسوفەکان، میدیا بەوە تۆمەتبار دەکەن، کە هەکاری هەموو خراپەکاریەکانی سەر زەویە، یان زۆر لەهەکاری خراپەکاریەکانەوە نزیکە. لە کۆمەڵگەی دیجیتاڵیدا، ئێمە بەو شێوەیە خەمان دەبینینەوە کە هەوبەووی جۆرێک لە ئامۆری شێتانی دەبینەوە، کە توانیویەتی خۆی لە دەستی دروستکەرەکەی ڕزگار بکات. ئەمەش کاریگەریە زیانبەخشەکەی هەها کردووە، بەجۆرێک مرۆڤ ناتوانێت، خۆی لە قوتاربکات. (وەکوو چۆن شێتان خۆی لە خاڵیقەکەی ڕزگارکرد و خراپەکاریەکانی هەهابوو… وەرگێ). هەخنەگرتن لە میدیا، هەمەچەشن و جۆراوجۆرە، هەندێک لەخنەگران

لە نمونەی (ژان بۆدریار) جەخت لەسەر ئەو گۆڕانکارییە دەکەنەوە کە لە پەیامەوە بەخودی (میدیەم) ئامرازی بەاوکردنەوەدا تێدەپەڕێت، بە مانایەکی دیکە، ئەوەی لە ناوەڕۆکەوە لە قاڵب دەدرێت. (Sfez and Coutlée 1990). لە پێچەوانەکردنەوەی ئەولەویەتکاندا (ئامرازەکان دەگۆڕدرێن بە ئامانجێک لە خۆیدا، میدیەمەکە جێگەی پەیامەکە دەگرێتەوە. بۆدریارینکی دیکە، میدیاکە شوێنی پەیامەکە دەگرێتەوە. ئەم سیناریۆیەکە، کە تیۆریستی کۆندی (مارشاڵ مەکلوهان) لە ساڵانی شەستەکاندا خستوویەتی ڕوو)، (میدیەم بەرلەوەی شتێک بگەیەنێت خوودی خۆی دەگەیەنێت. یان میدیەم خۆی، بریتیە لە پەیامەکە… وەرگێڕ) لە ئەنجامدا جیهانێک دروستدەبێت کە لە هەموو ڕەسەنایەتییەک بەبەشە، هاوشێوەی گوندێزی بەش، وەکوو ئەوەی (ئابۆلایس) دەڵێت: "مەخی جۆهەری"یان بەتاڵ کراوەتەوە. بە کوورتی، ئەمە لە جیهانی دیجیتاڵدا ڕووبەڕووی گەمەیەکی ڕواڵەتی دەبینەوە، وەکوو ئەوەی (بۆدریار) بە "سیمولاکرا" ناوی دەبات، واتە ڕووکاری بەش، ناوەڕۆکی خاڵی یان نا قووڵ، وەکوو ئاوێنەیەک کە تەنیا خۆی ڕەنگ دەداتەوە و لە پشتیەوە هیچ ڕاستییەک بوونی نیە.

(ڕەجیس دیبرای) لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا هاوڕایە و هانی هاوچەرخەکانی دەدات کە "کەمتر پەیوەندی بکەن و زیاتر بگوازنەوە". ئەم نووسەرە لەو بنەمایەوە دەستپێدەکات کە کایەی میدیایی ئێستا لایەنگری پەیوەندییەکانە، واتە سیستەمێکی زانیاری کاتی، کە لەسەر پانتایەکی فەزایی ئاسایی پەرەدەستێنێت، لە بەرژەوەندی هاوکاتی و لە هەموو شوێنێکدایە، نێک دیاکرانی و بڕدەوامیی بەهاکان، ئیمتیازاتی گواستنەوە، کە پانتاییەکی کاتی، ڕاست و چەپی پێ باشترە. ئەمە کەمەگایەک دروست دەکات کە تاکەکان بەڕواڵەت لەیەکییەوە نزیکتر بن، بەهەی ئەو میدیایانەی کە ڕێگە بە ئامادەبوونی ئەوانە دەدات کە لە دوورەوە دەچنە نێو پڕۆسەی کۆمینیوکەیشن و (ئامادەبوونی مەجازایی)وە، بەڵام لە ڕاستیدا زیاتر نامان بە یەکتری، لەبەر ئەم هەکارەیە کە وازهێنان لە بەستنەوە بە مێژوویەکی هاوبەش، بەهەی یادەوەری زنجیرەی نەوەکانەوە، کە گەرانتی هاوبەشکردنی میراتێک و پاراستنی نەریتەکان دەکات، 'ئاوگەڕ' ناکەن، بەڵکو تەنها بە شێوەیەکی پارچەپارچە و ڕووکەش بەشداری دەکەن، بەبێ ئەوەی بتوانن بەڕاستی پێکەوە بژین. لەڕاشدا دیسانەوە ئامرازەکانی بەاوبوونەوە مادەکانیان لە زەوت دەکات و پەیوەندیکردن دەبێتە ئامانجی کۆتایی پەیوەندیکردن، لە مەیلی (ئێتەفاژیک)دا ئەو پزیشکە بەناوبانگەی کە سەرەڕای ئۆش وریایی نەهێشت بەڵادا بچێت لەلایەن ئەفسانەی دەوروبەری میدیاسفەرەوە، بەردەوامە لە هەنگدانەوەی خۆی بە پەدانی

هەز بە ئامرازە تەکنەلەژیيەکان بە ئاوەی خۆیان لە دروستکردکیان بزگار بکەن و دواتر بە نرخ کار لەسەر ئاوە بکەن، بە برهەمهێنانی کاریگەریيە پێشبینی نەکراوەکان کە دەستکاریکردنی شێوازی بوون و بیرکردنەوەی مرۆڤ. (1991، ل105-106).

هەندێکی دیکە لە تواوکاری ئەم بۆچوونانە، شیکارییە تەخنەییەکانیان بۆرە ئاو شێواندنە زیانبەخشەی واقیع ئاراستە دەکەن، کە میدیا دەبێتە هۆی دروستبوونی. ئەمە وەکوو ئاو حاڵەتی (لوسیەن سفەز) ئاماژەی بۆکردووە، کە جگە لەم ناسروشتکردنە، هەما بە ئاو سەرلەشێواویيە دەکات کە لە مەشکی مرۆڤدا لە نێوان ڕاستی خام و نوێنرایەتیکردنیدا دروست دەبێت، بەم شێوەیە توانای حوکمدان و تێگەیشتنکەی دەگۆڕێت. هەموو ئەم توخمانە تایبەتمەندییەکی تاڵەژی کەمەگە میدیاییەکانمان پێرپێدەدەن، "تاوتیزم"، نیوەلەژیزمێک کە پێشگر و پاشگرکەی مایلێک بۆرە تاوتەلەژیا ئاشکرا دەکات، واتە خۆئاماژەکردن، وەکوو سەرچاوەیەکی ئەتیزم، بە زیندانیکردن لە گۆردوونەکی خۆیایدا.

شێیتانی میدیا، وەشانەکی مۆدێرن و ماتریالیستی بوونەوەری خراپەکاری، کە بەیار بوو مرۆڤکان دابەش بکات و لە حەقیقەتە، ڕزگارکەرکە دووریان بخاتەوە بە هۆی نوقمکردنیان لە وەهمدا وەکوو(ئیتیمەلەژیای dia-bolos , لە سەردەمی کۆن و گەرمی ئایینیدا لە ترسەکانی سەدەی ناوەڕاستی عەقڵ)بەڕام ئایا ئەم کاریگەریيە کوشندەیەی میدیا دەرئەنجامی بیروباوەڕێک نییە، کە هەندەی ئاو باوەڕە مندااڵنەیەی کە وایکردووە باوباپیرانمان خراپە وەکوو بوونەکی ئازاد و بەهرەمەند بە پرسەکی ئەقڵانی بزانن، لە کاتێکدا ئاوە تەنها بەرهەمەکی خەیاڵی بوو. خۆی ڕوونکردنەوەی هەڵەکانی ئەم جیهانە و سەرچاوەی ئازارەکانی مرۆڤ، کەوایکرد ڕق لە کەڵە سەری بزنەکی قوربانی بگوازێتەوە بە کاریگەریيە کاتارتیکەکان؟

میتەلەژیای تەکنەلەژیا

***سزادانی پەڕمیتە و دابەزینی ئادەم و حەوا لە ئاسمان**

پەیوستە بە دەستنیشانکردنی ئاو ڕەخنەیە دەستپێبکەین، کە دەکەوێتە سەر میدیا. ئەمەش لەڕگەی هەندێک زنجیرەی میتەلەژی و ئەدەبیی کەمەگەی کولتووری زارەکیەکانەوە. دەستپێک سزایی (پرەمیتە) باوکی شارستانیەت، کە مرۆڤی لە سروشت دابڕاند و بە مومکینکردنی هونەر و بناغەسازی کولتوور، مرۆڤی لە دڕەوەی ئاژەڵبوونی پڕوڕدە کرد.

"پەڕمیتە" لەلایەن" زیەس"ەوە بە تونەدی سزا درا بەهەی ئاوەی

ئاگرەکەی دزیوە و بەخشیوەتی بە بەبەشترین بوونەوەری سەر زەمین. ئاگر وەکوو ستراکتاری تەکنیک، بە دەربڕینکی دیکە، ئەو توخمەیە کە تەکنیک لێیەوە سەرچاوەی گرتووە، یان لانیکەم (sine qua non) لە هەموو تەکنیکەکدا، ڕێگە بە کشان و خاوکردنەوەی کانزاکان خش دەکات، بە دروستکرووەنی ئامێر، دروستکردنی چەک، دواجاریش تەکنەلۆژیا و لە ئێستاشدا میدیا…تاد
ڕێنگە ئەمە لە لەکدانەوەی حوکمی زیوس، بەهێدا چووبین، کە وەکوو چارنووسێک بە ئەو کەسانە تەرخانکراوە کە یاسایان شکاندووە و قەدەغەیەکیان پشێل کردووە. پرەمێتە تەنها دزێکی سادە نییە، زیاتر لە سەرپێچییەک لە کردەوە و سەرپێچییەکێدا بوونی هەیە، سەرپێچییەکی شاراوە بەئام حەتمی، چەواشکارییەک هەیە، بەرزبوونەوەیەک و دابەزینێک. بە مرۆڤکردنی ئەوان، هەروەها بەتاوانانی لە بەتاوانی سەرەکی خۆیان بەبەش کرد، بۆیە دەتوانرێت پشکەوتنی فیکرییان وەکوو پاشکۆیەک هەژمار بکرێت، ئاگر بەختەوەری وەکوو پەورێکی پەوانەی وەربگرین، پاندۆرا و سندوقە بەناوبانگەکەی، کە هەموو ئەو بەدبەختیانەی مرۆڤایەتی زاڵ دەکەن و لێیەوە سەرچاوە دەگرن.
هەروەها هاتنە ناوەوەی میتۆلۆژیایی (ئادەم و حەوا) بە نەو کایەی مەعریفە، کەوتن و بەربوونەوە ئەوانی هێنایە ئاراوە لەوەی کە لە نائاگایی شیرینی پێیوەست بە بەهەشت دەربەر بوون و لە خودا یاخی بوون. (یاخی بوونی مرۆڤ لە خودا، یەکەمیین کردەی ئەقڵانی بوو، کە بەدبەختی و دەربەدەری بە مرۆڤ بەدیهێناە… وەرگێ)
بە هەمان شێوەش خاوەندارێتی ئاگر (کە دەتوانێت هەمای چراکانی زانین بێت، بە پێچەوانەی تاریکی و نەزانی). لە هیسیەددا هاوتایە لەگەڵ کۆتایی سەردەمی زێرین کە کرۆنۆس حوکمڕانی دەکات و سەرەتای سەردەمێکی ئازاربەخشتر. پرەمیتە وەک ئیکارۆس، لووتبەرزی و زیادەڕەوی و سەرچاوەی بەدبەختییە، کە سروشتی زانست بەرجەستە دەکات.
ئەفسانەی دووەم کە ووتەرێ سەبارەت بەو پێیوەندیانەی کە لەگەڵ دەرکەوتنی میدیادا و دووفاقی ئەم دەزینەوەیە دەسەلمێنێت، کە پێیوەندی بە لەدایکبوونی نووسینەوە هەیە، کە "پلاتۆ" لە فایدرۆسدا (274 b – 275 b) باسی کردووە. سۆکرات ڕوونی دەکاتەوە کە (خودای میسری و ئاسمیلێی نیوە خوداوەندی یۆنانی هەرمەس)، ئەم هونەرییان داهێناوە بە ئەوەی چارەسەرێک بە کەمی یادەوەری و کەموکوڕیەکانی زانست بدۆزنەوە. بەئام کاتێک دەزینەوەکەیک دەخرێتە بەردەم تامۆس، پاشای تیبس، ئەمەی دووەمیانی لەم دەرئەنجامانەدا بە خراپ زانی و دووپاتی کردەوە کە پێچەوانەی ئەوەی کە بانگەشەی شەکردن

دەکات فەزیلەتەکان بە جۆرێک پێچەوانەی دەکاتەوە بە ژەهر.
لەم ئاڕگومێنتەدا، ئەو تەماتە هەست پێدەکرێت کە ئەمە لەم سەردەمەدا دەیهێنێتە سەر میدیا، ئەویش دەستبەسەرداگرتنەکە، کە لە ئێنجامدا دەبێتە هۆی دامایینی ئەو سیفەتە هزریانەی کە لە مرۆڤدا هەن، هووبووونەوەیەک لە نێوان "ئایدیاڵێک" گوایە ناوەکی و پرسەی دەرکیکردن لە ڕگەی پشبینی ماتریاڵ کە لە شەوازی دابەزاندنداە ئەزموون دەکرێت: "ئەم هونەرە لە ڕوحی ئەو کەسانەدا لەبیرچوونەوە بەرهەم دەهێنێت کە فێری بوون، چونکە واز لە مشقکردنی یادەوەری خەیان دەهێنن.
"دانیال بگنێ" بە ئاماژەدان بە "ڤیکتۆر هوگۆ" لە نۆتردام تا پاریس بە ناوی "سیسی ئەو دەکوژێت"، بە درێژی سەرنجی خستە سەر ئەو تاوانە، کە بە زاراوەیەکی تەواو هاوشێوە، ئاماژەی چاپخانە دەکرا، لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەوەندە پرسیار لەسەر تاوانبارکردنی نووسین نەبوو، بەڵکوو پرسیاری گشتاندنەکەی، ستانداردکردنی لایەن تەکنەلۆژیاوە، کە زیان بە هونەری پیرەزی بەهای نووسین دەگەیەنێت. میدیای مەدەرن، تەماتبار بە کوشتنی کتێب (مۆبایل و کۆمپیوتەر) تاوانبار کراون بەوەی کلتووری زارەکیی و بەهای وشەیکانیان کوشتووە، بەهای هەموو ئەوانەی کە ئەمە ویستمان باوەڕمان بەوە هەبێت کە بە هەتا هەتایە زیندوون، چونکە هەتا هەتایە لە یادەوەری و لە دەمی ئەو حیکایەت بێژانەی گواستوویانەتەوە زیندوو بوون. بەڵام میدیای نوێ هەموو ئەوانەی کووشت، هەواڵی ڕۆژ هەموو یادەوەرییەکانی کوشت. میدیا بیرکردنەوەی کووشت، هەموو ڕستە ئامێزکانی گۆڕی بەکۆمەڵێک کۆمەڵێک ڕستەی هەواڵی بە مانا.

⋆میدیا و ساختەکردنی واقیع

چەمکەکی ئەفلاتوون بە جیهان

کاتێک لە بارەی واقیعی مەجازییەوە دەدوێن، بەناچاری دەگەڕێنەوە بە سەر تێزەکانی (ئەفلاتوون) کە پێش لە دایکبوونی پێشکەوتووترین و بەربڵاوترین فۆرمەکانی تەکنەلۆژیا خراوەتەوو، بە بەردەوامبوونی سیستەمێکی دووانەیی بەهاکان و بەبەهاکردنی جیهانی زەمینی و توخمە دیارەکانی. لە کۆمەڵگەی دیجتاڵیدا، میدیا پێویستە بە شێواندنی واقیع، بە ئاشکرا و بێزەحمەت پەردەپۆش دەکرێت. هەزاران ساڵ بەر لە پێدابوونی میدیا، ئەفلاتوون، ئەو ڕەخنەیەی ئاڕاستەی شاعیر و نیگارکێشەکان کرد، کە زەر بە لەهاتوویی سروشتیان تەقلید دەکردەوە، بەم شێوەیە سەرلەشێواویان لە نێوان واقیع و خەیاڵدا دروست دەکرد.

تەواوی فەلسەفەی پلاتۆ وەکوو ڕەخنەی (میمەسیس) دەردەکەوێت، بەدڕبەڕەکێی دیکە (هەموو تەکنیکەکانی لاسایکردنەوە، لەسەر بنەمای بنەمای دووبارەبوونەوە یان لاسایی کردنەوەی خەی مانیفەست دەکاتەوە) لەم چوارچێوەیدا ڕەخنەی (ئیماگ) جگەیەکی پلە یەک داگیر دەکات. خەیاڵ یەکەکە لە ئامانجەکانی، وەکوو هەر وێنەیەک، کە وەکوو کۆپی واقیعێکی جۆهەریتر تەدەگات و بۆ هەیوە دەبێتە بڕهەمهێنەری وەهم. کەمار La République دەوەستێنێت بۆ وێناکردن بۆ تایبەتی ئشکۆتەکەی ئەفلاتوون لەگەڵ لەکچوونێ بەناوبانگەکەی کە هەمای دابەشبوونی جیهانێ بۆ چوار بەشی بەهای نایەکسان، ئەوانیش بریتیێ لە decrescendo ئایدیاکان، ئەبستراکتەکان(ماتماتێک)، شتە مادییەکان و نوێنەرایەتییەکان (1993، VII، VI، 509c-511e، 514-522).

بە لەگەڵ سەکراتدا، لە جۆهەری دارەکێی بڕز تێبگەین، کە پێناسەکەی بەهەی پەوانە و فیگەرە ئەندازییەکانەوە دەردەکەوێت، هەرچەندە هەمیشە دەکەوێتە چوارچێوەی کایەی تێگەیشتنەوە، بەڵام کەمێک تەواو و بە کەموکوڕییەوە بۆ پێیەی کۆپییەکی سادەی واقیع پێکدەهێنێت. سەبارەت بە دارەکان وەکوو چۆن دەتوانین بیبینین و دەستیان لێدەدەین لە دەوروبەرمان، ئەوان کۆپییەکی واقیعن، لە ماددییەتی فرەیی و دەخی جوڵاودا گیریان خواردووە. بەمجۆرێش، نوێنەرایەتییەکان یان ئەدەبییەکانیان تەنانەت ڕەنگدانەوەی ئەوان لە ئاودا، کە هەشتا ڕەسەنایەتی لێدەست دەدەن، تەنیا پەیوەندییەکی دووریان لەگەڵ ئایدیا سەرەتاییەکەدا هەیە.

سەدەی چوارەمی پێش زایین لە مەژووی کولتووری ڕۆژئاوادا زۆر گرنگە، چونکە پچڕانکێی ڕیشەیی لەگەڵ قەناعەتە فیکرییەکانی پێشووداڕووەدات، کە ئێمە بە قەناغی "پێش سەکراتی" ناوی دەبەین. لەڕەدا سەرچاوەی ئەو ئابووچوونەی کە لەسەر ڕواڵەت دەکرێت، چەمکێک کە داهێنانەکەی مانا وەردەگرێت بە پێچەوانەی جۆهەرەکەوە کە پێشتر بوونی هەیە. ڕەنگە میدیا ئەو جۆرە ئابووچوونەی بەسەر نەهاتبایە ئەگەر ئەفلاتوون خەی خەی نەدابایەتە بەر ڕەخنەی لاسایکردنەوە و نووسینەوەی فەرکارییەکانی مامۆستاکەی.

ئەگەر ئەناکرۆنیزمێک دروست بکەین، بەبێ ئەوەی خیانەت لە بیری دیالێکتیکی یونانی بکەین، دەبێت میدیای مەدەرن لەنێو پێلی(درۆزنەکان، نمایشکارە بوکێیەکان، سۆفیستەکان و وەهمگەرەکان) هەموو ئەوانەی لە کتێبی پێنجەمی (کۆمار) دا ئیدانەکراون دابنین، کە بەهەمان شێوەی شاعیران و دروستکەرانی دیکەی وێنە کە واقیع ساختە دەکات و بۆ هەیوە پەردە لەسەر ڕاستییەکان دادەپۆشێت. ئەگەر میدیا لەسەردەمی پلاتۆ دا هەبووایە، بگومان لە شاری

ئایدیای (فیلسوف_شا) قەدەغە دەکرا.
چاپەمەنی و تەلەفزیۆن و سایتەکانی ئینتەرنێت چی دەکەن، جگە لە دووبارەکردنەوەی هەواوەکان و نوێنەرایەتیکردنیان یان دروستکردنی واقیعی مەجازی.
عەیب و کەموکوڕی میدیاکان هەم بە زیادەڕەوی لە بەواپێکراویان دەگەیەنێتەوە و هەم بە ئەوەی کە زۆر دوورن لە هاستیەوە (جۆری متمانەیی ئەوان بە وردی هەکاری ئەو هاستیەیە کە ئەمە پێمان وایە هاستن). وەکوو ئەوەی (بێیلە) ئاماژەی پێدەکات، "هاستی هەندەکجار ناتوانێت ئاگاری نەبێت". سەبارەت بەوەی کە ئاگاری هەیە، دەکرێت هەندەکجار هاست نەبێت. ئەم کۆشێیە بە زۆر لە سەردەمی فێتگرافی و تەلەفزیۆندا سەرهەڵدەدات، چونکە توانای هایەزکردنی خەیاڵی هەیە.

هەندی باوککوژی لە مانی حەسار و سەگەکانی باوکم دا.. ئاراس سەعید

"دەستپێک و سەرەتا"

باوککوژی

میتەلەژیایی"باوککوژی وەکوو هەندەکی سیمبوولی و کولتووری دەگەیەنێتەوە بە کۆنترین پنتی کەمەڵ بڕایەکانی مرۆڤ. ئەمەش لە کتێبی "تەوتەم و تابۆ"ی "سیگمەند فرۆید" دا دەبینینەوە، کاتێک لە یەکێک لە کەمەگە بڕایەکاندا باوکێکی ستەمکار دەیەوێت کوڕەکانی بچەپێنێت و لە سێکسکردن لەگەڵ ژنانی ناو هۆزەکەی بەبەشیان بکات، بۆهەیەوە کوڕەکان باوکیان دەکوژن[1].لە میتەلەژیایی یونانیشیدا "ئۆفسانەی ئەدیپ" تراژیدیترین چیرۆکی باوککوژییە، لەلایەن شانووسی یونانی (سۆفکلیس – Sophokles)ەوە نووسراوە. پوختەی چیرۆکەکە لەبارەی خەزانی پاشای سیبینەوە دەوێت، کاتێک (لایەس) پاشا و شاژنە (جۆکاسبە) لە لایەن عەرافێکەوە پێیان هادەگەیەندرێت، لە ئایندەدا ئەوان دەبنە خاوەنی کوڕێک، کاتێک کوڕە گەورە دەبێت

باوکی خۆی دەکوژێت و دایکی لەخۆی مارێ دەکاتەوە.

کاتێک (ئیدیب) لە دایک دەبێت، جەکاسبی دایکی بۆتەوی پێشبینی عەرافەکە نەیتەدی، بەیار دەدات کوڕەکەی لەناوبەرێت. بەیە ئیدیبی کۆی ئادەستی شوانێک دەکات و پێی دەڵێت: ئەم منداڵە بەرە دارستانێک بۆ دارکەوە بیبەستەرەوە تاوەکوو دەمرێت. بەڵام شوانەکە دێی بۆ منداڵەکە دەسووتێ و فرمانی گوورکەی بەجێناهێنێت، بەڵکو منداڵەکە دەداتە دەستی خزمەتکارێکی (کەرینتەس) پاشا و پێی دەڵێت: بیبە بۆ خێت. خزمەتکارەکەی کەرینتەس، منداڵەکە دەباتەوە بۆ گوورکەی و ئاویش دەیکاتە کۆی خۆی. کوڵش لەژێر سایەی پاشادا دژێت و دەبێتە شازادە، بەڵام هەتا گوورە دەبێت نازانێت کە کۆی ئاستەقینەی (کەرینتەس) نییە. ئاژەکیان عەرافی پەرستگەی دەلفی پێی رادەگەینێت: کە گوورە دەبێت، باوکی دەکوژێت و پاشانیش دایکی لەخۆی مارە دەکات. ئاویش بۆتەوی لەم قەدەرە شوومە خۆی ڕزگار بکات، بەیار دەدات کە کەشک و مەملەکەتەکە بەجێبهێڵێت. کاتێک کە لەرگەی دەلفیەوە دەچێتە دەرە، لەڕگە لەگەڵ پیاوێکی پیرەپیاوکی ئینکاردا دەبێتە شەڕیان و پاشان کۆنتڕۆڵی خۆی لە دەستدەدات و ئەو پیاوەو خزمەتکارەکەی دەکوژێت، بەبە ئەوەی بزانێت کە ئەوەی کوشتوویەتی، باوکیەتی و پاشای سیبینێ و دواتریش شاژنە جەکاسبی دایکی مارە دەکاتەوە و کاتێک دەزانێت باوکی خۆی کوشتووە و لەگەڵ دایکی خۆیدا سەکسی کردووە، لەنەو ئازاری هەستکردن بەگوناهدا دەتلێتەوە و لە ئەنجامدا چاوی خۆی کوێر دەکات [2].

"گرێی ئیدیب"

فرۆید بە تەواوەتی لە (ئەفسانەی ئیدیب) چەمکی باوککوژی لە سایکۆلۆجیدا تیۆریزە دەکات. بەپێی ئەو تیۆریێ، (لیبیدۆ- Libido) مەتیقی کردەی باوککوژیێ، ئەمەش جۆرێکە لە گرێی دەروونی بە (گرێی ئیدیب – Oedipus complex) ناودێری دەکات. گرێی ئیدیب بەناوبانگترین تیۆریی سایکۆلۆجییە، کە شوناسی سوبێکتی سەکسی شرۆڤەدەکات. بەپێی ئەو تیۆرییە (گرێی ئیدیب) ئەوە پیشان دەدات کە مرۆڤ لە تەمەنی منداڵیدا، هەستێکی نائاگایی سەرنجڕاکێشی بەرامبەر بە دایباوکی ڕەگەزی بەرامبەر و کابۆری و ڕق لەگەڵ دایباوکی هاوڕەگەز بە دروست دەبێت.

فرۆید دەڵێت: هەموو منالێک و هەموو مرۆڤێک بەم گرێیەدا تێدەپەڕن. یەکەم ئوبێکتی لیبیدۆ بە کۆ، دایکیەتی. ئەو دایکی خۆشدەوێت و ڕقی لە باوکەتی، چونکە دایکی ئەمی وەک مەعشوقێک داگیرکردووە.

پاشان بەهای هەڵشەی باوکەو دووردکەوتنەو و ناچارە ژنەکی تر بکات، کە شەوی لە دایکی دەچێت. ئەم دوو هەستە، لە مرۆڤدا زۆر ئاشکرا و ئاگایانە نین، بەڵکو (نەستەکی) و نائاگایانەن[3]. پێشتر بینیمان لە تراژیدیایی سۆفکلیسدا ئەدیب نازانێت ئەوەی کوشتویەتی باوکی خۆیەتی، بەڵکو (لیبیدۆ) ئەو ماتە وزە سێکسییەی، دەکەوێتە سنووری (ئید) ەوە و دواتر لە لایەن (ئیگۆ) و (سوپەرئیگۆ) وە بەکدەخرێت و دابەش دەکرێت. بەپێی دەروونشیکاری فرۆید، (ئید) دیوە تاریکەکەی ناوەی ئەمەیە، کۆگایی جۆشوخرۆش و پاڵنەرە سێکسییەکانە. فرۆید پێی وایە: ئەبەکتی هەستبزوێنی کوە بریتییە لە دایک، دیارە دایکی ببەتە موکی ئەو. نا ئاگایانە لەژێر فشاری ئەنگۆزە لیبیدۆییەکاندا بە ئەوەی دایکی بەدەست بهێنێت، دەکەوێتە ڕقەبەرایەتی لەگەڵ باوکیدا.

لەئەنجامی ئەو ڕقەبەرایەتی گرێیەکی دیکە دروست دەبێت کە بە (گرێی خەساندن) ناودێر دەکرێت. گرێی خەساندن گوزارشت لە ترسی منداڵی نەرینە دەکات بەرامبەر بە باوک، بەوەی کە ئاگەر ویستی سێکسی بەرامبەر بە دایکی بنوێنێت، ئەوا باوکی بە بڕینی ئەندامی نێرینەی سزای دەدات و دەکەوێتە قەناغی متبووونەو. بڕیە لە میتۆلۆژیای سۆفکلیسدا، کاتێک ئەدیب تەدەگات لەگەڵ دایکی خۆی خەوتووە، هەست بە گوناە دەکات و لە سزای ئەمەدا چاوێکی خۆی کوێردەکات. بەپێی فرۆید، ئەم خۆکوێرکردنە، جۆرێکە لە خەساندن، واتە لەجیاتیی ئەوەی باوکی بیخەسێنێت، ئەدیب خۆی ئەم سزایە بەسەر خۆیدا پیادەدەکات. فرۆید بۆتەامان لە لیبیدۆی نەرینە، (گرێی ئەدیب) ئاوژوو دەکاتەو و (گرێی ئەلکترا) لە کچاندا دەدزێتەو. بەپێی شیکارییەکانی فرۆید، ئەبەکتی لیبیدۆی کچانە، مەیلی سێکسیە بە باوک. ئەشقی کچ بە باوکی دەبەتە هۆی ئەوەی لە دایکی دوور دەکەوێتەو و لەبەرئەوەی کچ (چووک) ئەندامی نێرینەی نیە، بڕیە هەستێکی نائاگایی سەرنجاکێشی بەرامبەر بە باوکی و ەکابەری و ەقی لەگەڵ دایکی بە درووست دەبێت، ئەم ئیرەیبردنە بە (چووک) ەقی کچ بەرانبەر دایکی زیاتر دەکات کە بچێ دانیێکی وای بەو نەبەخشیو[4].

"حەسار و سەگەکانی باوکم"

هەندی سیکسوالیتە

ەمانی "حەسار و سەگەکانی باوکم" یەکێکە لە شاکارە ئەدەبییەکانی (شەرزاد حەسەن) کە پێش دنیای پڕسەی ئازادی نوسراوە و هەشتا

دەقەکی زیندووە و کاریگەری خۆی لەدەست نەداوە. تەکستەکە دەربارەی دوونیابینی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و خەزانی کۆمەڵگەی کوردی دەوڵەت کە تەدا باوک وەکوو سیمبولی دەسەڵات پەیکەربەندی شوناسی سەکسی بکەر دادەڕێژتەوە. باککوژی وەکوو قوڵترین پنتی تەکستەکە لە دووگۆشە نیگا دا دەردەکەوێت. لەنیگایی یەکەمیدا وەکوو فەرمەکی کولتووری و سیمبولیی خۆی نمایش دەکات. لەنیگای دووەمدا باوک وەکوو بەهەندەکی بایەلۆژی و سایکەلۆجی دەردەکەوێت. دەتوانین بڵێن، کۆی بیرەکەی ڕەمانەکە لە ژێرکاریگەری ئەفسانەی باوککوژی ئەدیب نووسراوەتەوە. لەووی سیەسیەلۆجییەوە حەسار بریتییە لە دەستنیشانکردنی سنووردارکردنی سەکسوالیتێ، لەلایەن سیستەمە پاتریاریاکییەکانەوە. دەکرێت حەسار گوزارشت بێت لە کۆمەڵگەی پاتریاریکی لەڕێگەی نەرم و بەهاکانییەوە، شوێنی سەکسوالیتێ دەستنیشان دەکات و لە چوارچێوەی ئایین و مەڕاڵی دەستجەمعیەوە قەتیسی دەکات. وەکوو (ئەو کۆمەڵگە بڕایەی باوکەکی ستەمکار دەیەوێت کوڕەکانی لە سەکسکردن لەگەڵ ژنانی ناو هۆزەکەی بەبەش بکات.)

حەساری باوک پێ لەژنی جوانکیلە و کیژەڵەی نازدار، وەلێ بابێ، کوڕەکانی لە سەکسکردن لەگەڵ ژنانی نەو حەسارەکە بە بەش دەکات و دەیان چەپێنێت، زمانی هەرکەسێک دەبڕێت وشەی حەرام دەربڕێت، وەی بەحاڵی ئەو کەسەی خەون بە حەرامەوە دەبینێت.

حەساری باوک گوزارشتە لە سیستەمی پاتریاریکی ئایینی کە چەن سەکسوالیتێ کۆنتڕۆڵ دەکات. وەکوو ئەوەی (میشێل فۆکۆ) لە (مێژووی سەکسوالیتێ)دا دەڵێت: لە سەدەی هەژدەهەمدا کۆنتڕۆڵکردنی سەکس دەچێتە ئەستەی "پۆلیس" لە کاتێکدا پۆلیس ناتوانێت ئەم ئامانجە بەهێنێتەدی. پۆلیسی سەکس بەمانایی تووندووتێژکردنەوەی قەدەغەیەک نیە بەڵکو پەیوستی بە هەساببەندکردنەوەی سەکسە لە هەگەی گوتاری بەکۆکەهاتوو گشتییەوە. فۆکۆ دەڵێت: پێشووتر وشکان بەبێ هیچ کەدەک دەگوترانەوە، بەنام پۆلیسی زمانی و تەکنیکەکانی زمانەوانی وشەگەلێی عەیبە و ناشرینی داهێنا و سەکس لە نەو زماندا کۆنتڕۆڵکرا. جگە لە خەزانی (هاوسەرانە و ژووری دایک و باوک) ئیدی هەر زمانێک لەبارەی سەکسەوە بدوایە دەبوو بەدەنگ بکرێت. گوتاری ئایینی، گوتاری پەروەدەیی، گوتاری زانستی هەموو گوتارکان کەدکران. منداڵکان تەمەکران لەسەر نەگوتنی هیچ شتێک لەبارەی سەکسەوە. ئیدی سەکسوالیتێ بە بەدەنگی مایەوە و بارسوانی ئازادانەی لە نەو زماندا کۆنتڕۆڵکرا. ئەگەر کەسێک لەبارەی ویست و

خولیای سێکسی ئەوانیتر بدوایێ، دەبوو گوێیەکانمان بخەوێنن، دەممان لە بارەی خولیاو ویستەکانماوە دابخەین. ئا لەرەو دەسەڵاتی زمانی، سێکسوالیتەی لانەو تەکنیکی زمانەوانیدا کرد بە تابۆ، دەبووە وشەکان و گوتارەکان بپاڵێوین و لە فلتەریان بدەین[5].

بابەتەکە: هەرکەسێک بتەوێ ئەم حەسارەوە پێویستە بخەسێندرێت. هەرکەسێک خەونەکی سێکسی ببینێت دەبێت بیچڕێنێت. کەس بەی نیە لە حەسارەکەی بابەدا بیر لە شتی خراپ بکاتەوە. بەدیدی فەکە: چڕاندنی سێکس پێویستە بە تەکنیکەکانی دەسەڵاتەوە، کە هەژموونی خەی بەسەر سێکسدا دەسەپێنێت. کاتێک دەسەڵات توانای کۆنتڕۆکردنی جووڵەی سێکسی نابێت، ئیدی پڕۆسەی چڕاندن و سەرکوتکردن دەستپێدەکات.

باوک لانیگای یەکەمدا وەکوو هێمایەکی سیمبولی و کولتووریی، بەشداری دەکات لە داشتنەوەی پێکەربەندی شوناسی سێکسی مرۆڤ. کووشتنی باوک بەمانایی تەکشکاندنی کەی ئەو بڕیارەیە کە نکرێتانەی کە ئازادییە گریمانەکراوەکانی مرۆڤ سنووردار دەکات. کوشتنی ئەو پلیسەی کەمایەتییەی کە دەوێت، منداڵەکانی بگەڕێت بە تایپێک لەمرۆڤی گوڵایەڵ و چڕێنراو. باوک زیاتر لە چەند مانایێک هەڵدەگرێت، باوکی خەزانی، باوکی ئایینی، باوکی ڕووحی، باوکی ئیدەلەژی، باوکی کەمایەتیی. بەدڕبینێکی دیکە، باوک بەمانایی کەی ئەو سیستەمە پاتریاریکەی دوونیا بینی سێکسوالیتەی ئەمەی لەسەر بوونیادنراوە. بەدڕبیینە نیتچەیەکە: تەکشاندنی باوک، یەکسانە بە مەرگی نەم و ئەخلاقی ژەردەستە.

هێهەندی سایکەلەجی

لانیگای دووهەمی هێمانەکەدا، باوککوژی وەکوو هێهەندێکی سایکەلەجی بەسەر تەکستەکەدا زاڵە. دەتوانین "گرێی ئەدیب" لە کارەکتەری گەورەوەدا دەستنیشان بکەین، کاتێک دەڵێت: "دواژنی بابە نەبوایە، قەت نەم دەتوانی بیکوژم، وەی لە ئابی هەشتا بوکی مانگێک بوو، کە هێژکیان پڕەزی لەگرتم و لەسەر ناعوورەکە، بە قڕەجکەوە قڕە بەقڕەم وەستا. لاونیو تەم ئاما. مەکربازانە پتر خەی بەسەر شوورەکەدا شەکردەوە و مەکربازانە سنگ و قورسایی هەردوو مەمکی سوخمیان دادەی و باخەڵی کراسە تەنکەکیان پتر بە خواتر داخزاند و جێگەڵەی زەر تەنگی نەوان هەردوو مەمکانی گەژی کردم. لەوەدا بوو سەرم گەژ بخوات و بە نەو ناعوورەکە سەرانگرە بم. بە شەرمانە

پەی وتم: سەیری چی دەکەیت خەسیوی نامەرد؟! درێ دەکەیت...ئەگەر غیرەت لە دەمارتا هەیە ئەمشەو باوکت لەباوەشی مندا دەبێت، شەو نەرەمە."

بە "گرەی ئەدیبی" گوتووە، ئەبەکتی زە دایک لیبدەیی سەکسییە. گوتوویە ئەو نمایندە دەکات کە هەستەکی سەکسی سەرنجڕاکێشی بەرامبەر بە زەدایکی بە دروستی دەبێت و دەیوێت بەتەواوی بەدەستیبهێنێت و جێش و خرەشانەکانی (لیبیدۆ) دەیباتە شێ و کابەری و ق لەگێ باوکیدا و لەرەو بیرکەی باوککوژی لا گەاێ دەبێت. ئەبەکتی هەستبزونی کۆ بریتییە لە دایک، دەیوێت دایکی ببێتە مۆکی ئەو. نا ئاگایانە لەژێر فشاری ئەنگێزە لیبیدەییکاندا بە ئەوەی دایکی بەدەستبهێنێت، دەکەوێتە ق بەرایەتی لەگێ باوکیدا.

بەپێ سایکۆلۆجی فرەیدی، لەئەنجامی ئەو ق بەرایەتی گرەیەکی دیکە دروست دەبێت، بە "گرەی خەساندن" ناودێر دەکرێت. گرەی خەساندن گوزارشت لە ترسی مندالەی نەرینە دەکات بەرامبەر بە باوک، بەوەی کە ئەگەر ویستی سەکسی بەرامبەر بە دایکی بنوێنێت، ئەوا باوکی بە بەینی ئەندامی نەرینەی سزای دەدات و دەکەوێتە قەناغی متبوونەوە. خەساندن لە ەمانی حەسار و سەگەکانی باوکم دا، لە دوو نیگادا دەردەکەوێت. لە نیگای یەکەمیدا؛ بابە پشیلەکان و کرێکارەکانی حەسار دەخەسێنێت. وەکوو لە نەقڵێتەکەدا دەڵێت: ("چاکە هەر شەوی یەکێکیان دەخەسنم." واتا: پشیلەکان. لەنیگای دووەهەمیدا، گوتوویە خودی خەی دەخەسێنێت و دوای کوشتنی باوکی، وەکوو سزایەک لە گەکیدا پاڵ دەکەوێت تا کرم تەی دەدات و دەمرێت. ئەمەش لە کۆتایی تراژیدیای(سۆفۆکلیس) بەدیدەکرێن کاتێک پاشوانی ئەستوێکە بە سزای کوێرکردن، خەی دەخەسێنێت.

بە لیبیدەی کچانە باوک ئەبەکتی سەکسییە، لە کچانی حەساردا، بەشەویەکی بەرچاو خەی ئاشکرا دەکات. کاتێک گوتوویە باوکی ناو حەسارەکە دەکوژێت، کچەکان بەمەرگی بابە نیگەرانن و دەڵێن: "کوا چیت لە باوکی ءگید و چنگەڵمان کرد؟ کوا چیت لە مەردی خاسمان کرد؟ ئەو پیاوەی مندالەی نەو بەشکەیان پە دەترسان؛ ئەو پیاوەی چاپوکترین سوار و چاترین حەیران بەڕ بوو." کاتێک مندالە خەی دەخەسێنێت، لە دایبابی ەگەزی دوور دەکەوێتەوە دەیوێت کەسێکی دیکە، هاوشەوەی ئەبەکتی لیبیدەی سەکسییەکەی بدزێتەوە. ئەمەش لە دوای مەرگی باوکی حەساردا دەردەکەوێت، کە یەکێک لە کچەکانی حەسار عاشقی شەڵەی زەنوان دەبێت.

لە ئەفسانەکەدا لیبیدۆی سێکسی کۆنترۆڵکووشتنی باوک دەچێنرێت، وەلە لیبیدۆی سێکسی کچانی حەسار بەرووبونی خۆی نیشان دەدات، کاتێک گۆیەوە لە بارەی جێش و خرۆشانکانی خوشکەکانیەوە دەدوێت و دەڵێت: "خوشکە قیرەکانم بۆنی پیاویان نەکردبوو، لە حەیبەتان دەچوونە گژ ئاسپەکەی باوکم". بە تێکەڵشکردنی تیۆری سایکۆلۆجی فرۆیدی لە خوێندنەوەی تێکستەکە، تیۆری شیکاری خۆنەکان لە نیگایەکی دیکەی ئەفسانەکەدا دەردەکەوێت. کاتێک باوکە بەدزییەوە دەچێتە ژووری نووستنی کچەکان، لە جووڵەی لەوان و پەڕووی چاوەکانیان ورد دەبووەوە سەرپشی تۆی هەڵدایە سەردموچاوی زەردهەڵگەڕاوی خەم لەنیشتوویان، تا بزانێت بەدەم ئاپۆیەن لەخەوەوە ناوی چی نەرینەیەک دێتە سەر زاریان. بۆیە تیۆریی فرۆید، خۆن ناوەڕۆکەکی ئاوەز و شاراوەی لیبیدۆیەوە نەستەکییەکەوە هەیە، لە خەوندا خۆی تەردەکات. بەدەربڕینکی دیکە، سینارۆی خۆن لەپاشماوە چێنراوەکانی ئاژدا درووستدەبێت، لە کاتێکی نائاگایدا دەردەکەوێت و خۆی تەردەکات. فرۆید دەڵێت: هەر خەونێک بەدیهاتنی ئارەزوویەکی نەستەکی چێنراوە[6].

ئارەزووە لیبیدۆیەکانی کچانی حەسار لە خۆنەکانیاندا تەر دەکەن. هەندەکیان لەترسی ئاو باردەخە نەستەکییە، خۆیان دەبەستەوە، نەوەکو بەدەم خۆنەوە بێن و ئارەزووەکانیان لە شتەکانی دەوروبەر تەربکەن. سایکۆلۆجی فرۆیدی گرنگییەکی ئەجگار بە سیمبولەکان دەدات لە فەرماسیۆن ی خۆنکاندا. سمیبوولیش لە ئەفسانەکەدا هەن لە نموونەی (شمشێر و گۆچان و سندۆ) گوزارشتن لە (ئەندامی زاوزێی نێرینە).

سەرچاوەکان:

سيغموند فرويد: الطوطم والحرام. ترجمة جورج طرابشي، الناشر:دار الطليعة للطباعة والنشر، 2008.

The legend of Oedipus
https://www.greekmythology.com/Myths/Mortals/Oedipus/oedipus.html

Sigmund Freud: The Book of :(The Psychopathology of Everyday Life and (The Interpretation of Dreams ..1899) ..pdf

4.Sigmund Freud:(The Interpretation of Dreams ..1899)..pdf

ئاراس سەعید: لەبارەی مێژووی سێکسوالیتێ، ماپۆی چاوی کورد.

بەوانە:
https://chawykurd.com/2023/02/22/%d9%84%db%95%d8%a8%d8%a7%d8%b1%db%95%db%8c-%d9%85%db%8e%da%98%d9%88%d9%88%db%8c-%d8%b3%db%8e%da%a9%d8%b3%d9%88%d8%a7%da%b5%db%8c%d8%aa%db%95%d9%88%db%95/?fbclid=IwAR3S26X_r9OpyOLQ3obRHjEdnRNk0iBrXv0hcfu9x4q0PjcbuIt9wBWvD_o
(The Interpretation of Dreams.(1899
شەرزاد حەسەن: حەسار و سەگەکانی باوکم. چاپەمەنی مانگ، چاپی چوارەم، 2021.

ترس.. ئاراس سەعید

بە لەمودوا ئەو دەتوانن بەترسنۆک یان بەهەر ناوێکی دیکە پێتان خۆش بانگم بکەن… من لەئێزەلەوە ترسێک لەناوەومدا ئەژی، گەمە بە بوونم دەکات… ترس لە کەسانی چەپ، لەشەوی تاریک و ئەنگووستچاو، لە هەتیوبازەکانی شار، لە مزەمیدی لا کەسان، لەو مامەستایانەی بەدارەوە دەهاتنە کلاس، لە سەگ، لە پشیلە، لە ژن، لە پیاو، لە خودا، لە گەستان، لە هەژاری، لە چارەنووس، لە ژیان، لە مەرگ… کە منداڵبووم دایە بە پشتیری ئاژەڵەکان دەیترساندم، لەترسی ئەوەی پشیلە ڕەشەکان بەهەیوانەکەدا هاتووچۆیان دەکرد، خەم لەنەو جیگەکەمدا گرمەڵە دەکرد…شەوان دایکم بە چیرۆکی شەو و گورگانە شەوێنە دەیخەواندم، شەوکیان خەونم دەبینی شەو دەستی خستبووە ناقەڵەم و دەیخنکاندم…
بیرتە ئەوکات لەجگەکەتدا ڕاپەڕیت و دەتویست باوەش بەدایکتدا بکەیت، کەچی دایکت لە جگەکەی نەمابوو. ترسێک بەتەواوی تووشی دەڵەاوکێی کردی، هەموو جەستەت دەلەرزی، دەنگێک لە ژوورەکەی تەنیشتەوە تای شەهوەتی بەرزدەکردەوە، نازانم لەبەر ئەوەی بەباردەخکی دەروونی ناجگردا تەدەپڕیت، لەوباردەخە تەندەگیشتی یان بەهەی ئەوەو بوو هەشتا تەمەنت هەشت ساڵان بوو. بەترسەوە تا بەردەرگای ژوورەکەی تەنیشتت چوویت، ئەستاش ئەو دیمەنەت لە بیرە دایکت بەووتی لەژەر شەوەدا دەیقیژاند و نرکەو ناڵەی بوو. دەنیا نەبووییت ئەو باوکتە یان شەویە بەسەر دایکتەوە، بەڵام حەزت دەکرد بیکوژیت… هەرکاتێک بیرلەو دیمەنە

دەکەموو ووداوی (ئەدیپ پاشا)م بیردەکەویتەوە کە چەن توانی بوونەوەرێک بکوژێت کە باوکی خۆی بوو... لەو شەوەوە ترسێک لەگەڵ تەدا دەژی... ترس لەوەی شەو هەموو شتێکت لە بەرت وەکو چەن باوەشی دایکێتی لێتبرد.
لەو ڕۆژەوە لەهەموو شتێک دەترسم، ترس گواستراوەتەوە بۆنو هەموو ڕەهەندەکانی ژیانم، ترس لە قەڕەباغی، لە خۆشەویستی، لە ئازادی، لە نەمری، لە ژیان.
بەدەستخستنی هەرکات ترس بەرەکت دەگرێت یەکێک لە کارەکتەری (کۆنەی مەیمونە چەکدارەکان)ی (کاروان کاکە سوور)ت بیردەکەوێتەوە، کە دەیگووت: "هەرچی ئازایەتی و جەربەزیی ئەم دوونیایە لە ترسەوە سەرچاوەی گرتووە." بەڵام ئەوەی تێ لە کارەکتەرەکانی (کاروان) جیادەکاتەوە بوونی ژوورەکە، ڕەنگە ئەویش ژوورەکی هەبوایە خۆی لە هەموو ترسەکانی دنیا بشاردایەتەوە.
تەنیا ئەوانەی چەمکی (شۆن و زەمەن) ی (هادیگەر)یان خوێندووەتەوە، لەو ڕستەیە تێدەگەن، مرەف بۆئەوەی هەست بەناشوێن نەکات پێویستە ژوورەکی هەبێت.
ژوور مرەف لە ترس و نەعرەتە و ژاوەژاو دەپارێزێت، ژوور مانگەی ئارامی ئاسوودەگی ئینسانە... ناتوانی باوەڕ بەو وشانە بکەیت، کە دەینووسی. بە ساتێک بەترسەوە لە وشەکان ڕادەمێنیت، ئەوکات (گریگەری سامسا)ی کارەکتەری (فرانز کافکا)ت بیردەکەوێتەوە، کە چەن لە ژوورەکەیدا گەڵا بە قالەنچەیەکی ترسناک!
لە ژوورەکەتدا سەدان شەو لەگەڵ ڕاسکۆلینکۆف و لۆلیتا و ئاناکارینادا دەگریات، دەسپێت بەسەر ئیڤانکا تڕامپ و سپیلجان و ناسی عەجرەمەوە دەکرد، بەووتی هاتووچێت دەکرد و جوێنت بە منداڵەکانی بارزانی و تاڵەبانی دەدا. ویسکیت دەخواردەوە و بەدەنگی بەرز کوفرت دەکرد، دەتگووت: "خودا لەترسی تەنهایی جیهانی درووستکردووە". جگەرێت دەکێشا و بیرت لە نەمری و زەمەن و مرەف دەکردەوە... ئاخر مرەف تەنیا لە ژوورەکەیدا زەمەنی بیردەچێتەوە. مرەف پێکهاتەیەکی زەمەنییە، هەموو ترس و دڵەڕاوکێیەکانی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە زەمەن ئاستێی دەکات بەرەو مەرگ. بیرتە (کەتین)ی کارەکتەر ڕەمانی (ژاوژاو تووندوو تیژ _ the sound and the fury)ی(ولیام فۆکنەر) ئەو کاتەی باوکی کاتژمێرەکەی پێ دەبەخشێت پێ دڵێت: من بە ئەوە ناتدەمە زەمەنت بیربێتەوە بەڵکو بە ئەوەیە جاروبار زەمەنت بیربچێتەوە... بەساتێک بیر لە ژیان و مەرگ دەکەیتەوە، بە دەستخێت نیە کە دەتوانێت کتایی بە چیرۆکێک بهێنیت، کتایی ڕەمانی(بە نەوایان Les Misérables) ی (ڤیکتەر هیگۆ)ت بیردێتەوە کە (ژان ڤالجان) بەو گوزارەیە کتایی بەژیانی

خی هنا: " ئوی ترسناکە نەمریە، ئوی ترسناکە نەژیانە."

فەلسەفەی ئەخلاق.. ئاراس سەعید

"پێشکی"

فەلسەفەی ئەخلاق بابەتکی ئاسان نیە، بۆیە هەندێ ساکار نیە بتوانین بە چەند گوزارەیک پێناسەی چەمکی ئەخلاق بکەین. وەکو "سوکرات" دەڵێت: (ئەمە لە بارەی بابەتکی بچوکەوە گفتووگۆ ناکەین، بەڵکو سەرقاڵی گفتوگۆ کردنین دەربارەی ئەوەی کە دەبێت چۆن بژین؟) پرسی فەلسەفەی ئەخلاق پرسکی یەنگرسالە و لە مێژووی هزری مرۆڤدا، مشتومڕی فەلسەفی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە و هێواشە و تەنانەت بیرمەندان و فەیلەسووفان جیاوازی لە ئەمپرسەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فاکتەرانەی کە پێوەستن بە بابەتی فەلسەفەی ئەخلاقەوە، چونکە لە بنەڕەتدا فەلسەفەی ئەخلاق بابەتکی فرە هەندە و پانتاییەکی زۆر داگیردەکات لە مێژووی هزری مرۆڤدا. بۆیە ئاسان پێناسەیەکی هەڵها و سەرتاپاگیر بە فەلسەفەی ئەخلاق بکەین، بەڵام لەگەڵ گەشەکردنەوە و ئاوێتەکردنی خاڵە کەکانی قوتابخانەکانی "فەلسەفەی ئەخلاق"ەوە، دەتوانین، بە دەربڕینکی لێکیانە، پێناسەیەکی کامڵ بە فەلسەفەی ئەخلاق بکەین، بە مەدلوولە یونڤرسالیەکەی.

سەرەتا بابزانین فەلسەفەی ئەخلاق چیە؟ چونکە (فەلسەفەی ئەخلاق) گرێیەکی ناوی لێکدراوە و لە بنەڕەتدا، لە دوو ناوی واتادار پێکهاتووە، کە ماهیەت و ناوەڕۆکی تایبەتیان هەیە. بە هاوئاهەنگکردنەوەی بابەتکەمان پێویستە هەردوو تەرمەکە بناسنین. یەکەم: (فەلسەفە: هونەری پرسیارکردنە. گرێانە بەدوای ئەو پرسیارە ئەقڵانیانەی کە بە "چی و چۆن و بۆچی" دەستپێدەکات، لەگەڵ پشکشکردنی ئارگومێنتی کامڵەوە بە گەیشتن بە دەرئەنجامکی ئەقڵانی). دووەم:(مەعریفە: بریتیە لەو زانستە و هەساو یاسایانەی بەسەر کردەکانی مرۆڤدا سەپراون، کە دڵشت دروست بن، یان نادروست بن.)

وشەی "فەلسەفەی ئەخلاق" وشەیکی لێکدراوە و لقکی سەربەخۆیە، لە

لقکانی فەلسەفە. کاتێک فەلسەفە دەبێتە "دیارخەر"ی ناوەک. ئەوا کاری فەلسەفە پرسیارکردنە لە "دیارخراو"ەکەی. ئەگەر "ئەخلاق" ئەو نەریتەم و یاسا و دەسایانەبن کە بەسەر کردەکانی مرۆڤدا سەپێنراون، ئەوا فەلسەفەی ئەخلاق دەپرسێت بۆچی دەبێت من مامۆستاکانم ئەخلاقی بن؟ یان لەو بڕیارانە دەکۆتاییو دەپرسێت بۆچی فڵان مامۆستا نادروستەو فڵان مامۆستا دروستە.

"ئەخلاق چیە؟"

لە زمانی ئینگلیزیدا کۆک لە تێرمی "moral _ ethics" وەردەگرن. چەمکی ئەخلاق بەهۆی دینامیکیەتی فرەهەندی لە بەکارهێنانیدا، گرفتی لەبەردەم تێگەشتنمان دروستکردووە. ئەمەش پەیوەندی بە نەزانینمانەوە نیە، بەڵکو چەمکەکە خۆی لە خۆیدا فرەهەندە و بەهۆی ئەوەی خودی زارەوەکە لەزمانی عەرەبییەوە هاتۆتە نێو فەرهەنگی کوردییەوە، دژواری و ناڕوونی دروستکردووە. لە بەهۆی دووەمەندی فەرهەنگی کوردییەوە دەتوانین کۆک لە هەردوو تێرمەکە وەربگرین و بینایی تێگەشتنی خۆمان فراوانبکەین. بەبێ شیکردنەوە و وەرگێڕانی چەمکی "مەڵا" و ئیتیک" ئێستە لە بابەتەکانی فەلسەفەی ئەخلاق تێبگەین. "مەڵا" لە زمانی کوردیدا بڕانبەر بە وشەی "ئاکار". کە لە بابەتەکانی "فەلسەفەی ئاکار" دەکۆتاوە، بە "میتا ئاکار" یان "ئاکاری شیکاری" ناودەبرکراوە. وەکو ێیساو تیەریێ ئاکاریێکان و لێکدانەوەی بنەماکانی ئاکار و ...هتد. بەڵام گەلێک چەمکی "ئیتیک" وشەیەکی گریکێ و دەگۆڕێتەوە بە وشەی "ئیتۆس"کە لەزمانی کوردیدا، بەواتای "ڕەوشت"دێت. ڕەوشت بابەتێکی خودییە و پەیوەستە بە هەڵوەست و بڕیارەکانی تاکەوە. لە بەشی داهاتوودا بۆچی لەسەر ئەم چەمکە دەوەستین. بەگشتی لەم وتاردا، لەبارەی فەلسەفەی "مەڵا-ئەخلاق "دەدوێن لە ڕێگەی شیکردنەوەی پێناسەی ئەخلاق و تیەریا و ڕێباز و قوتابخانە جیاوازەکانی فەلسەفەی ئەخلاقەوە.

وەکو لە پێشەکیدا ئاماژەمان پێدا کە فەلسەفەی ئەخلاق، بابەتێکی ئەبستراکتی ئاڵۆز و هەندە ساکار نیە بتوانین بە چەند گوزارەیەک پێناسەی چەمکی ئەخلاق بکەین، بەڵکو لە ڕێگەی پێناسە و بۆچوونە فەلسەفییەکانی فەیلەسووفەکانەوە، لەبارەی فەلسەفەی ئاکارەوە دەدوێن. دیدگای فەیلەسووفان بە پرسی ئەخلاق جیاوازە، ئەمەش هەکارێک بوو لەکدژی لە نێوان بیروبۆچوونەکانیان دروستبوو. بەپێی ئەو قۆناغانەی بەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤدا تێپەڕیون، مرۆڤ هزری خۆی ڕزگارکردووە لە کێت و بەندە ئایینی و ئایدۆلۆژیەکان و

توانیویەتی لە ڕێگەی درککردنی ئەقڵانییەوە دیاردەکان تەتەبکات. بەنمونە فەیلەسووفان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، پرسی ئەخلاقیان وابەستە دەکرد بە باوەڕەهێنان بەخوداوە. وەکو "جەرج بەرکلی" لە دیالۆگی سیمیدا، "هیلیاس" ووی گوفتاری کردەتە "فیلۆنەس" کە بەرکلی خۆیەتی و پێی دەڵێت (باشە تە نازانیت ئەگەر خودا بکەی بە داهێنەری هەموو قسەوما و ووداوەکانی سروشت هەر خودا خۆی دەکەیت، بە داهێنەری کووشتن و کوفر و بەدکاری و بە باوەڕی و گوناهـ و تاوانی نابەجێ).

بە قسەکردن لەسەر فەلسەفەی ئەخلاق پێویستە بگەڕێنەوە بە فەلسەفەی کلاسیک. "سوکرات" یەکەمین فەیلەسووفە لە مێژووی هزری مرۆڤدا چەمکی ئەخلاقی بە شێوازێکی زانستی شیکردەوە. یۆنانییەکان پێشەنگن لە پەرەپێدان بە توانا زەیینییەکانی مرۆڤ. یەکێک لە گرنگترین و دڕوشاوەترین ئەو دەستکەوتانەی شارستانیەتی یۆنانی کۆن دای هێناو بە مرۆڤایەتی بەخشی، بریتیە لە بایەخدان و دەزینەوەی بنەمایەک بە ناوگرتن لە تاکەکەس.

"فەلسەفەی ئەخلاق و ڕێبازەکانی"

ئەگەر لە هەر قوناغێک لە قوناغەکانی مێژووی فەلسەفە ڕابمێنین؛ ئەوە بەدی دەکەین کە پرسی ئەخلاق مایەی گرنگی پێدان و تەوەجوهامان بووە لەلایەن فەیلەسووفانەوە. ئەگەر بمانەوێت لەسەر تەواوی ئەو بیروبۆچوونانە ڕابوەستین، دەنگە لە زنجیرە کتێبێکیشدا نەتوانین مافی تەواوی پێبدەین. ئێم نووسینەی بەردەستان بەکورتی لەسەر گرنگترین قوتابخانە و ڕێبازەکانی فەلسەفەی ئەخلاق دەدوێت.

1. ئەخلاقی سوکراتی.

ئەوەی بە ئێمە تا ڕادەیەکی باش ڕوونە ئەو دەزەی هزری "سوکرات" ی بەخەیاڵەوە سەرقاڵکردبوو دەزی ئەخلاق بووە. فەیلەسووفانی پێش "سوکرات" لە بابەتە سروشتیەکانی وەکو ماددەیی سەرەتایی و ئەستێرەناسی و ..هتد کۆیوونەتەوە، بەڵام سوکرات لە دیالۆگی بەرگریکردن دەڵێت: (من چیم داوە لە بیرکردنەوە سەبارەت بەشتە سروشتیەکان). سوکرات زانست بە شتێکی بە بەرهەم نازانێت، بەڵکو گرنگی بەفڕبوون و گەیان بەدوای زانست دەدات. ئەو چەمکی "ئەخلاقی"ی وەکو بابەتێکی ئیپستمۆلۆژی بەکارهێناوە"، ئەگەر چی شانبەشانی "سوکرات"سۆفستاییەکانی یۆنانیش دەربارەی ئەم چەمکە

دواون، بەام یەکەمین فیلەسووف "سوکراتە" تیۆریەکی ئیپستمەلۆژی ئاوەتەی ئەم چەمکە دەکات. سوکرات دەڵێت: (کاتێک مرۆڤ کردەیەکی هەڵە ئەنجام دەدات، نەزانە، چونکە زانیاری پێشینەی دەربارەی کردەکەی نیە).

لەرەو ئەو هەوون دەبەتەوە کە لەدیدی سوکراتەوە ئاوەز سەنتەری بیرکردنەوە و کردە ئاکارییەکانی مرۆڤە. تەوانینی سوکرات دەربارەی مەعریفە، بریتییە لە دەزینەوەی هاستی و چاکە لەگەگەی لەگەسەوە. ئەو دەڵێت (هیچ کەسێک بە قەستی و لە ئەنجامی هەشیاریەوە تووشی گوناهـ نایەت، هەر بۆیە تەنها هەشیاری دەتوانێت مرۆڤ بگەیەنێت بە فەزیلەتێکی تەواو). ئەم جۆرە میتۆدە بە ئیتیکی هاشیەنالیست (ئاوەزگەرایی)ناسراوە. لەدیدی سوکراتەوە تاکە مەتیق و ئەنگیزە ئاکارییەکان مرۆڤ ئاوەزە، چونکە ئەو پێی وایە چاکە زانینە. لەمەژووی فەلسەفەدا دوو شێوە تەوانین بەرانبەر ئەقڵانیەت هەبووە، ئەویش (میتۆدی دانپیانان و میتۆدی گەخنەگرانە)یە. لە وتە بەناوبانگەکەی سوکراتدا، بەمان دەردەکەوێت کە میتۆدێکی گەخنەگرانەی پەیەوکردووە کە دەڵێت: (ژیانێک تاقینەکراوەتەوە، بە مانایی ژیان نایات). تاقیکردنەوە، واتا گەخنەکردن و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو شتانەی زانینێکی ساختەمان لە بارێوە هەیە. "سوکرات" یەکەمین فیلەسووفە لەگەگەی گەخنە و هەڵوەشاندنەوەی پرسە چەقبەستووەکانەوە هەنگاو دەنێت بە گەشەکردنی زانستی و ئاشکراکردنی فاکتەکان.

"کاڵە پەپەر" پشتەاستی ئەوە دەکاتەوە دەڵێت: (کاتێک ئەمە دەزانین هەڵە و کەموکورتی تیۆریەکەمان لە کۆدایە، هەنگاوێک لە زانین نزیک دەبینەوە). لەدیدی ئەوەوە ئەگەر بمانەوێت گرفتە ئاکارییەکانمان چارەسەر بکەین، پێویستە سەرچاوەکانی زانینمان زیاد بکەین. "سوکرات" پێی وایە هوشیاری و زانین خێی لە خێدا فەزیلەتەو گوناهـ و تاوان زادەی جەهل و نەزانین. ئەقڵ (ئاوەز) گەنوینکەرە بەرەو چاکە.

"گەخنە لە ئەخلاقی سوکراتی"

ئایا ئەخلاقی هاشیەنالیست(سوکراتی) لەگەڵ پشکەوتنی شارستانیێت و تەفرکردن وتەوانینی مرۆڤدا، شانبەشانی فەلسەفەی مەدەرن و زانستی نوێ، چەن خوەندنەوەی بە دەکرێت. ئایا دروستە ئەقڵ پانەر و سەرچاوەی کردە ئەخلاقیەکانی مرۆڤ، وەکو هادیگەر دەڵێت: (شوانێک لەناوەوەی منداڵ گەنمونیم دەکات)، ئایا ئەو شوانە هەمیشە بە

ئاگایە و ھێنمونیەکانی تەواو و دروستە. زانستی مۆدێرن و دەرکەوتنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی دەوونشیکاری کە "سیگمەند فرۆید" بەدامەزرێنەری قوتابخانەی دەرووونشیکاری دادەنرێت، پێی وایە، ئۆقرەی مرۆڤ بەردەوام لە ژێر کەت و بەندەکاندایە. ئۆقرە دیلی کۆمەڵک کەت و بەندە. "سوکرات" زانیاری دەربارەی ئۆقرەی نائاگایی و ئێنگزە و مەتیقە دەرووونیەکانی مرۆڤ نەبووە، بەڵکو دەکەوتە ژێر کاریگەری ھەموو کات چالاکانە لەدەخی ئاگایدا نیە، بەڵکو لەژێر کاریگەری غەریزە بایەلۆژی و مەتیقە دەرووونیەکاندا کردە دەوەنت. مرۆڤ کاتێک ژیان و ھەگزی دەکەوتە ژێر مەترسی لەناو چوونەوە، زانیاری دەربارەی چەمکی باشە ھەیە، بەڵام لەژێر کاریگەری مەتیقە دەرووونیەکاندا ھەڵەی ئاکاری دەکات با نمونەیەک بھێنینەوە.

بۆ نمونە، پزیشکێک پسۆڕەی بواری ھەناوییە، کەچی جگەرە دەکێشیت. ئەو دەزانێت جگەرە کێشان زیان بە سیستەکانی دەگەیەنێت، زیان گەیاندن بەخود، مامۆستایەکی ناردوستە، کەچی جگەرە دەکێشێت. سوکرات دەڵێت: (ھیچ کەسێک لە ئەنجامی ھەڵیاریەوە تووشی ھەڵە نابێت) بەڵام پزیشکەکە ھەڵیارە، کەچی جگەرە دەکێشیت. زۆرێک لە فەیلەسووفان و بیرمەندان ڕەخنە لە ئەخلاقی "سوکراتی" دەگرن. بەڵام ئەمە بەواتایی ئەوە نایات، بە چوونەکانی "سوکرات" ھیچ گرنگیەکی نیە.

2. ئەخلاقی خودی subjectivism in ethics

"دیقد ھیەم" فەیلەسووفی ئینگلیزی بە دامەزرێنەری ئەم ڕێچکەیە دادەنرێت، لە فەلسەفەی ئەخلاقدا. ھیەم دەڵێت: (ھەر کردەوەیەکی تاوانکاری وەربگریت، لە ھەموو ڕوویەکەوە لەی بکۆڵیەوە پاشان بزانە دەتوانێت فاکتێک یان توخمێک دیاری بکەیت لە جۆھەری ئەو خراپەکاریەیە، بە نمونە تا ھەرگیز ناتوانێت ئەو توخمە دیاری بکەیت، ھەتاوەکو ئاراستەی لێکۆڵینەوەکە ڕووبەرووی خەت نەکەیتەوە). ئەو پێداگری لەوە دەکات، کە ئەگەر ئەمە بوردی سەرنج لە ھەر بەدکارییەک بدەین، کاتێک دەتوانین لە جۆھەری ئەو بەدکارییە تێبگەین، کە تاوانکەمان ڕووبەووی خەمان کردەوە. بە نمونە، کاتێک لێکۆڵگەی مامۆستایەکەوە کەسێک بریندار دەکەین. جا ئەگەر مامۆستاکە تووندووتیژی "سیمبولی"بێت، واتا تووندوتیژی لە ئاگەی زمانەوە وەکو جۆن، سوکایەتی. یان تووندووتیژی لە ئاگەی

هەڵوە. ئەمە ناتوانین لە جۆهەری ئەو خراپکارییە تێبگەین، تا هەمان کردەوە ووبووی خەمان نەکەینەوە.

بەبۆای "هیەم" لە ئەخلاقی خودیدا، مرۆڤ لەڕگەی هەست و سۆزەوە درک بە جۆهەری بابەتیانەی بۆها ئاکارییەکان دەکات، ئەمش پێچوانەی بە چوونەکانی پێش خۆیەتی کە پێیان وایە ئەقڵ سەنتەری کردەکانی مرۆڤەو و، لەڕگەی هۆشیاری و زانینەوە درک بە بۆها ئەخلاقییەکان دەکات. هیەم فەیلەسووفێکی ئەزموونگرابوو، بە بۆای ئەزموونگراکان (زۆینی مرۆڤ کاغەزێکی سپییە و لەڕگەی ئەزموونکردنەوە درک بە جیهانی دەوروبەر دەکات. بەپێی پێی وایە مرۆ لەڕگەی هەستەکانییەوە درک بە بۆها ئەخلاقییەکان دەکات.) کاتێک پرسی ئەخلاق دێتە پێشەوە، مرۆڤ ئەو پرسیارەی لا دروست دەبێت ئایا دەکرێت بنەماکانی ئەخلاق سەرچاوەی ئەقڵ-ئاوەز بن؟ وەکو ئەوەی لە فەلسەفەی ئەخلاقی سوکراتدا بەدیمانکردن، کە دەزینەوەی بنەما ئەخلاقییەکان و فاکتەر و پاڵنەری دەستاتدار بەسەر کردەی ئەخلاقییەوە ئەقڵە. "دەیڤد هیەم" سەر بەڕچکەی ئەزموونگرایی-ئیمپیریە بەو پێەی پەداگرییەوە لەبازی ئەقڵانی دەخاتە لاوە. کە باسی ئەخلاق کرا ئەو پرسیارە دەکرێت کە چاکەکاری چیە و چۆن لە بەدکاری جیا دەکرێتەوە؟ کامە فاکتەر دەبێتە مایەی پەسەندکردنی کردارێک و نا پەسەندکردنی کردارێک.

هیەم پێیوایە لەبازی ئەزموونی دەکات و پێ وایە هەست و سۆز سەرچاوە و بنج و بنوانی بنەماکانی ئاکارە. ئەو دەڵێت: (هەندێک لە فەیلەسووفان بەو پێەی دڵگرمییەوە ئەو دیدە و سەرنجیان بەاوکردەتەوە گوایە پرسی ئەخلاق، پرسێکی ئەقڵانییە. ئەگەر چی هیچ کەسێک لە سەلماندنی ئەوەدا هەنگاوێک بەرەو پێشەوە هەنگاوی نەناوە). ئەو پێی وایە هەست و سۆز درک بە بنەماکانی ئەخلاق دەکات، بە نمونە (سۆز و هەست لە ناخی مرۆدا هەڵدەقووڵێن و لە بەرانبەر چاکەکاریدا هەست بە چێژ و خۆشی دەکەن، لە بەرانبەر بەدکاریشدا بێزار و دڵتەنگ دەبێت).

3- ئەخلاقی کەڵکگرایی.

ئەم لەبازە لەگەڵ سەرهەڵدانی فەلسەفەی لیبڕاڵیزم سەری هەڵدا، لە ئێستاشدا لەبڕاڵیزمی نوێ و سیستەمی سەرمایەداری ئەم وانگەیە لە ژیانی کرداری خەیان پڕاکتیزە دەکەن، لەوانگەی ئەمانەوە لەکەڵینەوکان لە کردەکانی مرۆڤ لە خودی سەبجێکت و کارەکە نیە، بەڵکو تەوانینە لە ئەنجامی کارەکە ئایا باشە یان خراپ،

دەستکەوتی زیاتر یان زیان، وەکو نوێکردن لە پێناوی ئازکردنی خودا لە خۆت و بەدەستهێنانی بەهەشت، یان لێناوبردنی کەمێک مرۆڤ بەبیانوی تێکدانی ژیانی زرینەوە. فیلەسووفی لیبێرالیست "جۆن ستیوارت میل" و "جەرمی بێنسام" بە دامەزرێنەری ئەم ڕێبازە دادەنرێت. میل تیۆری کێکگەرایی بەم شێوەیە داشتووە: (ئەندیشەکانی باردۆخێک کە ئاواتەخوازین بەدی بێت، باردۆخێک کە هەموو ئەوانەی تێدا دەژین تا ئەو شوێنەی دەتوانن بەختەوەر و باشبن. هەر لێرەوە کاتێک دەپرسین چی بکەین، لە خەمان دەپرسین کام مامێک دەبێتە هۆی فراهەمکردنی زۆرترین بەختەوەری، بە هەموو ئەوانەی کاریگەر دەبن، بەو مامێکیە. هەر لێرەوە ئێخلاق دەخوازێت ئەو بکەین کە باشترینە). ئەم دۆقە گوزارشتە لەوەی کە باشترین مامێکی ئێخلاقی ئەویە، کە زۆرترین بەختەوەری بە هەمووان فراهەم بکات. لە ڕوانگەی میلەوە ئێخلاق بریتیە لە فراهەمکردنی بەختەوەری بۆ جیهان، بەڵام ئەم تیۆرە بەشێوازێکی تر، کێکی لەوەرگیراوە.

"بینسام" دێڵیت: (تەنها یەک بۆچوونی هەیە، ئەویش پێنسیپی کێکە). مەبەست لە پێنسیپی کێک ئەو ئامانجەیە کە مامێکە هێگرتووە و تاچەند کێک بە بەرژەوەندی گشتی دەگەیەنێت. بە نمونە مرۆڤ کاتێک مامێکیەک ئەنجام دەدات، دەبێت ئەنجامی مامێکە لەبەرچاو بگرێت. ئایا زۆرترین کێک بەخێی و بەبەرژەوەندی گشتی دەگەیەنێت، یان نا. ئەگەر مامێکیەک بووە هۆی فراهەمکردنی زۆرترین کێک، ئەوە مامێکیەکی ئێخلاقییە.

4- ئێخلاقی ئەرکگەرایی.

فیلەسووفی ڕەشنگیری "ئیمانیەل کانت" بە دامەزرێنەری ئەم ڕێبازە فەلسەفیە دادەنرێت. وەکو زۆر فیلەسووفی دیکە، "کانت" لەو بڕوایدا بووە کە ئێخلاق دەکرێت لە پێنسپێکی باڵا و ئۆپێیدا(ultimate) گوزارشتی لێبکرێت، کە ئەرک و ناچارییە ئێخلاقییەکانمانی لەو هێبقوڵێت. "کانت" بە فەرمانە بنبڕەکان ئەم پێنسیپە دەستنیشان دەکات و بەم شێوازە گوزارشتی لە دەکات: (تەنها بەپێی ئەو ماکسیمە-حیکمەتە ڕەفتار بکە، کە لەهەمان کاتدا ویستی ئەوێت هەبێت بەهەی (ئیرادەتەوە) ببێتە ڕێسایەکی گەردوونی).

" کانت "مەرجی پێشینی هەیە، کانت گەورەترین فیلەسووفە کە وەرچەرخانی کۆپەرنیکەسانەی لە فەلسەفەدا کرد. ئەویش ئاڕاگەرکردنی (سوژە و ئەبژە)بوو. لەڕوانگەی کانتەوە، زەینی مرۆڤ کەمێک ڕێساو یاسا و قاڵبی هەیە، کە پێشینین. مرۆڤ کاتێک لەڕاگەی هەستکانەوە

لە سروشت و جیهانی دەوروبەر دەکۆتەوە، هەوێنی دەزینەوەی نهێنیەکانی سروشت دەدات. کاتێک لە ڕێگەی لێگەڕانەوە سەرقاڵی ئامان و تێفکرینە، هەوێنی ئەوە دەدات نەزم و یاساکانی زەین بەسەر سروشتدا بسەپێنێت. لەپێشوودا دەیان گووت (زەین ئاوێنەی عەینە) کە بەپێی تێگەیشتنی خەی زانیاریی دەربارەی شتەکان وەردەگرێت. بەڵام لە ڕوانگەی "کانت"ەوە زەین چاویلکەیەکە بەشێوەی عەدەسەکەی جیهان دەبینێت. کانت بەوایی بەنەزم و ڕێکپێکی هەبووەو پێی وایە، زەین یاساکانی خەی دەسەپێنێت بەسەر جیهاندا، بە یە دەڵێت: (ئاسمانی پڕ ئەستێرە و یاساکانی سروشت لەسەر سەرمە و یاساکانی مۆاڵیش لە ناوەوەم دایە). کانت مەرجی پێشینی هەیە دەربارەی چەمکی مۆاڵ، ئەویش "سەربەست" بوونە. بەیە لەمڕووەوە گوتویانە مرۆڤی کێلە بەدەرە لە هەموو ڕێسا ئاکاریەکان، ئەستە دەڵێت: (مرۆڤی ئازاد ئەو کەسەیە، سەر بەخەیەتی). کەواتە کێلە کێیە؟، بەگومان سەر بەکەسێکی ترە، سەربەست نیە، لە بەیاەدان و خاوەندارێتی کردە ئاکاریەکانی ناکات.

مۆاڵ لە پوختترین پێناسەیدا: (مامۆیەکە لە نێوان دووکەسی سەربەست و خاوەن ویست و ئیرادە). کانت مەرجی لەپێشینەی هەیە، ئەویش "سەربەست"بوونە، واتا ئەمە تا سەربەست نەبین ناتوانین خاوەندارێتی لە مامۆکانی خەمان بکەین. جیا لەمە کانت بە شێوەیەکی دیکەش گوزارشت لە فەرمانە بنەڕەکان دەکات و دەڵێت: (بەشێوەیەک مامۆ لەگەڵ ئەوانیتردا بکە، مرۆڤ خەی لە خەیدا ئامانج بێت، نەک ئامراز بە ئامانجێکی دیکە). "کانت" میتەدێکی ڕەهای گشتی پێشکەش دەکات، دەڵێت: (هەرگیز ناتوانیت، مامۆکێت وەکو مامۆیەکی دروست بناسێنی، تا نەتوانێت مامۆکێت بکەیتە ڕەسایەکی جیهانی). واتا کاتێک مامۆیەکی دروستت ئەنجام داوە، بتوانی ڕەساکانی زەینی بەسەردا بدەیت و بیکەیتە مامۆیەکی جیهانی. بە نمونە کاتێک مرۆڤێکی قەرزدار ئامانتێکی کەسێکی لایە، ئەگەر بیەوێت قەرزەکە نەگەڕێنێتەوە بە خاوەنی، ئەگەر توانی مامۆکە بکاتە مامۆیەکی جیهانی، واتا کەسێک قەرزداری خەیەتی و بەی نەگەڕێنێتەوە دروستە. یان کەسێک دەیەوێت کەسێک بکوژێت، ئەگەر بەلایەوە ئاسایی بێت، کەسێک خەشی بکوژێت و کووشتن بکاتە ڕەسایەکی جیهانی، ئەوە دروستە.

کانت لەژێر کاریگەری "مەسیح" دا، ئەم تیەریایەی داشتەوە، مەسیح لە کتێبی پیرۆزدا وتەیەکی بە ناوبانگی هەیە، دەڵێت (چیت بە خێت پێ خۆش، بە براکانیشت پێت خۆش بێت). بەڵام "کانت" میتەدەکە

لەبراوە دەباتە کۆنکستکی جیهانییەوە و تەوانینی ئەو بەو واتایە دەت، چیت بە خت پەخشە، بە جیهانیش پت خش بت. ئم هەبازە بە هەبازی ئرکگرایی ناسراوە، واتا چاکە خی لەخیدا ئرکەو ئامانجکی بە ئامانجە.

"ئەنجام"

فیلسووفان بەشەوازی جیاواز، بەچوون تەوانینی خیان لەبارەی پرسی ئەخلاق خستەتە ەوو. دەکرت بەچوونی هەموو فیلسووفان لە سە قوتابخانە سرەکییەکەی فلسفەی ئەخلاق کبکینەوە. کە ئمانەی خوارەوەن.

"ئرکگرایی"

بەیەکک لە قوتابخانە سرەکییەکانی فلسفەی ئەخلاق دادنرت، لەلایەن "ئیمانیەل کانت" فیلسووفی ەشنگریەوە دامزراوە. ئم ەوانگە فلسفییە لە ئامانج و سوود و قازانجی کردەکانی مرۆف ناکەتەوە، بەکو لەدیدی ئەوەوە چاکە ئرکەکی هەیە. واتا (چاکە ئامانجی بە ئامانجە) چاکە ئرکە لە پناوی چاکەدا، بەنموونە باشبوون لەپناو دەستکەوتنی ناوبانگ، یان ئەنجامدانی کاری باش لەپناوی ەازیکردنی خودا و دەستکەووتنی بەهەشت، لەەوانگەی ئرک گرایەوە نادروستە. ئم ەوانگە فلسفییە پ وایە، چاکە ئرکە و مرۆف دەبت بە ئرکی خی هەبست.

"پەاگماتیزمی کۆگرایی"

ئم ەوانگەیە زیاتر لەگەڵ سرهەدانی فلسفەی لیبرالیزم سری هەدا، لە ئستاشدا لیبرالیزمی نو و سیستمی سرمایەداری ئم ەوانگەیە لە ژیانی کرداری خیان پەاکتیزە دەکن، لەەوانگەی ئم قوتابخانەیەوە لەکەینەوەکان لەخودی سبجکت و خودی کارەکە نیە، بەکو تەوانینە لە ئەنجامی کارەکە ئایا باش، یان خراپ، دەستکەوتی زیاترە یان زیان، وکو نوژکردن لە پناوی ەازیکردنی خودا لە خت و بەدەستهنانی بەهەشت، یان لەناوبردنی کەمکک مرۆف بەبیانوی تکدانی ژیانی زرینەوە.

"خودگرایی"

یەککی تر، لە قوتابخانەکانی فلسفەی ئەخلاق، لە دوای هاودژبوونی دوو قوتابخانەکەی تردا گرنگی زر بم قوتابخانەیە

دەرئەت. فەیلەسووفان پێان وابوو، دوو قوتابخانەکەی پێشوو، هووبووی پاداکس دەبەتەوە. بەنموونە، لە زەربەی کتێبەکانی فەلسەفەی ئەخلاق ئەم نموونەیە باسکراوە: (کاتێک کەسێک چەکەکت بە ئامانەت پێ بدات، پاش ماوەیەک بگەڕێتەوە بە چەکەکەی تە بزانیت بە کوشتنی کەسێک ئەو چەکەی دەوێت، چەکەکەی پێ دەدەیتەوە یان پێی نادەیتەوە؟) بە پێی هوانگەی قوتابخانەی ئەرکگەرایی دەبێت، چەکەکەی بە بگەڕێنیتەوە، بەڵام بە پێی ئەنجامگەرایی بێت، نابێت بیدەیتەوە. لەهوانگەی یەکەمەوە، گەڕانەوەی ئامانەت ئەرکە، لەهوانگەی دووەمەوە کەسەکی پێ دەکوژێت. خودگەرایی واتا: واتا مرۆڤەکە خەی لەناوەوەی خەیدا باش بێت، وەکو ئەوەی "دیقد هیەم" دەڵێت:- توخمەک لە ماهیەکە هووبووی خێت بکەیتەوە.

سەرچاوەکان:

ئاراس سەعید: کورتەیەک دەربارەی چەمکی مەعا.

گەڤاری ئایدیا ل. 31-34. ژمارە 78. ساڵی 2021.

حمید عەزیز: فەلسەفەی نوێی ئەوروپا. چاپی یەکەم، چاپخانەی هەژهەڵات- هەولێر 2012

ت.ز.لافين:من سقراط إلى سارتر (البحث الفلسفي)

دار نشر:المركز القومي للترجمة. سنة النشر: ٢٠١٢.

james Rachels, 2007 the Elements of Moral philosophy ,Fifths .etidion by Stuart Rachels.McGraw-hill New york

Kant’s Moral Philosophy

;First published Mon Feb 23, 2004

substantive revision Fri Jan 21, 2022

https://plato.stanford.edu/index.html

کۆمیونیکەیشن.. ئاراس سەعید

"پێشەکی"

کۆمیونیکەیشن لە دوو گۆشەنیگادا مانا دەکرێت: لە نیگای یەکەمیدا، بەمانای پەیوەندیکردن دێت. لەنیگای دووەمیدا بەمانای ئاگەیاندن دێت. ئەم دیاردەیە دەکرێت وەک هەر دیاردەیەکی تری نێو مرۆووی کۆمەڵگەی مرۆیی ببڕێتەوە بۆ مرۆوویەکی دوور. دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە هاوکاتە لەگەڵ پەیدابوونی ژیان لەسەر ڕووی زەوی. ئەم دیاردەیە تەنها دیاردەیەکی مرۆیی نیە، بەڵکو کەی بوونەوەرانی گرتووەتەوە. بۆ نمونە: ئاژەڵەکان دەقیژنن و دەلورێنن، باڵندەکان دەجریوێنن، ووەکەکان سیس دەبن. هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ گەیاندنی ناوەڕۆکی شتێک. لە ڕۆگەی دەنگ و جووڵە و خەنمایشکردنەوە. وەلێ وەک دیاردەیەی مرۆیی هاوکاتە لەگەڵ پەیدابووی ژیانی بەکۆمەڵ. مرۆڤی سەرەتایی بۆ ئاویتەبوونی ژیان و دابینکردنی پێویستیەکانی پەنایی بردە بەر دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانیتر. دەکرێت بڵێن، کۆمونیکەیشن وەک هەر دیاردەیەکی نێو مرۆووی مرۆڤ، دەگەڕێتەوە بۆ کۆنترین پێنتی کۆمەڵگەی سەرەتایی. چۆن گۆشکردنی کۆمەڵگەی مرۆیی هاوکاتە لەگەڵ گۆشکردنی تەکنیکەکانی بەرهەمهێنان، گۆشکردنی کۆمیونیکەیشن هاوکاتە لەگەڵ گۆشکردنی میدەمەکان. ئەم تێکستە بەردەستان چەمکی کۆمیونیکەیشن و مرۆووی پەیدابوون و قۆناغەکانی گۆشکردنی میدەمەکان شرۆڤە دەکات.

"چەمک و پێناسە"

وشەی "communication" وشەیەکی ئینگلیزییە و سەرچاوەی ئەم وشەیە، لەوشەی"common" یان (Communness)زمانی ئینگلیزی کلاسیکەوە وەرگیراوە. بە مانای (پەیوەندیکردن یان هاوبەشکردن) بەکاردێت. لە فەرهەنگی یەبستردا communication بەم شێوەیە شرۆڤەکراوە:- کرداری پەیوەندی دروستکردنە یان دەکرێت چەند دەستواژەیەکی جیاوازی بە بەکاربهێنین وەک: گەیاندن یان بەاوکردنەوە یان گواستنەوە[1].

کۆمیونیکەیشن لە نیگای یەکەمدا بەمانای پڕۆسەی گەیاندنی پەیام دێت. بەمانایەکی تر؛ کردەی ئاوەڕکردنی پەیامە لەنێوان

جەستەکانی گیاندا، دەکرێت وەک هەردیاردەیەکی دی، پێشکەی ببرێتەوە بۆ مۆژوویەکی دوورتر. زانستی ئارکیۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیا کەمکەمان دەکات پێشەی کۆمیونیکەیشن لەسەردەمانکی تری نێو مۆژووی مرۆڤ دا بدۆزینەوە.

تەمەنی مرۆڤ پتر لە حەفتا هەزار ساڵە، زانایانی بواری بایۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژی پێیان وایە، ئەم تایپە لە مرۆڤ، سەرەتا جۆرە گیانلەبەرکی چکۆلەبووە لە شێوەی مشک، بە "پڕۆکۆنسڵ proconsul" ناسراوە و لە چاخی دێنەسورکاندا ژیاوە. دواتر ئەم گیانلەبەرە بەهۆی پێسەی پەرسەندنەوە لەگەڵ گیانەوەرانی وەکو شامپازی و گۆریلا لێک بنچی تایبەت گۆشیاندکردووە، زاناکان ناویان لێناوە "dry opiyhecus". ئەم گیانلەبەرە لە سۆگکی ئاسایی گەورەتر نەبووە، وەلێ دەست و پێ و لاقی هەبووە. ئەم شێوەیش هاوشێوەبوو لەگەڵ خزانی مەیمونەکان کە ئێستا دەیان ناسین. لە کۆتایدا یەکێک لە بنچەکانی مرۆڤ پەیدابوو کە زاناکان ناویان لێنا "homohabilis" ئەو گیانلەبەرەی خۆی دادەپشت. لەڕە بەدواوە ئیدی مرۆڤ توانیتی ژیری خۆی بەکاربهێنی و لەبەروبوومی درەختەکان کەڵک وەربگرێت بۆ تەرکردنی غەریزە فیسیۆلۆجیەکانی. دواتر مرۆڤی "نیاندەرتاڵ" پەیدابوو ئاگری دۆزیەوە و کەڵکی لە ئێشکەوتەکان وەرگرت بۆ مانەوەو پارێزگاریکردن لە خۆی[2].

پەرەسەندن مرۆڤی گەیاندە ئەو قۆناغەی ئیدی کەڵک لە ژیری خۆی وەربگرێت. مرۆڤ بۆتەوەی بە پارێزراوی بەمێنێتەوە کەڵکی لە هاوبەش پێکردنی ژیان و پێوەندیکردن لەگەڵ ئەویتر وەرگرت، لەڕەوە ژیانی بە کۆمەڵ و گرووپ بوو بە سرووشتی کۆمەڵگەی مرۆیی. هەر بۆیە زانای فیلسووفان گوتویانە: (مرۆڤ کائینکی کۆمەڵایەتیە). مرۆڤ بە ئەوەی ژیانی لەگەڵ هاوجۆرەکانی خۆیدا هاوبەش بکات پێویستی بە میدەمک یان ئامرازک بوو تا ناوەڕۆکی هزر و بیرکردنەوەی خۆی بە ئەوانیتر بگوازێتەوە، بەمەش دەگوترێت: پێسەی گیاندن. پەرەسەندنی مرۆڤ بەپێی ئەو قۆناغە مۆژووییەی بەسەر هەیکانی بەرهەمهێناندا هاتووە، هەکارەک بوو بە سەرهەڵدانی کاری بەکۆمەڵ و هەرەوەزی، بۆیە ئاسان نەبوو مرۆڤ بەبێ بوونی ئامرازی کۆمیونیکەیشن بونیادی پێکهێنەری سیستەمی کۆمەڵایەتی دابڕێژێتەوە. لە ڕوانگەی زانستی کۆمەڵناسییەوە کۆمیونیکەیشن ئامرازی درووستبوونی ژیانی کۆمەڵکی و ڕێکخستنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. بە دەربینێکی دیکە، کۆمیونیکەیشن بڕێکخستنێکی نێو ڕێکخستنکی گرووپکی کۆمەڵایەتیە لە پێناو

ڕاپەڕاندنی ئەرکێک دا پەیدا بووە، کە بریتیە لە گواستنەوەی پەیام لە نێوان جەماوەرکانی گەیاندنداە، لە نەرێوە بە وەرگر.

کۆمیونیکەیشن وەکو تەمایکی نێو فەرهەنگی زانستەمرۆقایەتیەکان پتر لە پەناسەیەک چەندین پەناسەی بە کراوە. (چارلز مۆریس) دەڵێت: (زارەوەی کۆمیونیکەیشن کاتێک بە شێوەیەکی فراوان و بەربڵاو بەکاردەهێنین، ئەوکاتەیە بەشداریکردنی ژمارەیەک کەس لە کارێکی دیاریکراو لەخۆدەگرێت)[3]. واتا: پەیوەندکی ژمارەیەکی بەرفراوانی خەڵک لەنێو یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بەشداری دەکات، بەڵکێکی دیاریکراو. هەروەها (ولبر شرام) بەم شێوازە کۆمیونیکەیشن پەناسە دەکات: (ئەو ئامازەیە کە لەیەک تێگەشتن لەنێوان کۆمەڵگاکاندا مسۆگەر دەکات، ئەمەش بە سرووشتی خەی کۆمەڵگەکانی مرۆقایەتی خەی لە کۆمەڵگەکانی تر، جیا دەکاتەوە))[4]. دەتوانین ئەم پەناسەیە بەمجۆرە شرۆڤەبکەین؛ کۆمیونیکەیشن میدیەمکە ناوەڕۆکی هەزر و بیرکردنەوەی تاک دەگوزێتەوە بۆ ئەویتر، ئەمەش دەبێتە هۆی لێکتێگەیشتن لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا.

(کاڵە هۆفلاند) بەم شێوازە کۆمیونیکەیشن پەناسە دەکات: (پڕۆسەیەکە کە تێدا تاک "نەرەر" ئاگادارکردنەوەیەک (هەماهەنگی زمانەوانی یان جووڵە یان ئاماژەیەک) دەنێرێت-بۆ ئەوان دەکات تا ڕەفتاری تاکەکان هەمواربکات))[5]. لەم پەناسەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کۆمیونیکەیشن پڕۆسەیەکە کە تاک_نەرەر زانیاریەک لە ڕێگەی میدەمکەوە دەگوزێتەوە بۆ وەرگر، بۆ پێچەوانەشەوە.

"میدیەم وەکو ڕێگەزی سەرەکی کۆمیونیکەیشن"

ڕێگەزەکانی کۆمیونیکەیشن بۆ ڕێگەزانێ دەگوترێت لە کردەی کۆمیونیکەیشن بەشدار دەبن. وەک نەرەر، پەیام، میدیەم، وەرگر. مارشاڵ مەک لەهان 1911_ 1980 بیرمەند و تیۆریستی بواری ماس کۆمیونیکەیشن پێ وایە جیهانی مرۆڤ بۆ هۆی گۆشکردنی میدیەمکانی کۆمیونیکەیشنەوە گۆشەی کردووە. میدیەم بەمانای ئامراز یان پەیام دێت. بەدڕبەینکی تر، بەمانای هەموو ئەو کەناڵانە دێت، کە لە مژووی ژیانی مرۆقدا شتەکانیان گەیاندووە بۆ یەکتر. میدیەم گرنترین ڕێگەزی کۆمیونیکەیشنە و بەبێ بوونی میدیەم پڕۆسەی گەیاندن هیچ مانایەکی نیە. لە کۆمەڵگە بەراییەکانی مژووی ژیانی بۆ کۆمەڵدا، کەرستەکانی بەرهەمهێنان سەرەتایی بوون، گۆشکردنی میدیەمکان هاوکاتە لەگەڵ گۆشکردنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان.

کۆمەڵگای سەرەتایی لە کاتی هەر مەترسییەک بۆ سەر هەڵکەیان لە ڕێگای ئاگرکردنەوە و دووکەڵەوە پەیامەکانیان بۆ یەکتری گواستووەتەوە. مرۆڤی سەرەتایی پێش ئەوەی فێری زمان بێت، بۆنەو دارستانەکاندا قۆژاندوویەتی و بۆ هاوارکردن پەیامەکانیان بۆ یەکتری گواستووەتەوە. مرۆڤ پتر لە هەزاران ساڵی پێویستبوو، تا فێربوو زمان بکارهێنێت بۆ گواستنەوەی ناوەڕۆکی هزر و بیروبۆچوونەکانی. مەک لەهان قۆناغە مۆژووییەکانی کۆمیونیکەیشن پێیوایە دەکات بۆ گۆشەکردنی میدیەمەکانەوە، ئەی وایە گۆشەکردنی کۆمەڵگای مرۆیی پێیوستە بگۆشەکردنی میدیەمەوە.

"قۆناغە مۆژووییەکانی کۆمیونیکەیشن"

مارشاڵ مەک لەهان (کۆمیونیکەیشن) لە سێ قۆناغی مۆژووییدا دیاریدەکات. هەر قۆناغێکیش پێیوستی دەکات بۆ میدیەمێکەوە و گۆشەکردنی هەر قۆناغێکیش بۆ پێیوستە بۆ پەیدابوونی میدیەمێکەوە. بۆپەی مەک لەهان قۆناغەکانی مۆژووی کۆمیونیکەیشن بریتیلە(قۆناغی زارەکی و قۆناغی چاپەکی و قۆناغی مایکرۆیی)[6].

قۆناغی زارەکی:- ئەم قۆناغە لە سەرەتایی ژیانی بکەمەوە دەستپێکردووە و تا دەزینەوەی نووسین بەردەوام بووە. لەم قۆناغەدا گوفتار ئامرازی سەرەکی کۆمیونیکەیشن بوو. زمان ئەو داهێنانەبوو کە مرۆڤ توانیتی لەڕێگەیەوە خەی بناسێت و ناوەڕۆکی هزرو بیرکردنەوەی بگوازێتەوە بۆ ئەویتر. لەم قۆناغەشدا پەیسەی کۆمیونیکەیشن بریتیە لە هاوارکردن، هەستی سەرەکی بریتی بووە لە (بیستن) واتا: پەیسەکە ئاستەوخۆ لە دەمەوە بۆ گوێچکە بووە. ئەمەش بووە بۆ هەکاری سەرەکی درووستبوونی کۆمیونیکەیشن. لەم قۆناغەدا زمان ئەو میدیەمە بووە لە ئاستە سەرەتایی و خەسکەکیدا میدیەم و کەناڵی درووستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بووە. (دو سەسەر) لە لەکەینەوە زمانەوانییەکانیدا جیاوازییەکی خستووەتە نەوان دوو پەکهاتەی لەکچووەوە، کە لەڵای زمانەوانەکان وەکو یەکدین. ئەو دووپەکهاتەیەش بریتیە: لە زوان _ language) و (ئاخاوتن _ parlole) ئەویش لەسەر بنەمای ئەوەی زوان لە بنچینەدا سیستمەکی کۆمەڵایەتییە، کەچی ئاخاوتن چالاکییەکی تاکەکەسییە، لە بواری سیستمی کۆمەڵایەتیدا پەیسەی گەیاندن ئەنجام دەدات[7].

بۆپەی گۆشەکردنی پێیەوی ئاخاوتنی مرۆڤ ئەندامەکانی ئاخاوتن و گۆشەکردنی بەکارهێنانی زمان لە سیمبۆلی جووڕیی و ئاماژەییەکانەوە بۆ دەنگەکان و چەنتیی لەکدان و ڕیزکردنیان لە

ئاستی دەنگسازی، وشەسازی و ڕستەسازیدا، کە ئەندامانی کۆمەڵێکی زمانی لەسەر هەموویان هاوک کەوتوون. هاوزمان و کەی وشەکان، واک هەکاری زمانی، لە ڕوانگەی (نۆام چۆمسکی)یەوە دەبەستە هەی بەدیهاتنی میدیەمی زمانیی بە گەیاندن_پەیوەندیکردن[8].

نەبە و دەیڤیدسن (١٩٩٦: ٢١٤) لەسەر ئەو بڕوایەن کە زمان بەرهەمی دەزینەوە هەڤتاریەکانە، نەک هاوداوە بایەلۆژیەکان. واتە زمان بەر لەوەی بەرهەمی هاوداوە بایەلۆژیەکان بێت، ئەنجامی دەرکەوتە هەڤتاریەکانە. گەڵانی بایەلۆژی (گەشەکردنی ئەندامەکانی ئاخاوتن) زەمینەی بۆ پێکهاتنی ئەو هەڤتارە زمانییەی کە ئەمڕۆ هەیە، بەدیهێناوە: بەکارهێنانی کەناڵەکانی گوتن-بیستن لەگەڵ کاتی درێژخایەن لە قۆناغی ساوایێتیدا لە دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتیدا. بە هاوونکردنەوەی بیردەزییانەی بەدیهاتنی تاکی (ontogenesis) و بەدیهاتنی جۆری (phylogenesis)ی زمان و بیر، لە ڕووی دەروونییەوە پشت بە هەبازێکی "ڤیگۆتسکی (١٨٩٦-١٩٣٤)"، دەروونناسیی کولتووری-مێژوویی، دەبەستین. لە ڕوانگەی "ڤیگۆتسکی"یەوە، چالاکیی هۆشەکی و ئاخاوتن، ڕیشەی بەدیهاتنی جیاوازیان هەیە و لە هاوتی جیاوازیشدا گۆشە دەکەن و دەگۆڕێن. مرۆڤی ژیرمەند، لە پرۆسەی پەوەندیکردنی دووڵایەنە و بزۆوی نێوان چالاکییە هۆشەکی و زمانییەکاندا پێک دێت. لە بەدیهاتنی تاکییانەدا، دەکرێ قۆناغێکی پێش ئەقڵانی (preintellectual) لە گۆشەکردنی ئاخاوتندا و، لە گۆشەکردنی بیریشدا قۆناغێکی پێشزمانی (prelinguistic) دەستنیشان بکرێت. لە قۆناغێکی دیاریکراودا، ئەم دوو هاوتەی بەدیهاتن تێکەڵ دەبن و لە ئەنجامی ئەوەدا، بیر دەبەستە زمانی و، ئاخاوتنیش دەبەستە ئەقڵانی[9]. لەڕوانگەی زانستی کۆمەڵناسییەوە زمان کردەی سەرکی دەربڕینی ناوەڕۆکی فیکر و بیرکردنەوەی تاکە بەواتایەکی تر: زمان ئامراز و کەناڵێکە بۆ گواستنەوەی هزری تاک.

زمانی نووسین:- لەم قۆناغەدا مرۆڤی سەرەتایی هەست و کاردانەوەکانی لە بەرامبەر دەوروبەر، بە وێنە دەربڕیوە کە گەڵێک لەتەژینەوەی ئەنترۆپەلۆژی و ئارگۆمێنتی ئارکەلۆژیی سەلماندوویانە کە مێژووی گۆشکردنی زوانی سیمبۆلی و خەتی نووسین لە چەند هەزار ساڵێک تێناپەڕێ، ئەمەش لە چاو هونەری نیگارکێشان ماوەیەکی زۆر نییە. تەنانەت پاش جێگیر بوون و دەزینەوەی کشتوکاڵ لە چاخی بەردینی نوێدا (نیەلەسیک) و پاشان سەرهەڵدانی شارستانێتی سۆمەریەکان و هەموو ئەو لایەنانەی لە دەوەڕێتە شاردا دەرکەوتن لە هاووی زمان و خەتی پێنووسین (خەتی بزماری) کە تا دەورو زەمانی

دەزینەوەی چاپخانە، بەردەوام بوو[10].

بەپێی سەرچاوە ئارکەلۆژییەکان سەمەریەکان یەکەمین کەسانگ بوون، کە نووسینیان داهێناوە. نزیکەی سێ هەزار و شەست ساڵی بەر لەزاین توانیویانە لەسەر تاتە قوڕکان بنووسن. بەگومان پێسسی نووسین بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە. هەر لە نیگارکێشانەوە تا فۆنەتیک و نووسین لەسەر بنەمای دەربڕین. هەروەها هونەکاری و نیگاری ئاژەڵان و داوکردن نمونەی ئەم جۆرانن. پاشان پیتەکانی نووسین خراونەتە سەر ئێسک و تەختەدار. سەردەمانێک کەتری نامەبەر بەکارهێنراوە بۆ گەیاندنی پەیامەکان. فینیقی و میسری و چینیەکانیش بەشداربوون لە داهێنانی شێواز و تەکنیکی نوێی نووسین تا ڕادەگەیشتە پەیدابوونی یەکەم کارگەی درووستکردنی کاغەز لە سەمەرقەند. دەکرێت بڵێن: لەم قۆناغەدا زمانی نووسین میدەم بووە لە نێوان جەمسەرەکانی کەمیونیکەیشندا. بەدەربڕینە لەهانییەکەی نووسین میدەمە و خێشی دەبەتەوە بۆ میدیەمی زمان.

قۆناغی چاپکی:- بەپێی دابەشکردنەی مەک لەهان دەزینەوەی چاپ قۆناغی دووەمی کەمیونیکەیشنە. ئەم قۆناغە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1450 کە یەحەنا گوتنبەرگ چاپخانەی داهێنا. ئەمەش بەسەرەتایەک دادەنرێت بۆ پەیدابوونی ژەرنالیزم. ساڵانی 1600 یەکەمین ڕۆژنامەی کاغەزی چاپکرا. داهێنانی چاپ بۆ وەرچەرخانێکی گرنگ دادەنرێت لە پێسسی گەیاندنی جەماوەریدا، ئیدی بەرهەمە ڕۆشنبیریەکان، ئەدەبییەکان، سیاسیەکان، زانیارییەکان لەڕێگەی(ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب و بڵاوکراوەکان) چاپکران. ئەمەش بەگەشەکردن و درێژبوونەوەی میدیەم دادەنرێت، لەم پێی زۆییەوە بۆ ئۆپێی زەوی. بەدەربڕینێکی تر، میدیەم لەمپێی زۆییەوە جەمسەرەکانی گەیاندن بەیەکتری دەگەیەنێت.

قۆناغی مایکرۆیی:- بەپێی لەهان ئەم قۆناغە لەگەڵ دەزینەوەی داهێنانی ڕادیۆ دا دەستپێدەکات ئۆیش. بریتییە لە دابەشکردنی ناوەڕۆکی دەنگ ئەلکترۆمەگناتیسی (شەپۆلی ڕادیۆ)، لە مەدەلێکی یەک بۆ-زۆر. پەخش کردن بۆ ڕادیۆی ئەی ئەم دەستی پێکرد، کە لە دەوروبەری ساڵی ١٩٢٠دا بۆ بڵاوبونەوەی فۆینتەری ڕادیۆی بۆری بەشایی و وەرگرەکان هاتە بەکارهێنان. پێش ئەمە، هەموو شۆکانی پەیوەندی ئەلکترۆنی (ڕادیۆ، تەلەفۆن، تەلەگرافی سەرەتایی) یەک بۆ یەک بوون، لەگەڵ ئەو پەیامەی کە بۆ تاکە وەرگرێک دانرابوو. زاراوەی پەخشکردن لە بەکارهێنانیەوە گەشەیکرد. پاشان داهێنانی tv و پڕۆگرامەکانی تەلەگراف و کەمێرەک سیمبەل و هەمای ئەلیکترۆنی

دەبینرێتەوە، بەشێوەیەکی فیزیکی لە ڕێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێت لە خانەکەوە بۆ خانەکەی دیکە، یان لە خانەکەوە بۆ کۆمەڵێک خانەی جیاواز. لەهان پێی وایە: ئەم جۆرە لە کۆمیونیکەیشن توانیوێتی جیهان بکاتە گوندێکی بچوک. هەروەها تێکنەلۆژیای پەیوەندییەکان و کۆمیونیکەیشنی دیجیتاڵی توانیوێتی کۆمەڵگەی تیۆری دروستبکات، کە گواستنەوەی پەیوەندییەکان تێدا ئاسانە. میدیای دیجیتاڵی هەموو میدیەمەکان دەگرێتەوە وەک(کەناڵی ئاسمانی، سەتیاڵ میدیا، ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی، تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان). بەبۆچوونی مەک لەهان میدیەمەکان دەبنەوە میدیەم و کۆمەڵگەی میدیای پێکدەهێنن[11].

"ئەنجام"

1. کۆمیونیکەیشن وەک هەر دیاردەیەکی تری نەو مەژووی مرۆڤ، دەگەڕێتەوە بۆ کۆنترین پێنتی کۆمەڵگەی مرۆیی. بۆ بەشێ زۆکخستەیەکی نەو زۆکخستنکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، لە پێناو زۆروریەتێکی کۆمەڵایەتی بۆدیهاتووە، کە بۆمانایی کردەی ئاوەڕکردنی پەیام دێت، لە ڕێگەی میدەمێکەوە، لە نێوان جەمسەرەکانی گەیاندندا.

2. بۆپە (مەک لەهان) قەناغەکانی گەشەکردنی کۆمیونیکەیشن، پەیوەستە بۆ گەشەکردنی میدەمەوە. ئەو پێی وایە، جیهانی کۆمیونیکەیشن بریتیە لە گەشەکردن و کشانی میدەمەکان. بەمجۆرێش قەناغەکانی کۆمیونیکەیشن دابەش دەکات بەسەر سێ قەناغدا. ئەم قەناغانەش پێکهاتوون لە (قەناغی زارەکی، قەناغی چاپەکی، قەناغی مایکرۆیی)

3. میدەم خێی دەبەستەوە بە میدەم. لەهان پێی وایە، کە میدەمەکان جگە لەوەی ڕایەڵ و کەناڵی بۆیەکگەیشتنی جەمسەرەکانی گەیاندنن، هاوکات هەر میدیەمێک دەبەستەوە بە میدەم. بۆ نمونە نووسین زمانەو چاپ میدیەمی زمانە. یەکگرتنی (میدەمەکان) کۆمەڵگەی دیجتاڵی پێکدەهێنن.

سەرچاوەکان:

1. ئیسماعیل عوسمان: کۆمیونیکەیشنی دیجیتاڵی. چاپخانەی کار، چاپی یەکەم، 2022.لا ٢١

2. w howelss “neanderthal man; facts and figures ” in

proceedings of the ninth internatoinal congress of Anthoprological and Ethnographical sciences, chicago 1967 . see also E.Trinkhaus and w.w howelss, neanderthal scienctific American 241 _ 1979 . 118 _ 133.

3. تەها حسەن: پەشەکییەک بە زانستی ڕاگەیاندن. وەرگێڕانی حەبیب کەرکوکی. دەزگای موکریان، چاپی یەکەم 2008 لا ٥

4.هەمان سەرچاوەی پێشوو: لا ٦

5.هەمان سەرچاوەی پێشوو:لا ٨

6.. Marchal mcluhan, quetin fiore , the mediumis the massage An Invetory of Efectects, produced by Jermo Agel.

7.فريدنان دو سوسير؛ محاضرات في السنية عامة. ترجمة يوسف غازي. المؤسسة الجزائيرية للطباعة 1986. ص ٢٣.

8.بە زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە وتاری "مەترسییەکانی سەر زمانی کوردی و وەک زمانی زگماکی" لە کتێبی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا، ٢٠١٣، هەولێر: ئەکادیمیای کوردی.

9. ڕەحیم سورخی: زمان و کەلتووری پەیوەندییە مرۆییەکان. بابەت نووسین و وەرگێڕان.ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی پێنووس. http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/235-2018-09-02-18-56-38

بە زانیاری زیاتر بنواڕە. ماڵپەڕی کوزولین، الکس١٩٩٩، روانشناسی ڤیگۆتسکی: سیر تحول اندیشەها؛ ترجمە حبیباللە قاسمزادە، تهران: آگاه١٣٨١.

10.بنەواڕە: http://akherelakhbar.net/%D9%81%D9%86-%D9%88%D8%AB%D9%82%D8%A7%D9%81%D9%87/%D8%A7%D9%84%D9%83%D9%88%D9%84%D8%A7%D8%AC-%D9%81%D9%86-%D9%88%D8%A5%D8%B9%D8%A7%D8%AF%D8%A9-/%D8%AA%D8%AF%D9%88%D9%8A%D8%B1

بەندەر فیلمی و کامەرای دیکتاتۆر.. ئاراس سەعید

زیندان تیمایەکی دابەاو نییە لەنێو بەرهەمهێنانی «بەختیار عەلی»دا. لە بەشێک لە بەرهەمهێنانیدا، جوگرافیای کارکردنی لە زیندانەوە دەگوازێتەوە بۆ پانتاییەکی فراوانتر. دەکرێت «دونیای زیندان و دەرەوەی زیندان» لە هێمانهێنانی بەختیار عەلیدا، بەمانایی «دونیای سیستەم و دەرەوەی سیستەم» شرۆڤە بکەین. بەو مانایەی، زەرجار دەستەات جوگرافیای خۆی لە هێگەی سیستماتیککردنی دەرەوەی زیندانەوە درێژ دەکاتەوە. ئەگەر بەوانینە بەشێک لە بەرهەمهێنانی نووسەر، دەتوانین وێنایی ئەو هێمایە تەریبە بکەین کە لە نێوان زیندان و دەرەوەی زیندانداە. بۆ نمونە: «جەمشید خان» لە زیندانەوە با لەگەڵ خۆیدا دەیبات، بۆ جوگرافیاییەکی فراوانتر. شاری دەلاوار لە هێمانی «هەورەکانی دانیال»دا ژیارێکە لەسەر زیندانییەک بوونیاد دەنرێت. وەلێ نووسەر لە «هێمانی بەندەر فیلمی»دا، ڕاستەوخۆ لە زیندانەوە دەست پێدەکات. ئەوەی لە هێمانەکەدا درێژ دەبێتەوە، پانتایی ئەو زیندانییە کۆی کۆمەڵگەی تە دەخزێندرێت. بەو مانایەی دەستەات جوگرافیای خۆی دەگوازێتەوە بۆ سیستماتیککردنی کۆی ژیان. لەرەوە «دنیای زیندان و دەرەوەی زیندان، دیلەتی و ئازادبوون» ئەو هێمایە تەریبەیە، کە بەندەر فیلمی ناتوانێت لە یەکدییان جودا بکاتەوە. ئەمەش هەکارێکە بەدرێژایی تکەستەکە خوێنەر بەدوای ئەو پرسەدا پێلکەش بکات، کە ئازادی مانای چییە؟

.....

ئەگەر قوڵترین پێنتی ئەم هێمانە دەستنیشان بکەین، دەبێت گوزارشت لەو پێنتە ئێنتەلێژیبڵە بکەین؛ کە ژیانێک لە دامێنی مەرگەکدا دەتە بوون.

لەرەوە خوێنەر بەر دوالیزمەی مەرگ و ژیان دەکەوێت. بەندەر فیلمی لە ژووری سێدارەدا و، لە دامێنە تەرمی هەواسراوی «ئیسرا مەلەکشاهی»دا، وەک دواهەمین کوردی فیلمی دەتە بوون.

لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە، بەندەر کەتا خاڵی پێنتی ژیان و مەرگ، ئەو لە دامێنی مەرگەکدا دەتە بوون.

«شێنهاوەر» ئەمەی "بەویستی ژیان" ناوزەند کردووە.
پرسی ئەنتەلەژیا لە مانەکەدا، پێچەوانەی پرسی ئەنتەلەژیایە لە فەلسەفەی «سارتەر و هایدگەر»دا. چەمکی «کات و شوێن» ئەو دوو گوزارەیە، کە هیچ کات لە زەینی «بەندەر فەیلی»دا مانای نییە.
بەندەر فەیلی لە ژووری مەرگدا، مەحکوم دەکرێت بە ژیان، ژیانێک کە سیستەمێکی دیکتاتەر بەهاکانی داشتووەتەوە؛ وەلێ بەندەر بە فیترەت ناچێتە نێو هیچ سیستمێکەوە و، ماشێنەکانی سیستەم ناتوانن لە پێکهاتەکەی جگە لە «بەندەر فەیلی» فەرمێکی دیکەی لە دروست بکەن.
نیتچە وتەیەکی هەیە دەڵێت: «لە ناوەوەی هەموو پیاوێکدا منداڵێک هەیە، کە دەیەوێت یاری بکات.»
سیستەمی فاشیزم، دەیەوێت ئەو منداڵە پاکەی ناوەوەی بکوژێن، کەچی بەندەر فەیلی بە هەمیشە؛ پارێزگاری لە منداڵە پاکەکەی ناوەوەی دەکات. ئەو تا دوا چرکەساتەکانی تەمەنی، بەدەم وانەوزدانەوە وەک منداڵ دار و درەخت دەژمێرێت.
...
ئوستووەی هەموو سیستەمێکی دیکتاتەر لەسەر بنەمای دوانیەک دامەزراوە؛ دوانیەک مرۆڤەکان دابەش دەکات بەسەر دوو بەردا. باش و خراپ، تاوانبار و بێتاوان. لەرەوە؛ دوونیا دابەش دەکات بەسەر ئەوانەی لەگەڵمانن و ئەوانەی دووژمنمانن.
بەندەر فەیلی « نە زیندانییە و نە ئازاد، نە تاوانبار و نە بێ تاوان، نە لەبەرەی یاخیبووانە و نە لەبەرەی حکومەت، نە لەبەرەی شەڕ و نە لەبەرەی خێر.»
لەبەر ئەوەی ئیسرا مەلەکشاهی پێی باشتربوو بمرێت وەک لەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ جەلادەکدا بکات، جەلادەکان دەیانەوێت بەندەر فەیلی وەکو جەلادێک پەروەردە بکەن، تاوەکو ئەوەی ڕوحی ئیسرا ئازار بچێژێت.
نووسەر، لەسێگەی زیندانەوە، وێنای دونیای فاشیزم و منداڵ دەکەشتەوە. زیندان بریتییە لە ستراکتەری ⋆
« سوبژەکتیڤاسیۆن» وەکو دەزگایەک بە داشتنەوەی پێکەربەندی شوناسی مرۆڤ. لە سێگەی پەسەی وەک یەک لەکردنەوە، پێکەربەندی جڤاک دادەڕێژێتەوە و مافی خەنمیاشکردنی تاکگەرایی و ئازادییەکانی لە دەسەنێتەوە. بە واتایەکی دیکە، پەسەی بەئەویدیکەکردنی سوژە لە سێگەی سیمبولەکان و دیسپلینی جەستەوە.
بە دەبینە فەکییەکە: مرۆڤ لەم کاتەدا دەخزێنرێتە نێو دەزگایەکی دەسەاتەوە، دەسەات جەستە هەدەلوشێ، تەکی دەشکێنێ و سەر لە نوێ بونیادی دەنێتەوە. دیسپلینی جەستەیی، ملکەچی و گوایەڵی و

ئامادەی قبوڵکردنی دیسپلینی زیاتر و دەستپاتی زیاتر دروست دەکات. بەر لە سەردەمی مەدەرن، سزادان تەنیا هووی لە کەسی تاوانبار بوو، تەنیا کەسی تاوانبار هووبەووی سزا دەبووەوە، بەڵام تەکنیکەکانی دیسپلین هوویان لە کەی دانیشتوانە.
واتە: دەستپاتی دیسپلین تەنیا کەسێك دیاری ناکات تاکو بیخاتە ژێر چاودێریەوە، یاخود سزای بدات، بەڵکو هەوڵی کۆنترۆڵی کەی کۆمەڵگە دەدات و هەموو دانیشتوان دەخاتە ژێر چاودێریەوە. بە گەیشتن بە ئامانجی ملکەچکردن و لارەملەی تاکەکان و فراوان بوونی دەستپاتەکەی، پەویستە گشت تەهەندەکی فەزا، زەمەن، جوڵە و هەسا و یاسایان بە دروست بکرێت و، کەی گەمەگە مەنپەڕە بکات. لەرەوە پانتایی زیندان بە درێژایی تەماشەکە درێژ دەبێتەوە، بە جۆرێك نەک تەنیا بەندەر فەیلی، بەڵکوو هەموو کۆمەڵگە هەست بە ئازاد نەبوونیان دەکەن و، هەست بە خنکانیان دەکەن.
بەندەر فەیلی لەو ساتەوەی چاوی بە دنیا هەڵهێنانەوە، جگە لە ژووری مەرگ شوێنکی دیکەی نەبینیووە. بە دەستی جەلادێکدا گۆش دەکرێت، کە هەموو تەمەنی لە خنکاندنی دیلەکاندا بەسەربردووە. هەرچەندە سەید شەهابی خوزاعی بە دەستی خۆی پەروەدەی کردووە، وەلە پێ دەڵێت: «تۆ تاکەکەسی لەم دوونیایە، نە خزانت هەیە، نە ماڵ، نە شارت هەیە، نە وڵات. بۆیە لەم زیندانە زیاتر شوێنکی دیکەت نیە.» ناشوێن بە بەندەر فەیلی، ئەو گرفتە گەورەیە بوو کە دەبووە هۆی ئەوەی لە دونیای دەرەوەی زیندانیشدا، هەست بەخنکان و دیلەتی بکات.
...
هەنگە دوای کتێبی « کەماری ترس» ی « کەنعان مەکیە»، هەمانی «بەندەر فەیلی» باشترین کتێب بێت، لەبارەی هێزەمی دیکتاتۆری بەعس و فاشیزمی عەرەبیەوە بدوێت.
نووسەر لەسەرەتای سەربوردەکانی نەو هەمانکەوە، مەژووی چارەگە سەدەیەک لە ترس و فۆلاقخانە و داپڵاسینی کۆمەڵگەی عەراقی دەگێڕێتەوە. هەمانکە پێ لە تراژیدیا، شیکاری وردی مەژووە لەسەر کۆمەڵگەی عەراقی بە ترس و دڵەاوکێ و شپرزە بوونیان بە بەردەوامی، کە یارمەتیمان دەدات بە قووڵی لە مەژووی چارەگە سەدەیەک، لە هەوتی ژیان سیاسی و کۆمەڵایەتی، کەماری دیکتاتۆریەتی عەراقی تێبگەین. هەروەها ئارگومێنتکی گرنگ، لەسەر دەزی کوردە فەیلیەکانی عەراق، کە چۆن هەوڵی سینەوەی شوناس و ناسنامەیان دەدرێت، لە ڕێگەی داپڵاسین و قڕکردن و کووشتن و دوورخستنەوەیانەوە.

پرسی تەکنەلۆژیا، لە میتەلۆژیای یۆنانیدا.. ئاراس سەعید

پرۆمیتیەس لە ئەفسانەی یۆنانیدا [جگە لە دەقێک وەک داهێنانی تەکنیکی ئاگر] بە هیچ مانایەکی دیکە نایات. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە داهێنانی ئاگر، دەگەڕێتەوە بۆ کۆنترین پنتی مرۆڤ. بەهۆی مژووە دێرینیەکەیەوە، تاادەیەک شوێنەواری کەمی لە میتەلۆژیای یۆنانیدا بەجێهێشتووە، لە کاتێکدا تەکنیکە نوێیەکان، وەک کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، بینی دار، بیناسازی، چاندنی ڕەزە و دار میوەکان، بونیادنان و هتد، پانتاییەکی فراوان لە ئەفسانەی خوداوەند و پاڵەوانەکاندا داگیردەکات.

ژان پییەر ڤێرنانت

Prométhée et la fonction technique

Jean-Pierre Vernant

Dans Mythe et pensée chez les Grecs (1996), pages 261 à 273

.....

فیلەسووفی فەڕەنسی "بەرنارد ستێگلەر" کە تیرەکانی لە سەربنەمایی پرسیارە بناوبانگەکەی "هایدگەر" سەبارەت بە تەکنەلۆژیا دادەڕێژیت و وەڵامی[پرسی تەکنەلۆژیا و پێوەندییەکانی لەگەڵ لەگەڵ مرۆڤایەتیدا] دەداتەوە پرسی تەکنەلۆژیا و بوون و کات پێکەوە گرێی دەدات.

بەبەچوونی ستێگلەر لە یۆنانی tekhnē، دروستکردن یان بنیاتنانەوە، هەم ئاماژەیە بە تەکنەلۆژیا و هەم بە پرسەکانی بەرهەمهێنان. ستێگلەر ئاماژە بووەدەدات، کە تەکنیکەکان دەرمانێکە – لە بنەڕەتدا، وشەیکی یۆنانیە بە واتای 'ژەهر' و 'چارەسەر' دێت.

تەکنەلۆژیا هەم ئەو ژەهرە بوو کە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی هاوچەرخ هەبوو، هەم ئەو چارەسەرە بوو کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرا کۆمەڵگەی مرۆیی ڕزگاری بێت. هەم فەرمکی دەرەکی بوو کە ئەمە زانستەکانمانی بە دەگوازینەوە، هەم بارودۆخێکی ناوەکی بوو کە ★لەوانی دیکە[بوونەوەرانی دیکە] جیامان دەکاتەوە.

…https://www.artforum.com/…/bernard-stiegler-1952-2020
.…
ئاگر هات!
ئەم بۆتاسەین، هوناکی ڕۆژ بینین.
هۆلدەرلین
.…
میتۆلۆژیای پرۆمیتۆس
بەرنارد ستیگلەر
ڕۆژێک زیوس، بە پرۆمیتێی گووت: کاتی هاتووە ئەمەی خودایان، ڕۆژێک بە بوونەوەرە فانییەکان بکەینە دیاری. بوونەوەرە فانییەکانی ئەرزش ئاژەڵەکان و مرۆڤەکانن.
پرۆمیتێ کە ئاسپەدرابوو بەم کارە، دووانە بوو لەگەڵ برایەکی بەناوی[ئێپیمێتەس- ئێپیمیتە].
ئێپیمیتە هاوشێوەی پرۆمیتە بوو، وەلێ هەموو شتێکی پێچەوانەی براکەی بوو. ئێپیمیتە، خودایەکی کزەڵەو گوناە و فەرامۆشکراو بوو.
پرۆمیتە فیگۆری "زانین"ە، فیگۆری زانا بە هەموو زانینێک. فیگۆری یادەوەریی گشتییە. ئەو هیچ شتێک فەرامۆش ناکات. بەپێچەوانەوە، ئێپیمیتە هەموشتێک فەرامۆش دەکات.
ئێپیمیتە، بە براکەی گووت: زیوس تەی بە ئەم کارە ڕاسپاردووە، وەلێ من دەمەوێت ئەنجامی بدەم.["من"، "من"، "من"] ئەم کارە ئەنجام دەدەم. لە ڕاستیدا ئێپیمیتە خودایەکی خەشباوەبوو، وەلێ پرۆمیتە زۆر خەشی دەویست. بەیە نەیدەویست نائومێدی بکات، پێی گووتی: باشە، تۆ ئەم کارە ئەنجام بدە.
بەم شێوەیە بوو کە؛ ئێپیمیتە دەستیکرد بە پەخشکردنی تایبەتمەندییەکانی خودایان. بە نمونە؛ تایبەتمەندی "خەرابوونی" بە ئاسکەکان بەخشی، ئیدی ئاسکەکان بەخەرایی غاریان دەدا. هێز و بوێرگەرتنی بەخشی بە شێرەکان، بە تیمساح و کەسک و …تاد
ئەو تایبەتمەندییەکانی و کوالێتییە جیاوازەکانی لە ناوی هاوسەنگییەوە دابەشکرد. دابەشکردنی ئەو تایبەتمەندییانە لەلایەن ئەوەوە، پێناسەیەکە [بە ڕاگرتنی هاوسەنگی لە سرووشتدا] شێرەکان بەدوای ئاسەکاندا ڕادەکێن تا ڕاویان بکەن و بیانخۆن، وەلێ ئاسکەکان خەراتر غاردەدەن و هەندێکیان دەتوانن خۆیان لە شێرەکان ڕزگاربکەن و لە شوێنێکی دیکەدا بگیرسێنەوەو درێژە بە وەچەخستنەوە بدەن.
لەوساتەدا؛ کە ئێمیپیتە سەرقاڵی دابەشکردنی تایبەتمەندییەکانی بوو، شتێک سەرنجی ڕاکێشا. بەخەرایی تەماشایی سەبەتەکەی دەکات و شک دەبێت. ئەهە، هەموو تایبەتمەندییەکانم بەخشیوە بە

ئاژەڵەکان.[ئیدی سەبەتەکە خالی بوو]. بەڵام من دەموەت بە مرۆڤەکان ڕەشنایی بەدیاری بهێنم. دەبێت ئەم بوونەوەرانە پێیان بڵێن ناو ونوناکی، بەڵام تایبەتمەندییەک بوونی نەماوە؛ تا بتوانم "فڕەم" یان پێبدەم. ئەوکات "پڕەمیتێتی" بەمەبەستی دزینی هێندەک ئاگر، هەوڵەکانێ کارگەی ئاسنگەری هیپایستەس. پڕەمیتێتی، بەدزینی ئاگر هەوناکی بە ژیان بەدی دەهێنێت، ئالێرەوە مرۆڤ دەبێتە بوونەوەرێکی تەکنەلەوژی. ئاگر لەنیگای یەکەمدا، سمیبوولی تەکنەلەژیاییە و لە نیگای دووەمدا، سیمبولی هێزی خوداوەندی ڕەهایە[…].

[بنواڕە]
https://youtu.be/u5iITQBqYOo

لە بارەی بارەخی ئێرانەوە.. ئاراس سەعید

"دەرز" پێی وایە هەموو ڕووداوێک دوو ڕەهەند لەخۆدەگرێت: ڕەهەندی پێش ڕووداو- Virtualو ڕەهەندی دوای ڕووداو-Actual. بە شرۆڤەکردنی بارەخی ئێران لەسەر دوو ڕەهەند دەوەستین.

یەکەم: ڕەنگە بەچونەکانی "ماکس ڤێبەر" لە بارەی دەوڵەتەوە لە هەموو بەچونەکانی دی زیاتر، یارمەتیمان بدات، تا لە بارەخی سیاسی ئێران تێبگەین.
بە بەچونی "ڤێبەر" :(دەوڵەت خاوەنی مۆنپۆلکردنی شرعیانەی هێز-power.) دەوڵەتێکی ئایینی وەکو ئێران، لە ڕێگەی جومگەکانی دەسەڵات دوونیای سیمبولەکان و پڕاکتیسەی وەک یەکلەکردنەوە پێکەربەندی جڤاک دادەڕێژێتەوە و مافی خۆ نمیاشکردنی تاکگەرایی و ئازادییەکانی لە دەستنێتەوە. بەجۆرێکی تر، پڕاکتیسەی بەو ئۆیترکردنی سەبجێکت لە ڕێگەی دوونیای سیمبولەکان و دیسپلینی جەستەوە.
" مەشق فێکە" سەبارەت بە دیسپلینی جەستەی ئای وایە کە جەستەی مرۆڤ لەم کاتدادەخزێنرێتە ناو دەزگایەکی دەسەڵاتەوە، کە

هەڵدەلوشێ، تێکدەشکێنێ و سەر لە نوێ بونیادی دەنێتەوە، دیسپلین جەستەیی ملکەچ گوێایەڵ و ئامادەی قبوڵ کردنی دیسپلینی زیاتر و دەستکاتی زیاتر دروست دەکات، بەر لە سەردەمی مەدەرن سزادان تەنیا هەووی لە کەسی تاوانبار بوو، تەنیا تاکە کەسی تاوانبار هەوبەووی سزا دەبووە، بەڵام تەکنیکەکانی دیسپلین هەویان لە کەی دانیشتوانێ. واتە: دەستکانی دیسپلینی تەنیا کەسێك دیاری ناکات تاکو بیخاتە ژێر چاودێریەوە. یاخود سزای بدات، بەڵکو هەوڵی کۆنترۆڵی کەی کۆمەڵگە دەداتو هەموو دانیشتوان دەخاتە ژێر چاودێریەوە، بە گەیشتن بە ئامانجی ملکەچ کردنو لاربەلی تاکەکانو فراوان بوونی دەستکاتەکەی، پەیستبوو گشت هەڵەندەکی فەزا، زەمەنو جومگە هەساو یاسایان بە دروست بکرێو کەی گۆمەڵگە مانەپەڕ بکات.
خوێندنەوە جۆرێکە لە ئەزموونکردنی جیهان، کە مرۆڤ بە هەی کورتی تەمەنەوە توانای ئەزموونکردن و فراوانکردنی بارگراوندی زانیاری خۆی نیە، بۆیە خوێندنەوە فاکتەرێکی گرنگە بۆ ئەزموونکردنی جیهان لەڕێگەی ئەو میراتە کلتوریەی بە ئەمە ماوەتەوە. خوێندنەوە پەیوەندیەکە داستوخەم مرۆڤ دەبەستێتەوە بە <دەق> ەوە. لێنوان بکەر و نووسیندا، دەلاقەیەکی گەورەتر دەکاتەوە بۆ مرۆڤ، کە ئامان و بیکردنەوەیە. واتا <دەق> لەگرنگایەتی خۆیدا وەکو بابەت فەزایەکی تر ئاوەڵا دەکات بۆ خوێنەر ئەویش تەئامان بیرکردنەوەی بکەرە بۆ خولقاندنەوەی بابەت. تەماس هەبز لەکتێبی لیڤیسیان دەربارەی نوسین بەم جۆرە دواوە:" ئەو کاتەی پیت و نووسین، دەزرایەوە وەرچەرخانێکی گەورە لەمێژووی مرۆڤایەتی ڕویدا". نووسین پردێکە، کە ئادیا وئایدیاکانی مرۆڤکانی پشوو دەگەینێت بەنەوەی نوە. لەخۆا نیە فەیلەسوفێکی وەکو ئارێنت دەیوت کلتور لە گۆشەسندنی مەدەرنیتە ببپارێزە. خوێندنەوە گفتووگۆ کردنە، لەگەڵ ئەقڵگەورەکانی پێش خۆمان کە لەو میراتە کلتوریەوە بۆمان ماوەتە. یەکێک لە بنەماکانی بەرەو پێشبردنی ئاستی هۆشیاری نەتەوەکان بەیەک گەیشتنی نەوەکانە لەفەزایەکی ئازاد دا، بەڵام

کۆمەڵگایەکی داخراو تەنگ چنراو بەتابۆ وترادسیۆن هەرگیز دەرفەتی گفتووگۆ کردنی تەدانەبەخسێ، بۆیە لە فەراغی ئەم فەزا داخراوەو خوێندنەوە تاکە فاکتەرە بۆ گفتووگۆکردن لە گەڵ ئۆقرەگرتووەکان و نواندی کردەو بەهێزبوونی توانای ئامان و بیرکردنەوە. فرێد دەبێت؛" شارستانیەت لەو ڕۆژەوە گەشەیکرد، کۆمەڵگەکان لەجیاتی بەرد وشەیان ڕیزکرد".
گوتەی شاعیری ئەڵمانی دەڵێت:" هەرکەسێک مێژووی سێ هەزار ساڵەی مرۆڤایەتی نەزانێ تەنها بە ورگی دەژێت". وەکو پێشووتر ئاماژەم پێکرد مرۆڤ توانایی ئەزموونکردنی جیهانی نیە، بەهەی کۆمەی تەمەنەوە، بەهۆی لێهاتووگەی خوێندنەوەو زانینی مێژووەوە دەتوانین تەمەنی ئەوانی تریش بهێنینە سەر تەمەنی خۆمان و دوونیابینی و بارگراوندی مەعریفی خۆمان دەربارەیی جیهان و سروشت زیادبکەین.

یەکێک لەتایبەتمەندیەکانی خوێندنەوە گێشتکردنە، سەفەرێک جیاواز لەسەفەری فیزیکی، گێشتی خوێندنەوە گێشتێکە لەناو کاتدا، مرۆڤ هەمیشە لەناو شوێندا سەفەردەکات. بەهۆی خوێندەر لەناو کاتدا سەفەر دەکا. گابرێل گارسیا مارکیز دەڵێت:" ئەگەر پارەت پێ نیە گێشتێک بکڕیت، هەرکوچێو کۆمانی وەاتێک لەلاپەڕەی کتێبێکدا بخوێنەوە". ئەم گێشتە لەناو کاتدایە، گەڕانەوەی کاتە بۆ زەمەنێکی مێژووییی، من لەڕێگەی خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی دەستپێکەوە، تەواوی کوچێو کۆمانەکانی پترسبەرگ گەڕاوم، لەڕێگەی کتێبێک دەربارەی سەدەکانی ناوەڕاست و مێژووی ئیسپیناوە گەڕاومتەوە بۆ ئێو سەردەمانەی هەرگیز مرۆڤ بۆپارە ناتوانێت هەنگاویان بۆ بنێت. زەرجار خوێندنەوە ئاوێنەیەکە دەمان داتەوە بەناوەی خۆماندا، (دەق) هەیە، ئێوکاتە گریان ودەقیش هەیە، گوزارەک بەمرۆڤ دەکات بەناو دەزگاخانی دونیای واقیعدا.

خوێندنەوە ئامرازێکە بۆ هاوکاری کردنی مرۆڤ لەبەگەڕخستنی توانا خودیەکانی لەتەئامان و بیرکردنەوەو بەرەو کردە نواندن. مرۆڤ لەڕێگەی بیرکردنەوەو تاقیکردنەوەی شتەکانەوە ترادسیۆن و بەها باوەکان تێک دەشکێنێت و دەرگیردەبێت بەخودی خۆی. دەرگیربوون (بەخود) واتا؛ خاوەنی ڕوئیاو تەوانینی خۆت، کە هیچ هەزێکی دەرەکی توانایی بۆیان دانی نیە، لەسەروی ئەقڵی تەوە. خوێندنەوە فاکتەرێکە بۆ ختوکەدانی هزر. لەکاتیشدا خوێندنەوە هەکارێکە بۆ وەرانکردنی خود، مرۆڤ کاتێک دەرگیر دەبێ بەخودی خۆی چیتر، بەرەو نامبوون هەنگاو دەنێ و کۆمەڵگا لەخۆی فەزای ئیداتە دەرەوە، کاتێک خوێندەر بۆی دەردەکەوێت هەموو بەهاکان بەها گەلەکی پووچ و ساختەن،

چیتر شکی سەردەمی بە بەهابوونی بەهاکان، زیهنی دڵەرزێنی و لەمینانەی هەستکردنی بەبەرپرسیاریێتی هەوڵدات بۆ خولقاندنەوەی بەهای نوێ. بەڵام دووبارە لایەن ئەوانی ترەوە بە بەها دەکرێ، نەبوون بەوانی تر، هەکارێکە بۆ هەڵتکردنەوە و نەفی کردنەوەی تەڵایەن کەمەگاوە. خوێندنەوە چۆڕ نابەخشێ، بەکو زەرجار دەقەکان ڕوحت دەکەن بەسوتماک، زەرجار پوچی و بەبەهایی ژیان وەکو هەخنەی خۆی لەدەرونی مرۆقدا دەچێنی. من چەندین شەو لەگەڵ ئازارەکانی هاسکەلینکەف دەرونم هەڵقرچاوە، لەگەڵ خوێندنەوەی لەلیتادا هەوری چاوەکانم هەژنەبارانی خوێنیان هشتووە، چەندین شەو ژیانی خەم بەکوەکانی بارزانی و تاڵەبانی بەراورد کردووە و بیرم لەناڵەوایەتی کردەتوە، لەگەڵ هیگڵدا بیرم لەناتەواوی خودا کردەتوە و فەبیایی خودا، چەندین شەو چاوانی زەخەوکردووم، لەگەڵ مارکس بیرم لەشەش و هەواسینی سەرکردە و بنکردە دیکتاتەرەکان کردەتوە، چەندین شەو لەگەڵ ژەهرخواردکردنی سوکرات و کوشتنی حەلاج و مەسیح مەرگم ئەزموون کردووە، چەندین شەو بەخەیاڵی کەنیزەکانی حەرەم سەراکانی خەلیفەکانی ئیسلامەوە شەیتانی بووم، کەتا جاریش لەگەڵ سەوران و کافکا بیرم لەخەکوشتن دەکردەوە.

ئاراس سەعید

کورد چیە؟.. ئاراس سەعید

ئەم پرسیارە پرسەکی فەلسەفیە، لە ئایدیایەکی پەشینیەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەربارەی خودی بابەت هەمانە. ئەم پرسە، بە ئاوەی لەسیاقی لەگەسدا بمەنتەوە، پەویستی بە میتەدەک هەیە بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسە، کە بە (چی) دەست پێ دەکات. پرسی چیەتی، پرسە لەجەوهەری (کورد). ئەمە دەبەت بە وەڵامی ئەمپرسە بچنەوە بەناو زمان چونکە پرسی (بوون) پرسەکی پەشینیەو بەر لەجەوهەرە و لەهەگەی زمانەوە شوناس ئاشکرا دەبەت. شوناس وەکو ناسنامە و جەوهەری من، کە لەکوردبووندا فەهمە دەبەتەوە.

ئەمە بەر لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسە، دەبەت پرسەکە بگەیین بە (کورد کێیە)؟

لێکۆڵینەوەی ناسینی کوردەوە بەمیتۆدی مێژووی و زانستی و چنینەوەی ئەو ئارگۆمێنتانەوە بگەڕێنەوە بۆ (ئاڵتوسێر، گیدنز، زمان) و تەواوی ئەو داتاو لێکۆڵینەوانەی کە بکەینەوە، تاوەکو کورد لەناو مێژوودا بناسینەوە.
ئەم تایپە نوێیەی کورد کە کۆمەڵێک مێژوو نووس و توێژەرات ناس، بوونی کورد لە جوگرافیا و ماهیەتی خۆیدا، وابەستە دەکەن بەوانی تریەوە. وەکو؛ ئەوەی کورد بەرهەمهێنراوی ئەوانی تر، کە لەشکستهێنانیان بەرانبەر مەدەرنیتە خولقاوەتەوە. لەدیدی ئەوانەوە بوونی (کورد) لەدیالیکتیکی عەرەب و فارس و تورکدا، دەخولقێت. ئەمە لەبەر ئەوەی نەبین بەوانی تر و لەناو ئەوانی تردا نەتوێنەوە کوردبوونمان وەکو (شوناس) ناسنامە بۆئەمە دەبەخشێ. کوردبوون جوگرافیا و ماهیەتی ئەمەیە لە بەرانبەر ئەوانی تردا، پارێزگاری لە دەکەین.

کورد وەکو جوگرافیای بوون:

کوردبوون پرسێکی <ئەنتەلەژی>یە، کە پەیوەستە بە جوگرافیا و ڕووگەزکانی ناو مێنادە ڕوحیەکەمان. لەوانگەی هەگێلەوە دەوڵەت نەتەوە. گەورەترین ئەرگانی ڕوحی و ئەخلاقیە. کە مرۆڤ پێویستە لەناویدا بتوێتەوە. لەبەر ئەوەی <بوون> لەخودئاگایدا، پێشینیەو جوگرافیای من لەکوردبووندا فەرامۆش دەبێتەوە. بەڵام بەدیالێکتیکێ هیگڵیەکەی بوونی ئەمە ناکامڵەو بە گۆشەکردن و گێشتن بە ڕوحی شتەها دەبێت بگەینە قۆناغی دەوڵەت نەتەوە. وەکو بەریەک کەوتنی دژەکان، کە لە ئاغا و نۆکەری هیگڵدا دەخوێنینەوە. (بوونی هەرێەک ئاغاو نۆکەر لەدانپێنانی یەکێکیان بەوی تریان کۆتایی دێت). بەیە ئەمەی کورد لەهەوڵ خەبات داین تا ئەوانی تر دان بەخودی ئەمەدا دانێن وەکو دەوڵەت. قۆناغێ مێژوویەکانی ژیانی مرۆڤ بەدیالێکتیکی مێژووی هەر قۆناغێک لە هەناوی خۆیدا دژەکەی هەڵگرتووە و لەقۆناغێکی باڵاتردا کە تێکهەڵکێشی دگاتە قۆناغی باڵا. (ناسیۆنالیزم) سەنتەزی ئینتمایە بە خێڵ و گروپ و کۆکردنەوەی دژەکانە.

خێڵەکان لە قۆناغێکی مێژوویدا لە پێکدادانی بەردەوام دابوون، بەڵام دەوڵەت نەتەوە کۆکەرەوەی دژەکانە. ئێستا پرسێکی تر دێتە پێشەوە، کە (ئەنتەرناسیۆنالە) بەجیهانی بوونی نەتەوە. ئایا ئەمە چۆن دەتوانین هەنگاو بە ئەو قۆناغە بنێن لەکاتێکدا نەگۆشتووینە قۆناغی باڵاو دەوڵەت نەتەوە. بەشێوەیێکی تر، ئەوان دان بەبوونی تەدا نانێن و تەیان قبوڵ نیە، وەکو بوونی خۆت. بەیە کوردیش ژێر

دەستەیی قبوڵناکات و بەردەوامە لەشکڕش و بەرگری کردن، تا دەگاتە قۆناغی ڕوحی ئەها، کە دەڤەت نەتەوەیە. کاتێک پێچەوانەی ئەم پرسە کردە دەنوێنێت، وەکو پشتگوێ خستنی ئەمپرسە، یان ئەتکردنەوە وجوێندان بەکورد، تە ناخودئاگا بوونی خۆت ئەت دەکەیتەوە.

ئاراس سەعید

ڕانانێک دەربارەی میتافۆری ئۆشکۆوت: لە پلاتۆنەوە تا بەیکەن.. نوسینی: ئاراس سەعید

لەناو ئەم پڕۆسیسی بەناکەس بوونەدا، لەکار خانەکانی ئایین و ئایدۆلۆژیا و کەڵتوورگاوە، مرۆڤ وەکو؛ ئەبەکتیڤی بەرهەمهێنان، بەر لە قاڵبدان و دروستبوونەوە دەکەوێتەوە بە تاپێک لەمرۆڤی ئامکراو و لەکچوو. یان بەتەفسیرە مارکسیەکەی؛ سەردەمی نامۆبوونی ئینسان لەهێزەخودیەکانی خۆی و ئالودەبوونی بەدونیایەکی فانتازیا و نەبینراو. هەرچی زانستی مۆدێرنیتەش، دووبارە ئەو نابوونە دەخولقێنێتەوە. ئەمە لەناو ئەم چرکەساتەدا، کەبەر خولقاندن و لەقاڵبدانەوە دەکەوین، کە کارخانەکانی سیستەم ئەژانە دەمان هاێن و بەئارەزووی خۆیان دەمان کێن بەتاپێک لە مرۆڤی لەکچوو. بەشێوەیەکی تر، دروستکردنی گاڕان و مەگەڵەک، کە هەموو ئەرگانەکانی بەیەک شێواز دەهزرین و بیردەکەنەوە. سەردەمی ئێستا، سەردەمی نامۆبونی مرۆڤ و تواندنەوەی منەکانە لەناو ئەوانی تردا، ئەو منەی کە ناتوانم ببم بەخۆم. خودشوناسەکی ساختە، یان خودێک کە بەرهەم هێنراوی ئەوانی ترە. سەسەلۆجیستەکان پیان وایە؛ "مرۆڤ لەچرکەساتی لەدایک بونیەوە، تاکەکی بە زمان و شوناس و ناسنامەو ئایینە، بەکو شوناس و کەسایەتی و ئەفتاری مرۆڤ، بریتیە، لەڕێنگدانەوەی کەڵتوور و کلتور و ژینگەی نیشتەجێ بوونی". واتا؛ هیچ کام لەمرۆڤکان ئایین، زمان، شوناسیان، هەبژێردراوی خۆیان نیەو، بەشێوەیی بەماوەیی یان میراتی کلتوری بەی دەمێنێتەوە.
ئەمە لەم پڕۆسەی (ناکەس) بوونەدا، چێن ببین (بەکەس). لەم پڕۆسەی

خەنبووندا چەن ببین بخەمان. ئەنگۆ زەرجار ئەوەووی پرسیاری تەکەت؟ ببینەوە، کە قوەترین پرسیاری ئەنتەلەژیە، کە زەرینەمان دەدەن؛ "من خەمم".
بەهام ئایا ئەمە بەهاستی خەمانین. ئەگەر تەماشایەکی ئەفتارەکانی مرۆڤ بکەین، لەخەگەین و هەسوکەوتەکانمانەوە، تا وتن و کردنەکانمان، لەژەر کاریگەری ئەوانی تردایە، ئەمە بە کەمەگەخەمان دەگەرین و لەترسی بەهاباوەکاندا، بوونی خەمان وەکو خەد دەشارینەوە. زەرینەمان مرۆڤی کاگەراو پاسیڤین و لەژەرکاریگەری ئەوانی تردا دەژین. یان تاپەکین، لەمرۆڤی ماسک پەش و کارەکتەرەکی شانۆگەرین.لەکەمەگادا تراسیدینی باو، بووە بەبەشەک لە مەال و بەهاکانی مرۆڤی پە هەدەسەنگەندرە.

ئایا زانینەکانمان، زانینی ئاستەقینە، یان ئەوەی دەیزانین، لە میدیاو ئایین و قوتابخانەوە فەری دەبین. ئایا ئەو سەکتەرە پەروەردەیانە، وەهامی پرسیار و تەئامانە قوەکانمان دەدەنەوە، یان ئامادەمان دەکەن بە لەبەرکردنی کەمەەک پرسیاری ئامادەکراو.
ئەمە چەن ببین بخەمان، خەبوون، بەو مانایەی ببینە خاوەنی ئوئیاو تیەوانینی خەمان، تا هیچ هەزەک لەسەروی ئەقڵی ئەمەوە بیاە نەدا.
با بگەەنەوە بە دووهەزار و پەنج سا بەر لەئەستا، ئەنگۆ میتافەری ئەشکەوتی فەیلەسوفی یەنانی پلاتۆ، یارمەتی دەرکی باشمان بەت، لەم فەوزا لەکچوو دووبارەیدا، لەو دونیایەی کە هەموومان گیرەدەی کەمەەک بەربەستی کەنکرەتین، کە توانانی تەکشکاندینمان نیە، وەکو بەیکەن، دەەت بە ئاچەەکین و دەربازبوون لەو شتانەی فریومان دەدەن، دەبەت پەیکەرەکان بشکەنین.
ئەمە چەن بتوانین ئەو بەربەستانە بشکەنین و ببین بە خەمان. ئایا ئەمە لەهەمان چرکەساتی میتافەرەکەی پلاتۆن دەژین، یان هەنگاوی گەورەمان ناوەو تەواوی بەربەستەکانمان تەکشکاندووە، خوەنەر دوای خوەندنەوەو وردکردنەوەی ئەم دەقە دەتوانی بیاە بدات، تاچەند لەو چرکەساتەداین، کە پلاتۆی تەدا ژیاوە.

میتافەر، یان داستانی ئەشکەوت:

پلاتۆن فەیلسوفەکی یەنانیە، بەباوکی مەژووی فەلسەفە ناسراوە. لەرەدا، باس لەفەلسەفەی پلاتۆن یان شیکردنەوەی فەلسەفەکەی ناکەم، بەکو دەرباری داستانی ئەشکەوت دەدوەن و وەکو دەستپەکیک بە چونە ناو بابەتەکەمانەوە، پلاتۆ لەکتەبی حەوتەمی کەماردا، میتافەرەکی هەیە کە گریمانەی ئەشکەوتەک دەکات و دەەت: " گریمانەی ئەشکەوتەک بکەن، کەدەروازە بەرفروانەکەی ەووەو ، ئاگرەک، کە خەری حەقیقەتە،

کراوەتەوە، لەناو ئەم ئەشکەوتەدا کۆمەڵێک مرۆڤ بەندکراون، کە لەمنداڵیەوە گەردن و پێکانیان بەزنجیر بەستراوەتەوە، تەنها دەتوانن لەدیواری ئەشکەوتەکە بڕوانن، کە بڕانبەریانەو هەرگیز ڕوناکی دەرەوەی ئەشکەوتەکەیان نەبینیوە. لەپشتی سەریانەوە واتا دەرەوەی ئەشکەوتەکە ئاگرێک کراوەتەوەو لەنێوان ئەوان و ئاگرەکەدا ڕێگەیەک لەسەر دیواری بڕانبەریان دروستکراوە، (وەکو؛ شۆنی نمایشی سینەما). لەدەرەوەی ئەشکەوتەکەدا، مرۆڤ و گیانلەبەران و دارودرەختەکان دەجووڵێنەوەو دیواری ڕێگەکەش سێبەری ئەوانی هەڵگرتووە، بەشێوەیەک کەسێبەری شتەکان نمایش دەکات. بەندیەکان ناتوانن ئاوەبدانەوەو ئەوشتانەی کە وەکو سێبەر دەردەکەون ببینن، بەم شێوەیە، بەندیەکان بەدرێژایی ژیانیان سێبەری ڕاستەقینەکان دەبینن و ئەو دەنگانەی دەیبیستن دەنگدانەوەی دیوارەکەیە. پلاتۆن گریمانەی ئەوەدەکات کەسێک لەمانە ئازاد بێت و لەبەر ڕوشنایی ئاگرەکە زیندانیەکانی تری ببینایەو خەری حەقیقەتی دەرەوەو چاوی کوێر نەکردایە، ئەوا جیهانی ڕاستەقینەو ئایدیاکانی دەرەوەی دەبینی. وە دەیتوانی جیاکاری لەنێوان جیهانی ڕاستەقینەو جیهانی سێبەرەکان دەکرد".

ئایا بگەڕێتەوە ناو ئەشکەوتەکە هووبووی گرفتی گەورەی خوگرتن بەتاریکیەوە نەدەبوو، بەشێوەیەک نەیدەتوانی هووبووی ئەوانی تربێتەوە کە هەرگیز ئەشکەوتەکەیان جێ نەهێشتووە؟

پلاتۆ لەم میتافەرەدا، جیهانی ئەمە بە ئەشکەوت گریماندەکات، کە ئەو بابەتانەیی زانینمان لەبارەیانەوە هەیە، لەخود ناسینەوە، تا زانینی ڕاستەقینەی شتەکان، لەڕێگەی هەستەکانەوە، سێبەرن. بەڵام یەکێک لە ئەمە، بیرۆکەیەت، لە ئەشکەوتەکە بێتە دەرەوە، خەری حەقیقەت، بەرچاوی لەو دەکات و تووشی سەرسامبوون دەبێ، کە جیهانی ناو ئەشکەوتەکە، جیهانی ساختەو سێبەرەکانن. بەڵام ئەوکەسە کەیە دەردەچێ، یان دەگەڕێتەوە و ئەوانی تر، بەوایی پێ دەکەن یان نەفی دەکەنەوە. یان دەیکوژن. یان بەناچاری خەبوونی خەی پێردەپێش دەکات و لەگەڵ ئەوان دەست دەکاتەوە بەژیان؟

ئەمەی لە ئەشکەوتەکەداین یان لەدەرەوەی ئەشکەوت:

لەسەردەمی یۆنانی کۆندا، سۆفستایەکان کۆمەڵێک کەس بوون، کە خەڵکیان فێری هونەری وتاردان دەکرد بەڵکێ پارە، خەڵکیان فێری پیشەو، تەکنیکی زمانەوانی دەکرد وەکو؛ هونەری قەناعەتپێکردن. چۆن لەدادگا خەڵت ڕزگار دەکەیت، کەتاوانێکت کردووە. کە ئەو زانینە سێبەرییە پلاتۆ لەبارەیەوە دواوە. بەڵام ئایا لەسەردەمی ئەمەدا،

سەرچاوەکانی زانینی ئەم متمانە پێکراون، یان لە وتاربێژ و میدیا و هەستکانەوە وەری دەگرین. ئایا ئاکاری دەستجەمعی و نەم و ترادسیۆنباوەکان، بەهایی ئاستقینن، یان دژ گرتن و خوپەوگرتنە. ئایا مەال و ئاکار، بەهایکی ئاستقینن، یان بریتین لە حەرام و حەالی ئایین و عەیب و عاری خەڵک. ووتنە کە بەهایی ئاستقینە نین. ئەم سەرچاوەکانی زانینمان، لە ئەنجامی پڕۆسەسکی ئۆقیانی و ئامانکی قوڵەوە نەهاتووتە بەرهەم. بەڵکو ئەو زانینەیە، لەوتار بێژ و میدیا و ئایین و خیزانەوە وەری دەگرین. ئەمەش لەو چرکەساتەدا دەژین، کە پلاتە گریمانەی دەکات. ئەوچرکەساتەی کە خەمان نین و توانای دەزینەوەی خەمان نیە، توانایی تاقیکردنەوە ژیان و بوونمان نیە. بەڵکو تاپێکین لەمرۆڤی تواوە لەناو ئەوانی تردا، کە بەدوای قەرەباڵغیەوەین. مرۆڤی ترسنۆک و پاسیڤین. هەرگیز لەو چرکەساتەی هەمووان دەژین بەڵێن، جورئەتی خەبوونمان نیە، بەڵێن نەخەر.

لەدیدی پلاتۆنەوە، ئەوەی لە ئێشکەوتەکە دەتە دەرەوە، فەیلەسوفە، لەژێگەی ئامان و بیرکردنەوەی قوڵەوە، لەم فەوزایە دەتە دەرەوە و حەقیقەت بەچاوەکانی دەبینی. یان نیچە وتەنی، مرۆڤباڵاکان دەنە دەرەوە. وەلێ من جودا لە نوخبەگەرایی و بە بەهاکردنی تواناکانی مرۆڤ، پێم وایە هەموو مرۆڤێک دەتوانی بێتە دەرەوە، هاتنەدەرەوە واتا؛ هەنگاونان بەرەو خەبووون، کاتێک سوکرات دەتە دەرەوەو دەڵێت؛" ژیانێک تاقی نەکرابێتەوە مانایی ژیان نیە". ئەم ئەو چرکەساتەیە، کە سوکرات ئەو ژیانە نەفی دەکاتەوە، کە دەیداتە بەر نەشتەری ڕەخنەکاری. تا ئاستێک کە ئەو ژیانە ساختەیەی ئەوان خەیان لەسەری گرتووە، قبوڵی ناکات و بەرەو ژیانێکی شایستە هەنگاو دەنێت. دەرچوون لەئێشکەوت، واتا، تاقیکردنەوەو ڕەخنەکردنی هەموو ئەو سەبەرانەی وەکو؛ ئاستیێک فریوی داوین. واتا نەبوون بەوانی تر و هەنگاونان بەرەوە ناسینی خود.

گەڕانەوە بەرەو ئێشکەوت:

وەکو لە بەشەکانی پێشوودا، ئاماژەم پێکرد، کە دەرچوون لەئێشکەوت، واتا هاتنەدەرەوە لەوبازنە چەقبەستوو دەگمانەی، کە کەمەگا و ئەوانی تر دەقیان پێوەگرتووەو زاینینی ئاستقینەنین، بە هەنگاونان بەرەو دەزینەوەی خود و سەلماندنی بوونی خۆت لەناو ئەوانی تردا، مرۆڤ لەژێگەی بیرکردنەوەو تەئامانەوە دەتە دەرەوە، وەکو؛ دیکارت فەیلەسوفی نوێ، هزری ئینسان دەکاتە سەنتەر و دەڵێت؛ من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم.

بەرامبەر ئەوکەسەی بەو پێسیدا دەڕوات و جیهانی ڕاستەقینەو خۆی حەقیقەت دەبینی، لەمیانەی هەستکردن بەبڕیار پرسیارێو دڵگەرمێتێو بە ناو ئەشکەوتەکە، تا ئەوانی تر، لە ڕاستی ئاگادار بکاتەوەو بانگیان بکات بۆ حەقیقەت. بەرامبەر ئەوانی تر، چاویان ڕاستی نابینی و توانایی ئاوەدانەو گەڕانیان نیە، بەدوای ڕاستیدا، وەکو ئەوەی دەقیان گرتووە بەسەبڕەکانەوە، ئامادەنین بڕۆو بانگی حەقیقەت بکەن و بەوونی تاش نەفی دەکەنەوە. سەلماندنی خۆت و دڕچوون لەئەشکەوت، گەورەترین هەڕەشەیە، بۆ لەقکردنی پیرۆزیە ڕەوکەشکانی ئەوان.

لەدیدی (بۆیکۆن)ەوە، کەمەک بڕبەستی کۆنکرێتی هەن، کە <<بۆپۆیکەر>> ناوی بردووون، ڕێگۆ لەخۆبوون و بیرکردنەوەی تەندروست دەگرن، پۆیستە بیان شکێنن. ئەوانیش ئەمانەن:
(بتی بازاڕ، بتی خێزان، بتی شانۆ، بتی ئەشکەوت)

بتی بازاڕ، لەدیدی بۆیکۆنەوە، ئەو زمانەیە، کە پەیوەندیەکان پێکەوە دەبەستێت و گروپێک لەبازنەیەکی زمانەوانی بازاڕیدا دروست دەکات، کە بەبێ ڕیساو لەژیکی تەندروست، ڕستە دەردەبڕن و ڕاستی ناپێکن و دوورن لەزمانی ڕامان و بیرکردنەوە. هەریەک (لەبتی خێزان و شانۆ) خۆی؛ کە میکانیزمێکی کەمەڵایەتیەو ڕێگرە لەوەی مرۆڤ، لەسەروی ئینتما بۆ گروپێکی یان خێزانێکی بیاڵی ئاکاری و تەندروست بدات. شانۆ ئەو سەبڕ و نواندنەن، کە وەکو ماسک و شاردنەوە، یان بەخاتری ئەوانی تر، یان لەژێر کاریگەری کەمەگا دەینوێنن.
بتی ئەشکەوت: جودا لەمیتافۆری ئەشکەوت، بەبۆچوونی بۆیکۆن هەریەک لەئیمۆ، خاوەنی ئەشکەوتێکی شارەزاین، کە دوونیا بینی خەمانی تێدا دەبینین. بەواتایەکی ڕونتر، ئەمۆ گروپی ئێگۆ سەنتەرین، لە سەنگەی ئینتما بۆگروپ و ئایین و ئایدەلۆژیا و نەتەوەوە، ئەوانی تر نەفی دەکەینەوەو بیاڵ لەسەر ڕەواوکان دەدەین. یان دونیابینی و خوێندنەوەمان، بەشێکە لە سەز و عەتف. وەکو هیراکلیتەس دەڵێت:" ئەوانە لەجیهانە بچوکەکیاندا، سەرگەرمی گەڕانن بەدوای زانین، نەک لەجیهانی گەورەو فراوان".

سەرچاوەکان:

گریت تامسۆن، فەلسەفەی دیکارت:
وەرگێڕانی پەشۆو محمد
ت.ز. لاڤین فەلسەفە بۆ هەمووان
وەرگێڕانی: ئارام مەحمود.

فەلسەفەی نوێی ئەوروپا، د حمید عەزیز
francis bacon : neues organon.teil band.i.(hrsg)von wolfgang .krohn. felix meiner verl . hamburg 1990,s .99.ar.38

ئاکاری سوقراتی .. ئاراس سەعید

تەوانینی سوقرات دەربارەی لۆگۆس، واتا دەزینەوەی ڕاستی و چاکە. ئەم جۆرە تەوانینە بە ئیتیکی ڕاشیونالیست، یان ئۆقگۆرایی ناسراوە، لەدیدی سوقراتەوە تاکە مەتیقی کردە ئاکارییەکان ئۆقەن، چونکە لەدیدی سوقراتەوە، چاکە (زانینە).

لەمڕووی فەلسەفەدا، دوو شێوە تەوانین بەرامبەر عەقڵانییەت هەبووە، ئەویش (میتەدی دانپێنان و میتەدی ڕەخنەگرانە).
لە وتە بەناو بانگەکەی سوقرات، دەبینین کە شوێنکەوتەی میتەدی ڕەخنەگرانە بووە، کە دەڵێت؛" ژیانێک تاقی نەکرابێتەوە مانای ژیان نییە".
تاقیکردنەوە، واتا ڕەخنەکردن و تاقیکردنەوەی هەموو ئەو شتانەی زانینەکی ساختەمان لەبارەوە هەیە.
لەزاری ئەفڵاتوونەوە وتەیەکی بەناو بانگی سوقرات دەخوێنینەوە؛
١"من دەزانم، کەنازانم، ئەوان نازانن، کەنازانن، وا دەزانن دەیزانن".
سوقرات یەکەمین فەیلەسووفە، کە بەدوایی شێنوکەو کردنی پرسە چەق بەستوو و ئارشکاندا دەگەڕێت بە دەزینەوەی کەموو کورتی و هەنگاونان بە گشتی مەعریفی. کاڵ پێپەر دوای دووهەزار و چوارسەدساڵ سەدساڵ دواتر ئەو وتەیەی دوبارەکردەوە. پێپەر دەڵێت؛ ئەمە کاتێک دەزانین هەڵە و کەموو کورتی تیرەکەمان لەکوێدا، هەنگاوێک لە زانین نزیک دەبنەوە. دکتەر ڕەهبەری مەحمود زادە دەڵێت؛ ٢" گشتی مەعریفی واتا، دەزینەوەی یەکێک لەکەموکورتییەکانی بەچوونکانمان، نزیکبوونەوەیە لە زانین".

پەیوەندی نێوان ئیتێک و مەعریفە، لەدیدی سوقراتەوە: سوقرات یەکەمین کەس بوو چەمکی ئاکار ئاوێتەی ئیپستمەلۆجیا دەکات. ت ز لاڤین دەربارەی ئەخلاقی سوقرات دەڵێت؛" ئەخلاقی سوقراتی واتا

دەزینەوەی ئەوەی ماست و چاکیە لێگەڕی ئەقڵەوە".

دکتۆری هێبەر دەڵێت؛ کەواتە ئێگەر بمانەوێ گرفتە ئاکارییەکانمان چارەسەر بکەین پێویستە سەرچاوەکانی زانینمان زیاد بکەین.

مەبەستی سوقرات لەم وتەیە؛ "کەس تووشی هەڵەی ئاکاری نابێت، مەگەر زانیاری لەبارەوە نەبێ". چونکە لەتێگەیشتنی سوقراتدا، چاکە زانینە.
هەرکەس زانیاری دەربارەی خراپەی گرفتە ئاکارییەکان هەبێت هەڵەناکات. ئەمە زۆر جار وتەی بریا باشترم بکردایە، بکار دەهێنین. بەجۆرێکی تر لەدیدی سوقراتدا هەر کەسێک تووشی هەڵەیەکی ئاکاری بێت ئەوکەسە، بێ ئەخلاق نییە، بەڵکو زانیاری تەواوی لەبارەی باشەوە نییە.
.....

ئایا ئاکاری سوقراتی لەفەلسەفەی مەدەرینتەدا، یان لەدونیای ئێستادا دروستە یان گرفتی هەیە. لەدیدی منەوە. سوقرات زانیاری دەربارەی غەریزە و مەتیقە دەروونییەکان نەبووە، کاتێک قوتابخانەی زانستی دەروونشیکاریی و ناسینی دادەمەزرێت. چیتر ئاکاری سوقراتی ناخنە هەڵدەگرێت، چونکە مرۆڤ هەموو کاتێک لە دەخی ئاگایی دا نیە، بەڵکو لەژێر کاریگەری غەریزە و مەتیقە بایەلۆژییەکاندا دەژێت، مرۆڤ کاتێک ژیان و ناگەزی دەکەوێتە ژێر مەترسی لەناوچوونەوە، زانیاری هەیە دەربارەی چەمکی باش، بەڵام لەژێر مەتیقە دەروونییەکاندا، هەڵەی ئاکاری دەکات.

سەرچاوەکان:

کۆبەرهەمەکانی ئەفلاتوون: وەرگێڕانی عیمران هاواری
ت.ز لاڤین: فەلسەفە بە هەمووان
و: ئارام مەحمود
دکتۆری هێبەری محمود زادە، کۆرسی فەلسەفەی ڤیژاوا.

ئاراس سەعید



ئایدۆلۆژیای تۆتالیتار .. ئاراس سەعید

ئایدۆلۆژیا چەمکێکی مۆدێرنیتەیە، لەهەردوو وشەی لێکدراوی (ئایدیا) و(لۆجی) وەرگیراوە. ئایدیا وشەیەکی یۆنانیە و فەیلەسوفی یۆنانی ئەفلاتون بەواتای فۆرم بەکاری هێناوە، هەرچەندە ئەو وشەیە فرە هەندە و هانائارێنت، بەواتایی خیال یان بیرکە ئاماژەی پێکردووە، پاشگری (لۆجی) بەواتای زانست دێت... حیزبە تۆتالیتار و دیکتاتۆرەکان لێکگەی قۆخکردنی تاقیگەکانی زانستەوە، بیرکەکانی خیان بەرهەم دەهێنناوە. بەواتایەکی تر، زانست وەکو؛ ئامرازێک دەکرێتە خزمەتی بڕژەوەندیەکانی حیزبی سەرکوتکار و فاشیزمەوە. لەدیدی ئارێنتەوە؛ دیکتاتۆریەتی سۆڤیەت و نازیزمی فاشیزم، لێکگەی مانەپێکردنی زانستەوە توانیان ئایدیا سەرکوتکارەکانی خیان بسەپێنن. ئەمە بۆ ئاشکرا لە فاشیزمی نازیزمدا دەبینین کەسود لە تیۆری پڕاکسیس وەردگرە بۆ ڕواجدان و بەرهەمهێناوی دەسەڵاتەکانی. فەلسەفەی مارکسیزمیش ئامرازێکی کوشندەیە بەدەست ستالین و سوپای سورەوە.

حیزبی تۆتالیتار بەوتارێکی پۆپۆلیست و زانستی سود لەجڤاتی پڕاوێزخراو هەرچی و پەرچیەکانی کەمەگا وەردەگرێت. حیزب کەس

نەفرەتلەکراو و پەراوێزکانی کۆمەڵگا دەقزەتەوە وەکو ئامازەک بەکاریان دەهێنی بۆ دروستکردنی کودەتا و شەرش. لەکۆتایشدا ئەو مرۆڤانە کەرامەت و مەڵا و کەسایەتیان بۆندۆ بەمانووی حیزبەوە. حیزب کەس هەرچی و پەرچیەکانی نووکۆمەڵگا دەکاتە بەرپرسی زیندان و دامەزراوەسەرکوتکارەکانی و ئیمیتاز و پلەو شوخسیاتیان پێ دەبەخشی و لەگەڵ هوخانی حیزبیشدا دووبارە دەبنەوە کەسانی نەفرینلەکراو و پەراوێزی کۆمەڵگا. ئەم پرسە زەرجار لە دەخی ئاورتەی کوردستاندا دەخوێنینەوە، کەدەڵێن بەچی زەرینە ڵازین و بەردەوام ڕواج بەسەرکوتکاری و تاڵانکارییەکانی دەسەڵات دەدەن، لەدیدی منووە ئەوانە کەسانێکن کەرامەت و شوناسیان بۆندە بەمانووی حیزبەوە، حیزب پلەو پۆستیان پێ دەبەخشی و لەگەڵ هوخانی دەسەڵاتیشدا وەکو جاش و مستەشارەکانی ڕژێمی بەعسیزمی فاشیزم مژووو سزایان دەدات.
حیزبی تۆتالیتەر قوربانیەکان دەکاتاوە بەقوربانی و هەمیشە لەواڵەتدا وادەردەکەون، کە ئەندامانی حیزب یەکگرتوو و هاوەڵن. بەڵام بەپێچەوانووە کاهینکی زەر تەنها و غەمگینن. تەنانەت لەکاتی بۆنووی ئاهەنگگێڕانیشدا توانای دەربڕینی ناڕەزایان نیە، چونکە حیزب دەست وەردەداتە ناو ڕەهەندە تایبەتەکانی ژیانیان و تەواوی ئەقڵیەت و ئازادیەکانیان مۆنۆپۆڵ دەکات. لەکاتی بۆنی لەدایک بوونی سەرکردە و یادی حیزبدا وەکو بوکەڵە سەمایان پێ دەکات و بەبیاڵ وۆنی پەڕفایلیان پێ دەگەڕێت.

ئاراس سەعید

سانسەرکردن مژووێکی دوورو درێژی هەیە... ئاراس سەعید

کام بەهاو کامە شیرازەیی کۆمەڵایەتی، لەپەناوی بەهاو نەریتە پیرۆزکانی نیشتمان و نەتەوە، یان لەقاڵبدانی ئەقڵ و خەساندنی فیکر و سەرکوتکردنی ئازادی بیروڕا.

1. سانسەرکردنی نوسین و بیرکردنەوە نەک شتێکی نامۆ نیە

بۆکۆمەڵگای ئەم، بەکو مژوویەکی دوورو درێژی هەیە. لەماوەی ئەم زەمەنە مژویدا سانسرکردن بەسیستماتیکیکراوە و لەڵگەی مانپەڕ کردنی سکتاری پەروەدە و کاروباری ئایینی و هۆشنبیریەوە. بازنەیکی فیکری و کلتوری سەپاو و تواندنەوەی جیناوەکانی من و تۆ و ئەو لەناو ئەم و ئەوو ئەواندا. دەسەڵاتی سیاسی لەمژە لەڵگەی کارخانەکانی پەروەدەوە هەوەی بەرهەم هێنانی تایپەک لەمرۆڤی پاسیڤ و دگامەیە. لەمندالیەوە وەکو تاکەکی گوڵایەڵ پەروەدەکرێت و ئەقڵی منداڵ وەکو تەنەکەی خاڵ پڕ دەکرێت لەزبڵ و خاشاکی باو. مرۆڤ بەی نیە هیچ گومانێک لە وتەکانی مامۆستا و وانەکە هەبێ و هەمووان ئامادەدەکرێن لەسەر یەک شێواز بیربکەنەوە و گوڵایەڵی مامۆستا و لەخەیان گەورەتربن. وردە وردە ئەم مرۆڤە دەرونی دڕ دگریت بم شێوازە هاهێنانەوەو لەداهاتوشدا گومانی لەهیچ شتێک نیەو هەبێت و مەیمونێکی ئامادەکراوە بۆ لەخورێن. مامۆستایی ئایینی بەبێ هیچ سانسەرێک پرسی ئەخلاق دگڵێت بۆ کەڵەک حەرام و حەڵاڵی ئایینی، پرسی ئازادی دگڵێت بەملکەچبونی خودا و گومانکردن دەکاتە گوناهێکی گەورە و واوەیلا و گومەایی بۆ ئەو کەسانەی وگومان لە بەرنامەی ئیسلام دەکەن. سێکتاری هۆشنبیریش لەڵگەی هۆشنبیرێ کەنزیرقاتیفەکانیەوە بەردەوامە لەبەرهەمهێنانی فیکری کەنەخوازی و هوحی ناسیونالیزم و پیرۆزکردنی سەرکردە. پوچەڵکردنەوەی هەر هوئیاو فکرێکی نوێ کە تابۆ و پیرۆزیەکانی تێک دشکێنێ.

2. بۆها و نەریتە پیرۆزەکان چین؟

کاتێک زەرینە دڕ دگرێت بۆ کەڵەک دڕ و چیرۆک وئەفسانەوە ئیتر هاستەوخۆ دەبێتە تابۆیەکی پیرۆز، بەواتایەکی تر، هیچ کەسێک مافی فەڵەمڵێ کردن و هیفڕمکردنی نیە. ئەمانە جگە لەکەڵەک ترادسیۆنی خاڵ و نەتەوە و یاسایی هۆهایی ئایینی هیچی زیاتر نین. هۆزگرتن و ملکەچی بوونی ئیتیکی دەستەجەمعی، چەپاندنی بیرکرنەوە و هوئیای تاکەکەس لەلایەن زەرینەوە. سانسەر واتا، بیرکردنەوو تەوانینی لەگەڵ ئەقڵیەتی خاڵ ژنکوژەکانی کوردستان و حیزب و ئیسلامی سیاسی جیاواز بێت دەبێت دەستکاری بکرێت یاخود هۆگری لەبگرێت.

3. ئەم بۆیاڵەی وەزارەتی هۆشنبیری، گەڵانەوەیە بەسەدەکانی ناوەڕاست و مانپەڕکردنی ئازادی بیروڕا و دروستکردنی بەربەستە لەبەردەم هەر فیکری نوێ و هاوەڵێکی کراونەوە

لەکەمەگادا. سانسەر دانان بەکتەب لەلایەن نوخبەیەکی حیزبی و ئایینەوە هیچ جیاوازی نیە لەگەڵ سوتاندنی جیەردانە برینە و سوکایەتی کردن بەگالیولە سوتاندنی کتبەکانی ئیبن ڕوشد. وەزارەتی ڕۆشنبیری بەم بیانووی کلتور و فەرهەنگی کوردی لە باردەخی وەستاو قیرانی و فیکری و ئەخلاقیدا نەک بەرەو پێشەوە نابات، بەڵکو باردەخی فەرهەنگ و فیکر و کلتوری کوردی دەگەنتەوە بە سەردەمی کۆپرنیکەس و سەدەتاریکەکان و سەردەمی عەراقی دوای موعتەزیلە.

کۆگیتۆی دیکارت … ئاراس سەعید

هەنگاو ئەمە تەنها بەشوێک پێیمان بە کۆتیگۆی دیکارت بردبە، وەکو: هەرشتێک دەهزرێت بونی هەیە، من دەهزرم کەواتە بوونم هەیە. بابەتەکە بەجۆرە سادەو ساکار نیە. میتۆدی دیکارت بەپێچەوانەی لۆژیکی ئەزمونگرایی، ئامراز بووە و جۆرەکە لەتەکنیک.
" من ئەو زانینە بەووون clara، دادەنێم کەووون و بەرچاو لەبەردەم هەش وهزردایە"
دیکارت لێرەدا ئەوە هوندەکاتەوە، نابە هیچ جارێک شتێک بەڕاست دابنرێ تاگومانمان نەبێ و دڵنیابین لەوەی کە بەتەواوی ڕاستە. مرۆڤ زۆرجار لەهەڵگەی هەستکانەوە تووشی هەڵەدەبێت، بەنمونە؛ لەکاتی بینینی قەڵەمێک لەناو دەفرێک ئاودا، بەشکاوی دەردەکەوێ و تە فریو دەدات. واتا ئەوەیی لەهەڵگەی ئەزمون و هەستکانەوە درکی پێ دەکەین. ئەگەرهەستکان شایەدێکی ڕاستەقینەبن و ئەوکارستەیی دەیدەنێ دەست گومان ئەگەر هەڵبگرن، دورنیە هەڵەکی فریودەر هەبێ مرۆڤ بەتەفرێو بەهەڵەدا ببات. دیکارت میتۆدی وەکو پێیەو لەفەلسەفەکەیدا بەکارهێناوە، بەپێچەوانەی ئەزمونگراکانەوە، دەبێ گومان لەوەو لەئەنجامەکانی ئەوە بکرێت بکرێت کەمرۆڤ بەهەڵەو تەفرەدان دەبەن.
دەرون و (نەفس) هزر، لەوگومانکردنە بەدەرێ، خودی هزر گریمانەی دەکات و گومانیش دەکات. گومانی دیکارت ئامازەی نەک مەبەست، ئەو گومانە بەمیتۆدێی دەناسرێت، وەکو ئامرازێک بوونی خۆی پێ ساغ و پشت ڕاست کردەتەوە. کەواتە گوهەری شت بەهەزی ژیر پێی پێدەبرێت نەک هەستکان. لێرەدا مەبەستکە هونترەکەمەوە:

مرۆڤ دەبێ گومان لەهەموشتێک بکات، جگە لەو ئامرازەیی گومان دەکات. مرۆڤ ناتوانی گومان لەوە بکات کە گومان دەکات، دیکارت گەیشت بەو دەرئەنجامەیی مادام هیچ شتێک بوونی نیە، چونکە هەموشتەکان مایەیی گومان لێکردنن، بەڵام هزر وەکو ئەو دەزگایەیی گومان دەکات بونی هەیە، ئەگەر هیچ شتێک بونی نەبێ، کەواتە هیچ شتێک گومان ناکات، ئەوەیی گومانیش دەکات بونی هەیە. دیکارت توانی بوونی خودی خۆی بەبونێکی هزمەندی بیرکەرەوە پشت پێ ئەست بکاتەوە. دیکارت گومانەکەی ئامراز بووە بۆ دەزینەوەی خۆی. لێرەوە دیکارت گەیشت بەو دەڕوانینەی لەفەلسەفەی نوێ ئەوروپادا و بەهەتاهەتایە مایەوە.

"من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم"

cogito ergu sum

دیکارت لێرەدا بەتەواوی تینوێتی نەشکا، بەڵکو تەنها توانی جۆهەرێک ساغ و پشتڕاست بکاتەوە، کە گومان دەکات. ئەگەر جۆهەرێک گومان بکات، کەواتە کەمال و کامڵ نیە، ئەگەر جۆهەرێک کەمال بێت، ئەوا گومان لەهیچ شتێک ناکات. ئەم بیرکردنەوەیە دیکارتی پەلکێشی جۆهەرێکی باڵاتر و کەمالترکرد کەلەسەروی جۆهەری ناکامڵەوە بوونی هەیە، ئەویش خودایە. هەرچەندە دیکارت کەوتەتە ژێرکاریگەری فەلسەفەی [شکاکەکانەوە] بەڵام گومانکردنی شکاکەکان بە بەماناکردنە خودی جیهان بوو، نە ساغکردنەوەو مانا بەخشین بەبون. بەپێچەوانەوە دیکارت، لەڕێگەی گومانکردنەوە بونی خودێکی بیرکەرەوە دەسەلمێنێ و لەو دەرئەنجامەشەوە، هەنگاو دەنێ بۆ ساغکردنەوەی خوا. هەندێکی تر، پیان وایە، دیکارت لەژێر کارگەری فەلسەفەی ئیمامی غەزالیدا پێیوابێ میتۆدێکی داشتوە بۆ گەیشتن بەیەقین ودڵنیایی.

ئاراس سەعید

ئۆپۆزسیۆنی پۆپۆلیست و

ڕزگارکاری دیماگۆگ .. ئاراس سەعید

کوردستان تادێت لەنێو داڕزانێکی گەورەیی فیکری و مۆراڵیدا چەق دەبەستێت، بەدرێژایی حوکمڕانی حیزبەکوردیەکان بۆ ڕزگاربوون لە تووشەیی و هەڵومەرجێکی حەتمی کۆمەڵایەتی، حزبە کوردیەکان خۆیان بەرهەمدەهێنەوە، ئاوێش بە زیاتر سەپاندنی ئاو بازنە فکری و کلتوریەی هەموو بیکردنەوە و گۆڕانکاریەک ئادکەشتاوە بۆنێو خودی خۆی. بەواتایەکی تر حزبی دەسەڵات مۆنۆپۆڵی بازنەیەکی فیکری و کۆمەڵایەتی کردووە و بەشاوێیەکی سڕپنەر فیکر و هزری نوێ پوچەڵدەکاتەوە. ئاوێش لەڕێگەی مۆنۆپۆڵکردنی سێکتەرەکانی ڕۆشنبیری و خانەکلتوری، نەڕەخساندنی بازنەیەکی فیکری بە کەبونەوەو ئاڵۆگۆڕیی ئایدیایی نوێ.

شکستی حیزبی کوردی و لەدایکبونی ئۆپۆزسیۆن و باڵی نوێ لەهەناوی کلتور و نەریتە سەپاوەکاندا، هیچ گۆڕانکاریەک دروست ناکات، جگە لەبەرهەمهێناوەیی نەریتەکان لەفۆرمەکی تردا. کاتێک حیزبی دەسەڵات درک بەتەقینەوەیی کۆمەڵایەتی و جڕێک لە دڕکاوتنی هزر و تیۆری نوێ دەکات، کە سمبولێکی نوێیە، بە یاخی بوون و لادانی سیاسی و دووبارە خوێندنەوەو خولقاندنی کردە، لەگۆشەنیگایەکی جیاواز و لەدژەوەیی بازنەیی سەپاودا، حیزب خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە، نمونەش بەرهەمهێنانەوەیی یەکێتی لەفۆرمی گۆڕاندا، کە گەورەترین هەڵچونی کۆمەڵایەتی سەدەیی بیستەمی سەرکوت کرد بەو شێوازە پۆپۆلیستەیی سەرجەم پێنسیپەکانی هاوتایی داواکاریەکانی خێڵک لەپلاتفۆرمەکدا ئاشکرا کرد. بەمەش بەئاسانترین ڕێگا توانی دووبارە، دەنگی ناڕازی و بزاوتە فیکریەکە بۆنێو بازنە کلتوریەکە ئابکێشیتەوە، بەبەشداری کردنی لەدەسەڵات و قەستنەوەیی دەگمایی هاوڕاتیان دوبارە دەسەڵاتی بەرهەم هێنایەوە.

ئەستاش هەڵومەرجی ئابوری و کۆمەڵایەتی کوردستان، دووبارە هەڵومەرجێکی فیکری خولقاندۆتەوە بۆ ڕزگارکردنی کێت و بەندەکانی بیرکردنەوە، کەچی ئۆپۆزسیۆنەکی پۆپۆلیست و بەسەرکردەیەکی دیماگۆگ و فریودەرەوە، لەهەوڵی دووبارە بەرهەمهێناوەیی نەریت و سیاستی شکست خواردووی دەسەڵاتە لەفۆرمەکی نوێدا، دووبارە ئاو بزاوتە نوێیە پەلکێشی نێو بازنە فیکریە سەپاوەکە دەکات، بێ هاوڕاتیان دەبە بەهەشیاریەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم هەڵومەرجە دژوارەیی

کۆمەڵگا بکەن، فریوی سەکردەی دروستکراو دیمامەگی وەکو شاسوار و گروپەکانی هاوشیوەیی نەخەن، تادووبارە نەبنەوە قوربانی ئەپەزسیۆنکی ساختە، کەڵکوەرگرتوودا فریوی دان و لەسەر ئەسک و پروسکی ئەوە گەیشت بەهەرەمی ویستو ئارەزووەکانی.

ئاراس سەعید

ئاکار و ئایین … ئاراس سەعید

ئەوانەیی دەڵێن: ئەخلاق (مەعریفە)ی تاک لەنێو ئایینەکاندا تووشی لەرزەکی بوون دەبێت هیچکات لە مەعریفە تێنەگەشتوون، بەڵکو ئایین بابەتێکی کۆمەڵایەتییە لەدەروونی مرۆڤدا مەعریفە دەستەبەردەکات. هەرچەندە مەعریفە بابەتێکی مەعریفیە، بەڵام میتۆد و تیۆرەکانی مەعریفە، بەرهەمی هۆشیاریی کۆمەڵایەتین، مەعریفە ناکرێت وەکو تیۆرەکی ئەبسکرات، تەنها خەسڵەتی نوخبەیەکی باڵابن، کەسانێکی زۆر لە بواری پراکتیکدا، لەژیکی تایبەت و مەعریفی جیاواز وەکو کردەیەک لە دیاردەی خۆیاندا ئەنجام دەدەن.

ئەگەر مەعریفە وەکو یاسایەک، یاخود دەکەوتنێکی کۆمەڵایەتی بێت لەسەر کۆمەڵگەک ئیتک و مەعریفی دەستەجەمعی. کە مەعریفی ئامانجی، ئامانجگەرایی لیبەرالیزم و مەعریفی ئیرکگەرایی کانت، وەکو دوو تیۆری کۆمەڵگەکی هەرێک بەشیوازێک گوزارشت لە مەعریفە دەکات. ئەگەر هەرێک لەو دوو قوتابخانەیە، وەکو واجبێکی دانها و سەپێنەر ماموستا لەگەڵ کەیی مرۆڤایەتیدا بکەن، ئەوا ئایینیش جیاکە لەیاسا و پابەندبوون بە کۆمەڵگەک ئایدیا و کردەیی دەگەپێدراو سزا چەشتن بە هەرشتێکی ناجیار. دەنگە مەعریفی ئایینەکان. جیاک بێت لە حوکمێکی تۆتالیتاریزم و قەدەغەکردنی ئازادیی مرۆڤ بێت، لە زیادەویی کردنی حەرام و حەڵاڵ و دەستوردانە نیو هەموو دەهەندە تایبەتیەکانی مرۆڤەوە.

مەعریفی بودایزم و سوکراتیش، چەشنەکە لە مەعریفی ناوەوەگەرایی، واتا تاک، جودا لە بەرکەوتن و پەریەوکردنی ئەخلاقی دەستەجەمعی، بە شێوەیەکی شهودی، لەناوەوەی خۆیدا، منێک درووستدەکات. منێک مەحکوم و لەکەینەوە لە خودی من دەکات، تا دەگەین بە سەنتاڵێک

لەنێوان دوو منداڵ، منێکی دڕاوەیی خەم و منێکی شهودی، ناوەوەیی لەڕدا، چەمکی وێژدان درووستدەبێت. وێژدان وەکو باڵاترین ئەرگانی مرۆڤ بەیان لەسەر کردە و بیرکردنەوەکانی تاک دەدات.

بڕوانکردنەوەیی بابەتێک، من وەکو کەسێکی مەڵاڵی، کە ناتوانم بکەومە ژێر کاریگەریی و لە ڕگەی سزاوە بیار بدەم، دەمەوێ خودی بابەتێک بشەوێکی واقیعی بکەمە ژێر لێکۆڵینەوەو نێک وەکو داکۆکی کاری ئایین و ئەنتیکی ئایینی.
بابەتێک لە سەنگێکی ئایینیەو ناخێنە ژێر پرسیارەو، بڕکو خودی خودا، وەکو باڵاترین هێز لەسەروی ئەقڵ و سروشتی کەسی ئاینیەو. کاتێک کەمڕێک وابەستەیی مەڵاڕکی دەستجەمعی دەبن، بەناچاری ژیردەستەی کەمڕێک بکەو مەکەی ئەو یاسایانە دەبن. لەبەرامبەریشدا کەسێکی خاوەن ئیتک و ئەخلاقی ناوەکی و تاک، وابەستەیی ئەو ئەخلاقەیی خەیتی. خودی پرسیارەکە لەڕەو دەست پێ دەکات ئایا کەسانێک خودان هیچکام لەو ڕسا و یاسا مەڵاڵیانە نین، چ شتێک وایان لە دەکات بێئەخلاق بن؟

دەستەقیسکی دڕێت؛ ئەگەر خودا نەدەبوو، هەموو شتێک ڕگە پێدراو دەبوو.

نەبونی خودایێک وەکو هەزێکی باڵاو، بکەری و سەپێنەری کەمڕێک یاسای سەپاوی ڕها، وەکو چەمکی سزاو ئومێد، چ شتێک وا لەمرۆڤێکی بڕوابێی و ناهۆشیار پابەند نەبووی هیچ چەشنێک لە ئیتک و ئەخلاق دەکات کە بێئەخلاق بێت. لەکاتێکدا، خودی ئەخلاق پڕسەیی مەعریفیە، زانینە، کەسێک نەزان بێت بەرامبەر کەمڕێک کردە کە ئەنجامی ئەدات، تووشی زەرترین نەزانی دەبێت. ئەو بوونی خودایێکە، وەکو هەزێکی تەقەنەر و پاداشت دەرەو، فاکتەری باشبوونی مرۆڤ یەکتاپەرستەکانە. هەرچەندە باشبوون بەرهەمی بیرکردنەو و ناسینی خودە، باشبوونی کەسێتی ئایینی، جەرەکە لە بەزەر باشکراو.

نیچە وتەنی؛ خودا مرد، ئەمە خەمان کوشتمان. مەبەستی نیچە لەکوشتنی خودایێکی باڵا و کەمان نیە. بڕکو خوێندنەوەیێکی فەلسەفیە بە پشکەوتنەکانی مرۆڤ، کاتێک مرۆڤ لەهەوەی جوداکردنەوەی بکەرە لە بابەت، واتا دابەانی مرۆڤ لە سروشت و دەستبەسەراگرتنی سروشت لەڕگەی زانستی ئەزمونییەو. شتێک بە ناوی خودا بوونی نامێنێت. نیچە وەکو بیرکەرەوەیێکی زیتڕە هۆشداری ئەدات لەدوایی مردنی خوداو، نیلهیزم و پوچیتی دروستدەبێت، بەم شەو پوچیەی ئێستا بەرکی مرۆقایەتی گرتووە.

سەرمایەداری لە فەرمی ئایندا …
ن: ئاراس سەعید

ئیمپریالیستی کاپیتالیزم، لەدوای هوخانی یەکێتی سۆڤیەت لە فەرمکی نوێی ئاینیدا، خۆی فەرمالەکردەتوە، بەجۆرێک یەتەپیای سەرمایەداری بەهەشتکی یەتەپی لەژێگەی عیبادەت کردن و کارکردنی بەردەوامەوە، بە بەندەکانی خوقاندووە، ١"لەژێر سایەی ئەم سیستمدا، چەشنی ئاین، تاوان دەبەخشێتەوە، ئەویش لەژێگەی پەدانی قەرزەوە، مرۆڤ بەناچاری تووشی تاوان دەبێت"[قەرز] تاوانێ گەورەکەیە، کەچەشنی ئاین مرۆڤ ناچاری، عیبادەت دەکات بە پاکبوونەوە لە تاوان.

ئەم سیستمە، لەشیوەی ئایندا، مرۆڤ ناچاردەکات، بەردەوام عیبادەت بکات، بە بەدەستهێنانی بەهەشت، لەژێگەی فرەشتنی هەزی کارەکەیەوە، بەردەوام بێت، بە پاکبونەوە لە تاوان، یاخود بەدەستهانی بەهەشت، عیبادەتی زیاتر بەکارکردنەوەی سامان و کەینی خزمەتگوزاری و ئەتەمبەل و ڤیلا و کەشکش.

ئەم ئاینە نوێیە، مرۆڤ تووشی نامەبوون دەکات بەرامبەر بەخۆی، مارکس وتەنی : "کرێکار لەژێگەی فرەشتنی هەزی کارەکەیەوە، نامە دەبێت بەرامبەر ئەوکالایەی خۆی بەرهەمی هێناوە"

لەم سیستمەدا، پارە وەکو خودا، لەچەشنی ئاینێ بت پەرستکاندا، دەپەرستێت، واتا مرۆڤ دەبێتە، دروستکراوی شتێک کەخۆی دروستی کردووە، واتا مرۆڤ نامە دەبە لەخودی خۆی، ئەریک فرۆم دەڵێت:٢ "کەسایەتی بازارکەر، لەوکاردا کەمالایەتیەو پێوەندی لەگەڵ زرکسدا هەیە، بەڵام لەناخدا تەنهایە، ژمارەیەکی زۆری مرۆڤکان لەژگاری ئەمڕدا هەست بەتەنهایی دەکەن، ئەوان هەست دەکەن وەکو[کالوپاڵ و کەرستە] مامەڵیان لەگەڵ دەرکرێت" واتا بەهای مرۆڤ بەستراوە، بەعیبادەتکردنەوە، وەکوچەندێتی کەنی شت لەبازاردا، بەستراوەتەوە بەدان پەنانی ئەوانی تردا، بەسەر کەوتنایانەوە،

واتـــامرۆف لـــوانگەی کەســـایەتی و خـــودێتی و شوناســـیەوە هەڵناسەگێندرێت. ئەویش پەیوەندی بە هەستکردن بەگوناهەوە هەیە.

ئاینی سەرمایەداری، مرۆف تووشی پەراوێزبوون دەکات، لەڕێگەی تاوان بارکردن و پەدانی قەرزەوە، مرۆف لەژێرسایەی ئەم سیستەمدا، بەدرێژایی ژیانی دەبێت خەریکی عیبادەتکردن بێت بە دانەوەی قەرزەکانی، چەشنی ئاین، تەنها نوخبەیەکی قەشەو پیاوانی ئاینی لە سودمەندن، مرۆف دەبە بەردەوام تەبکەشێت بەدانەوەی قەرز و بەدەست هێنانی بەهەشتی سەرمایەداری، ئەویش لەڕێگەی خەنامبان و پەرستنی پارەوە. لەم سیستەمدا، مرۆف شادی و ئومێد لەدەست دەدات، سەرمایەدار بە دابینکردنی سەرمایەگوزاریەکی پەویستی بەقەرزە، هەموو مرۆقایەتی دەکەوێ ژێر بارێکی گرانی تاوانەوە، جگە لەکەمینەیەک کەئاستەکەری بازاڕ و خاوەنی بنەماکانی بەرهەم هێنانن، مرۆف چەشنی کەیلە، ڕەبەت، کاردەکات، تاسەرمایەی پەغەمبەرانی ئاینەکە، کەکەبەت لەسەرمەزو بازووی چینی کارکەر، تاکە ڕێگا و ئەلتەرناتیفی، مرۆف بە ڕزگاربوون لەم ئاینە ئەبسکرات و سۆپێنەرەی نیولیبەراڵیزم سۆسیالیزمە، خەباتی چینایەتی و تەکەشان بە گەیشتن بەکەمۆنیزم و کەمەڵگای بێ چین.

ن: ئاراس سەعید

سەرچاوەکان

١- ئاشنابوون بەهزری واتەر بنیامین،
و. پەشەو محمد
٢- بەناوی ژیانەوە، ئەریک فرۆم،
و.ئازاد بەرزنجی

تەنیا یەم دەستەمۆ نابێ …

دەترسم بەدار ببمەوە ..
چیتر کەس پەم نڵێ سەاو.
دەترسم دەستەکانی نەو خەونەکانم
لەم هەڵبەن،
دەترسم ئەو شاژنەی لەدوای چەندین شەونخونی،

کەشکی لویسی چواردەم بە داگیر کرد،
ئاوەتەی خەیاڵکانی من نەبووبێت،
دەترسم بەداربمەوە
چیتر کەس حەوسڵەی بنینەوەم نەکات.

نا نا من نامەوێ بەئاگا بمەوە،
دەمەوێ بە هەمیشە لەسەر سەرینەکەمەوە
ئەواران بچمە پیاسەی پیترهۆف و بە پەکی مەی بچمە مەیخانەکانی
ڤێما،
شەوان لەگڵ سزانیەکانی مەکسیک
شەو بەسەربەم و بە ڕۆژیش بچمە خزمەتی هەژارەکانی سەمای و
ئەفریقا،
زەر دەترسم بەداربمەوە و کەسێک نەبە
دەمی پێ بدڕێنم.
دەترسم بەدار بمەوە...
دووبارە ببمەوە هاودەمی وەحشە ترسناکەکەی
تەنیایی...
ئاخر من ناتوانم کەسم خۆش بوێت
من وەکو ئەو نووسەرە مۆنەرمانە نیم
بایگرافیای خۆم بنووسمەوە و خودی خۆم بکەمە کارەکتەرێکی دووفاقی
ناو تێکستەکان،
لەگڵ تەماشاکردنی هەر خانمێکدا
داوای خۆشەویستی لەو ئافرەتە بکەم
کە کڵجوانیدا دەچنەوە سەر پیری و لەدڕوشاوەییدا لەقینەس دەچن

ئەڕە من پیاوەکم تەنهایم لە تەنهایی کەس ناچیت،
تەنهایم بارێکی گرانە بەسەر ڕوحمەوە
ژیانی تەنگ کردووم
بەڵام نامەوێ بە تەسقاڵێک
خۆشەویستی دەروزە بکەم،
نامەوێ وەکوو خوێنەوارە بەرجوازەکان تکا بکەم کەسێک خۆشەویستیم
قبوڵ بکات،
لە خەیاڵکانی منداڵی خۆشەویستی قبوڵ ناکرێت، بەڵکو کارەساتێکە
ڕووئەدات،
خۆشەویستی وەکوو مردن
وایە یەتەپیایەکی ئەزەلی لەگڵ خۆی هەڵگرتووە،
هەندێک جار ژیانی دوو مرۆڤ دەکاتە بەهەشت

زەرجاریش ئاگری دەزەخیان بە دادگیرسێنی، من نامەوێ تەکێنی
یەتەپیا بم،
من تەنهایم لە ئەزلەوە نامەیە بە کۆمەڵگە،
تەنهایی من
بە هیچ کەسێک دەستەمۆ نابێت..

هەندێک جار تەنهایی زەر بە بەزەییەر
شەوان بەدەم هەڵدانەوەی
پەڕەکانی ئەفسانەکانی یەنانەوە
چەڕ لەسەکسی نەوان ئەدیب و دایکی وەردەگری
کاتێک لەپترەسبەرگدا
ڕاسکەلینکۆفی کارەکتەری
ڕۆمانەکەی دەستەقیسکی
بەتەورێک کەلەسەری پیرەژنێک شەق دەکات
زەر بە دەربەستانە دەخەشی بەکوشتنی قالەنچەیەکی سوخەرر کاتێک
کەژەڵەیەکی چکۆڵە
لەباوەشی خەلیفە هارونە ڕەشید دەبینی
بە بەزەیانە دەسپێە لە ئەدەبیت..

کاتێک تەنهاییت…
خەم لەهیچ شتێک ناخەیت
هیچ کەسێکی یەکسان خوازت خەشناوەت
تەنانەت کارە مارکسیشت خەش ناوەت
کە دەیبینی و ناتوانی لەهیچ یەتەپیایەکی سەسیالیستی تەنهایت بەسەر
کەسانی تردا بەش بکات
تەنهایی ئازارێکە هیچ پەنوسێک گوزارشتی لە ناکات
هیچ دەقێکی ئەدەبی
لەگەڵ ژیانی ئاشتی ناکاتەوە.

ئاراس سەعید

لەچاوانی داماحمود دەروێش.. و: ئاراس سەعید

لەچاوانی دا کەمکەمی کەمەڵە ئاگرلەسەرم ئەدات، هەنگە لەقیتارەکەجانتاکەی دەستی بیرچووبێو ناونیشانەکەی من و موبایلەکەی لە وون بوبێ، ئیدی ئارەزووی نامابێ و ووتبێتی بەختی لەگەڵ نەرمە باراندا نیە، هەنگە بەشتەکی کتوپڕەوە سەرقاڵ بووبێ، یان بەگشتەکەوە بە باکور تاکو سەردانی خەربکات.
لای بەیانی تەلەفونی کردوو من لەماڵ نەبووم، چوومە دەرەوە تا دووشوشە شەراب و گوێی گاردینا بکەم، هەنگە لەگەڵ هاوسەرەکەی پشووی تەک چووبێت، لەسەر یادەوەریکانیان و پاشان سوێندی خواردبێ، چیتر پیاوێک نەبینی بەخولقاندی یادەوەری هەڵەشەی لە بکا، یان هەنگە لەدا بەڵای من خەی بەتەکسیەکدا کەشابێ و چەند هەسارەیەکی کاکەشانەکەی کوژابنەوە، ئەستا لەژێر چارەسەری ئارام بەخش و وەنەوزدابێ، هەنگە بەرلەهاتنە دەرەوەی لەخودی خەی، تەماشای ئاوێنەی کردبێ و دەستی لەو دوو هەرمە گەورەیە دابێ، کەشپەڵ بەکراسە ئاوریشمەکەی ئەدەن و بەحەسرەتەوە ووتبێتی؛ " ئاخە کەس هەبێ جگە لەخەم شایەنی میینایەتیم بێ"!؟
یان هەنگە بەهەکەووت بەخەشویستیەکەی پشویدا تەپەیبێ، کە هەشتا لەسی ڕزگار نەبووبێ و لەگەڵیا بەشەوی ئەم ئەوارە هەیشتبێ، لەوانەشە مردبێ، چونکە مەرگیش وەک من لەپەا عاشق دەبێ، مەرگیش وەک من حەزی لەچاوانی نیە.

مەحمود دەروێش
و/ ئاراس سەعید

تەکنەلەجیاو بەبێ بەتکردنی مرۆڤ … ئاراس سەعید

زۆر لەچەمک و ئایدەلەژیەکان بەهای خەیان لەدەستدا، کەشە نەریتیەکانی وەکو؛ زانست و چەپ و کۆمۆنیزم و ئاین و سەرمایەداری،

مانایەکی ئوتۆپیان نەماوە، ئەمە خۆکی بەدوای ئاواستەیەکی تر و فەلسەفەیەکی تردا دەگەڕێ کە بەرەو بایەخ دان بە پێداویستیە ماددی و ڕوحیەکان نەک بەرەو مردن.

لێشاوی هیوای ئاریک فرەوە بۆ بەئامێر کردنی مرۆڤ

کەمتر گایەکمان هەیە، خاوەنی هەموو توانایەکو ملکەچی بەرهەمهێنان و بەرخۆرییە لە بەرزترین پلەی دا و بەختەوەری تەکنەلۆجیاش ئاواستە دەکرێت، مرۆڤ لەم چوارچێوەکەماییتیدا، دەگۆڕێت بۆ دۆلابێک لەناو ئامێرێکی گەورەدا، ئەم مرۆڤە تر دەکرێت و بەناو لەگەڵ ئەمشداهەڕ نەگەتیڤە، لەوی هەڕچونەوە هیچ زیندوێتێکی تێدا نیە بەسەرکەوتنی ئەم کەمەگا نوێیە، تاکگەرایی و ژیانی تایبەتی لەناو دڕچن، بوارە گشتیەکان قاپبگیر دەکرێن و بەرامبەر شتی تر و بچوکی گونجاندی سایکەلۆجی دەزگاکانی تر بەپێنەو پێڕە و جۆرێکی تری ئەزمونی خودی مەیسەر دەکرێت.

لەکەمەگایی تەکنەلۆجیدا، مرۆڤ لەگەڵ ملیۆنان کەسی بەگانە بەئاسانی لەژێر کاریگەری کەسایەتی بەهێز و سەرنج ڕاکێش دایە کەزیرەکانە دەستکەوتکانی تەکنەلۆجیای پێوەندی کردن بەکاردەهێنن، لەپێناو دەستکاری کردنی عەقڵی خەڵک و دەستکاری هەڕچونە دەروونیەکان.

" ئەوەی لەهەموو شت زیاتر تووشی دڕ ڕاوکەمان دەکات، لەدەستدانی چاودێریە بە سیستەمە تایبەتەکان، ئەمە بایاری ئاخرە تەکنەلۆجیەکانمان جێ بەجێ دەکەین، وەکو بونەوەرێکی مرۆیی هیچ ئامانجێکی ترمان نەماوەجگە لەبەرهەم هێنانی زیاتر، توانای خواستەکانمان بەشتەکان لاوازترە، لەتوانای ئاتکرنەوەمان بۆ، ئەمە لەبەردەم هەڕەشەیەکی چەکی کەکوژیداین، یان ئەو ئیفلیجی و گێجیەمان، کە بەهۆی دوریمان لەبایار بەرپرسیارەکانەوە نەگەتیڤی کردوین".

مرۆڤ لەلوتکەی سروشتەوە دەبێتە دیلی داهێنانەکانی خۆی و خۆشی تووشی وێران بون دەکاتەوە

ئاریک فرۆم دەڵێت؛ " مرۆڤ لەگەڵانی بەدوای حەقیقەتی زانستیدا، ئەوەندە مەعریفەی بەرهەم هێناوە، کەبتوانێت بە زاڵبون بەسەر سروشت بەکاری بهێنێ، لەم ڕووەوە گەڵێک سەرکەوتنی مەزنی بەدەست هێناوە، بەناو بەپێداگریری لەسەر تەکنەلۆجیاو بەرخۆری ماددی،

هەمووشتێکی لێدەست دا، نێک بەواو ئاینی وبەهامرێیکان، بەکو توانای هەستکردن و هەچونێقوونکانیشی لێدەست دا، [دەشادی و خەمناکی]، ئەوئامرای کەمرەف خەی دروستی کردووە، پەگرامی تایبەتی وای بێ بەرهەم هەناوە کێ ئەو ئەستا هەشنبیری مرەف دیاری دەکات".

دیاترین ئەو مەترسیانەی لەم سیستەمدا هەیە ئابوری گرێ دراوە بەبەرهەم هەنانی چەکەوە، بێ هەچاوکردنی ئەو بەی بەبەرگری پەویستە، ئابوری ئەمە لەسەر بناغەی ئەومادانێ دەوات بەوە کێ هەشەی کاولکردنی جیهان دەکات، توشی تێگانیەکی ترسانک بوین، چونکەسەرمایداری نایەوە داهێنان وسیستەمێ تێکنەلەژیەکان بێ مەبەستی خزمەتی مرەف بکاربێنی، بەپێچەوانەوە سەرمایداری لەگەی تێکنەلەجیاوە نەخشیەک بەرهەم دەهێنی تا ئابوریەکی تێندروستی هەبێ.

-_____

سەرچاوەکان؛
ئەریک فرەم شەشی هیوا
جەرج ئەریەل هەمان 1984

تووشی کەئابەی کردم … ئاراس سەعید

ئەمە چوومە چایخانەیەک دیمەنی گەنجێک سەرەنجی ڕاکێشام، یەک بێ یەک چاوی سەرەنجی ئەو کەسانەی دەدا، کە تازە دەهاتنە ژوورەوە، لەپێ هاتە تێنیشتمەوە و
ووتی: "کاک ئاراس، نامناسی، من و تێ جاران هاوەل بوین، نازانم ئێستاش هەر هاوەڵین"
تەماشایەکی قەدو باڵایم کرد، زنجیری پانتەڵەکەشی کراوەبوو، خودا سێ قەد پانتەڵەکەی هەکردبوو، کەچی لەژێر پەڵاوەکانی دەخشا، لێ ئەنجامی تۆندکردنەکی زێر پشتوێنی، پانتەڵەکەی، نغرێ نغرێ بوو بوو، بیرەوەریم بەشەویەکی قوڕ، لێ چاڵی یادەوەریەکان بەدوای

فەرمی ئەو گەنجەدا دەگەڕا، لەپڕ لەنائاگایییەوە، هاتە بەر دیدم، لەگەڵ ئەم گەنجە حەوت ساڵ پێش ئێستا، لەخوێندنگا لەسەر یەک کورسی دانیشتین، ئەو یەکێک بوو لەقوتابیە ئاست بەرز و ئاکار بەرزەکان لەپڕ پیرەمێردێ کەشایە سەر شانما و ووتی "لالە تازە کوتتە بازاڕەوە" .

★

هەژی چوارشەمەی کانونی یەکەمی 2013 شەپۆلێکی بەفرو سەرما هووی لە ناوچەکەمان کردبوو، قوتابیەکان پێشاکەکانیان یەکپێشبوو، هەژی دووشەمە پێ ووتم" لەگەڵ ناهیدە ژوانەکم داناوە، بەنیازم جلی هەش بپێشم، بەڵام هەدەنم دەتاشم و کەمێک پرچم کورت دەکەمەوە، تە دەتوانی دەسک پێشاکی هەشم بەبەهەنی، من و تە، لەیەک ساڵدا لەدایک بووین، بەڵام تە کەمێک لەمن لاواز تری، ئەوێش نابێتە کێشە، چونکە پێشاکی هەش تا تەنگ بێت جوان لەبەر دەنیشێت، ئەم هەژانە هەموشتێک تەنگە، تەنانەت خێشیکانیش بەدەم تەنگە"
من دەمزانی پێشاکەکانی من بە ئەونابن، بۆیە لەلای ناسیاوەکمان بۆئامانەت بەم هەنا پێشاکەکانم دایە دەستی و پێکەوە بەرەو دوکانی هەمەکە هەیشتین، کاتی سەرتاشینی خستە هەژی ئاینداوە، بە ئاگا لەوەی هەژی ئایندە سە شەمێ و دوکانی دەلاک نیە.

سپەدەیەکی ساردبوو، پێشاکی قوتابخانەم پێشی دایکم کلی بەهینام تا سپێتی بەفر هەشی چاوەکانم لەگەڵ خەی نەبات، ئەو هەژە کەمێک زوتر لەماڵ چووەدەرەوە، لە کەژانە تەنگەبەرەکانی شارەوە هەیشتم بەنیازی ئەوەی شانم لە شانی کچێک نزیک بکاتەوە، گەیشتمە شەقامی بیستویەک ناهیدە لە هەموو هەژەکانی تر جوانتر خەی گەڵی بوو، بەنی عەترەکەی لەخەیدابوو، شۆنی وەستانی پاسەکەی پێکردبوو، پاسەکە گەیشت و لەدواین فارگەنی پاسەکە دانیشتم، بیرم لە عبدول سەمیع دەکردەوە، کە پارەی کرێ پاسی پێ نیە و بەپێشاکەکانی منەوە، کە لە کوێی خاڵم بۆ ئامانەت بەم وەرگرتبوو، لەدواین شۆنی دابەزین جەژوانی لەگەڵ ناهیدە هەیە، دەمگوت" هەنگە لەچاوەوانی دا بچێتە دەخی نائاگییەوە هەرگیز نەگەڕێتەوە، هەنگیشە هەندە سیگار بکێشی ستوی سیگارەکەی پێشاکەکان بسوتێنی"
شەقامی سی و نەیە، دواین شوینی هاوستانە، شەفەری پاسەکە وای ووت.

★

لەوبەری شەقامەکەوە بۆ ئاپەڕا خەڵکی هیزی بەستبوو، لەو نەعرەتەو ژاوەژاوەدا تەنها من و ناهیدە پێشاکەکانمان نامە بوو، ئەوەی سەرنجی هاکەشام خەڵکی شار تەکەڕا هەشیان پێشی بوو، بۆ ناهیدەی

بەدبەخت زەر ئەستەم بوو عبدول سەمیع لەناو ئەو هەموو خەڵکە
هەڵپەڕدا بدزێتەوە، سەرنجم چەپە سەر عبدول سمیع سەرو سیمای
تێکەڵا شیواو بوو، هەڵنی درێژبوو بەشەویەک تازە بار دیار بوو،
دەتگووت چلەی ماتەمینی تاقە براکەیەتی، بەڵام پەشاکی هەشی زەر لە
دەهات و ئەو بیری چووبوو، هەڕی پەشوو دەڵاک خانە نیە، بەناچاری
بەو شەوەیە هاتبووە چڕوانی یارێکەی ناهیدە و عبدول سەمیع
بەرامبەری یەکتری هاوستابوون ناهیدە، هەروەکو ئەوەی بەرەو مانگی
هەنگوێنی بەوات فرمێسکی خەشی چاوەکانی پەکردبوو، عەبدول سەمیع
بزەیەکی غەمگینی کرد، لەسیمایەوە بەدی دەکرا خەمێکی قوڵ باڵی
بەسەردا کێشاوە، هەردووکیان بەرەو ڕوی یەکتری هەیشتن، لەپڕ
ئەتەمبەڵی پالیس و ئامبولانسی تەرم لەشقامەکەوە پەیدابوو، تێکەڵای
خەڵکی کوتنە هەهەڕە لیدان و شیوەنکردن، عبدول سەمیع لەشوێنی
خۆی شەک بوو، کاتێک ناوی دوانی دوای خۆی بە ئامبولانسەکەوە بینی،
(عبدول باری غریب صدیق) دەرگای ئامبوڵانسەکە کرایەوەو عبدول
سەمیع سەرکەوت، لەبەردەم پیرژنێک فەتیەکی هەشی
بەناوچەوانەوەبەستبوو، شیوەنی دەکرد، لە پیرەمێردیکم پرسی
خاوەگیان، ئەوچی بووە چی لەم ناوە دەگوزەرێت، ووتی" ئەوە تەرمی
شەهیدەکە، دوێنی لەشەی بەرگری کردن لەنیشتمان، گیانی سپارد" من
و ناهیدە دوای ئامبوڵانسەکەوتین، ئەو بەدوای مەعشوقەکەیدا و منیش
بەدوای پەشاکەکانەوەبووم.
*
من عەبدول سەمیعم نەبینیەوە، ناهیدەش دایکی هەدوی بازرگانێکی
عەرەب کەوت، ئەو لەمژبوو باوکی لە تەل دزین بەدەستی سەربازکانی
بەعس کوژرابوو، لەچانسی ئەوان تەنها باوکی ئەو نەکرابوو بەشەهیدی
سەنگەر، چونکە دایکی خۆی نەدابووە دەستەوە بە پیاوە سمەڵە
بابەکانی خۆ، خەشی دوای ساڵێک عاشقی کوڵەکی بەرجوازی بوو، لەم
هەژانە بینم لەترافیک بنیشتی بە شەقڵان دەفرەشت، شروانێکی
کوانێی لەبەربوو، وەکو ئەوەی ژن بوون گەورەترین برین بەت،
بەوشروانە دای پەشیبوو، ئیتر لەهەوای ئەویش بە خەبەر بووم.
پیرەکەووتی" لالە گیان چایەکەت ساردەوەبوو"
ووتم: " ئەوەی عبدول سەمیعیش"
عبدول سەمیع: " کاک ئاراس، ئەستاش هەرقوتابیت"
ووتم: " من لەئەزەلەوە قوتابی بووم، لەقوتابخانەی هەژگار
دەخوێنم، هەژەسەختەکانی وانەکانمە"
ووتی: " کاک ئاراس، لەو هەژەش سەختر هەیە یەکتریمان وون کرد"
ووتم: "سەخت تر ئەمەیە، تەم بەم دەخەوە دەزیەوە"
ووتی: "کاک ئاراس، خەشویستت هەیە"

ووتم: "نا، خۆشەویستی بۆ هەژاران، شتێکی نامۆ و قەدەغەکراوە، تۆچی"
ووتی:" جاران هەمبوو، بەڵام ئێستا نیمە"
بەم باسکێچان بوو
کچێکم خۆشەویست ناوی ناهیدەبوو، دوای ئەوەی براکەم شەهیدبوو، موبایلەکەیان لێ دزیم، پارەم نەبوو موبایل بکەمەوە، هەژکیان بەموبایلی زاواکەمان تێلم بۆی کرد، ووتی" تۆ بێ وەفابووی، منت جەهیشت، من ئێستا خەزان دارم و خەزانەکەم بەنیازیشە ژنم بەسەردا بهێنی".
ئێستا چی، ئێستاش خەشت دەوە
ناهیدە ئێستا منی خۆش ناوێ، ئەو بەوە ژنەو، خەمی جیهانی لەکەناوە، خوێندنی تەواوکردوو وەکو من دانەمەزراوە، خەریکی دەروەزەکردنە بە ئەوەی براکانی لەبرسانەمرن، منیش هەموو هەژ بەدزیەوە دەچم خەشم دەوە.
کاک ئاراس" جیاوازی نیوان خۆشەویستی ناهیدە و دایک باوک چیە؟"
ووتم: پەیوەندیەکان جۆریان زۆرە، بەڵام دایک و باوک تایبەت تر
ووتی: " ئەی بۆ خۆشەویستی دایک و باوکم دەخەشم ناکات؟"
چ پرسیارێکی ئاهەز، توشی کێشەیەکی کردم، کەوتمە دەخی نائاگایی و بیرم کردەوە کاتێک بۆئاگا هاتم لێ تێنیشتم نەمابوو، وەکو تارمایی دوای ئەو هەموو ساڵە، دەرکەوتو لێپە ووبوو هەر وەکو ئەو هەژەی بە دواین جار بۆ هەشتم، منیش لەدوای گەانێکی زۆر لەزیهنمدا ونمکرد، هەرگیز بەخەیاڵم نەهاتبوو هەژێک ببێتە کارەکتەری نوسینەکم، یان بەو شێوەیە عبدول سەمیع ببینمەوە
پیرەمێردەکە ووتی: " نەم ووت، کەوتەتە بازاڕەوە، خەم مەخە لالە هەڵەومەرجەکە هەروا ئاهەز، فرێدیش زیندوبێتەوە بۆی شیکاری ناکرێت، لەم نیشتمانە غەمگینەدا، بەهەڵهاتن یان دەبە نائاگابیت، یان دەبە وەکو عەبدول سەمیع بیت".

ئاراس سەعید

ژوور … ئاراس مام سەعید

لەژێر بونیادی ناخود ئاگای ژیاندا خشپەی پەی بوونەوەرە نادیارەکانی گومان دە، گومانێک تاکستەکانی تخوبی ڕوح و چرکە شتینەکانی زەین، تەکەای خەلقەندەو شتگەلەکان جێگەی گومانن.

هەست بەشەکەتی و بەهودەی ژیان و وجود دەکەم، هەستێک لەشەوەی ئەو هەستەی (شەپنهاوەر) سەبارەت بەبون و گەمە بەهودەیەکانی ژیانو گەردون درکی پێ کردوە، دورە پەرەزی و گەشگیری لەم ژیانە باشترین ڕێگە چارەیە، بە دورە پەرەزی لەم کەمەگا خود پەرستە، پەویستم بەژوورەکە، بەڵێ ژوور.

ژوور لای من ناونیشانێکە لەژیان و زەماندا، خودی من لەوانی تر جیادەکاتەوە، ژورێک لەکەمەگایەکی خود پەرست و نادادپەروەریدا، کەچیدی بونی مرۆڤ مانایەکی نامۆنی و تەکست بەشاراوەیی و بەدەنگی پرسیارگەلێک دەوروژێنی، بەیە پەوستە مرۆڤ دەرگای ژورەکەشی بەقوفڵێک کلیل بدات.

ژوور مەفتونی خود و مەنزگەی ئارامی و ئاسودەگی گیان و زەین و ڕوحیشە، ژورە مەشکی مرۆڤ لەژاوە ژاو نەعرەتی ترسناک دەپارێزە، بەڵێ پەویستم بەژورەکە، ژورەکی کش و مات و هەمن، ژورەکی بچوک و ڕۆفەیەکی لەکەرپوچ دروستکراوی تێدا بێت، کتێبی پیرەز و ڕەمانی تاوان و سزا کەمارەکەی ئەفاتونی لەسەر دانەم، پەویستم بەژورەکی ئارامە، وەکو ژورە بنمیچ نەوەکەی"ڕاسکەلینکۆف".

کۆتا نامە … ئاراس سەعید

ئەمشەو، بەدیار تارمایی خونکەوە لەگەڵ تەنیایدا دانیشتوم، دەمەوێت بەچەند پەیڤێک نامەیەکت بەبنووسم.

سەاو، ئەی ئەو کچەی لەو ساتەوەی بەسەر منداد دابەش بوویتە، ئیدی نەورەسانە بەسەر نهێنیە پەنهانەکانی دەریادا دەفەم، وەک ئەستێرە بەورشە شەوشادت لێئەکەم.

بمبوورێ، لەم هەموو پاوان کردنی یادەوەریە ئازخەوانیانە، لەم هەموو نیگا شەرمنانە، کە لە ئەوارانێک بەجێمان هێشت.

تەپڵەی تەماشاکردنی ئەو وێنانەی لەژێر باران گرتمان تەپڵەی، گوناهت کرد، گوناە، منت وونکرد.

منێک بەدەستکی پارچەپارچەموە، کەلەدابەشبوونی نیشتیمان دەچێت، چاوەڕوانی با دەکەم تا بۆنی تەم بەبەهەنە، گوێ لەگریانی هەور دەگرم بەکو ناوی تۆ بهێنێت.

دنیام ئەمشەویش تەدەپەڕێت سەعات و هەژ و خەمێی نوێ دێت و من لەوانەی ماتماتیکی تەنیایدا هەرگیز دەرناچم، ئەوەی لەمندا دەمێنێتەوە تەنها تۆی.

ئیدی تۆاو ئەی دەرەق شەرم بکەی، لەو هەژەوەی دەم، وەک دەنکە گڵاس کردە دەستەوە، تەڕیت وونکە، وەک چۆن پەکەنین لەفەرهەنگی منداا وون بووە، تەماشام کە، وەک ئەو ئاوێنەیەی کە بەرانبەری هادەوستی و دواتر بمشکێنە، وەک چۆن دەمت شکاند.

هەمگرێ، وەک تریفە بەلەوکانی مانگەوە، بمپارێزە لەم جەنگی دابڕانە، کە سەرەنجامی دەمباتەوە ئەو دیوی تەنهایی، چ شتکە کەمن چاوەڕوانی سبەینێک دەکەم کە نایات، تە چاوەڕوانی منەک ناکەی کە دەم.

من لەپەژموردە بونی لاسکی گوڵکانەوە فەری بەرائەتی میهرەبانی بووم، تە لەهەژە کریستاڵیکانی منەوە فەری توڵەبون بویت.

سەفەرکی ناتەبا من و تە تۆاو جیاوازین، وەک هاکردنی شەو لەترسی هەژ، هەرگیز یەک ناگرینەوە،
بۆئەندازەی سپی بوونی بەفر و هەشی هەژوو جیاوازین، ناشرینی هەنگی دوکەڵی جگەرە و تەنیای خەونکانی تە بە من، جوانی گوڵ و بەهار و پەپولەو خشیکانی منیش بۆتە.

ئاراس سەعید